# میٚجەر نۆئێل

# سەرنجدانێکی بارودۆخی کورد


ئامادەکردنی

**عبدالرقیب یوسف**

لە عەرەبییەوە وەرگێڕانی

**سدیق ساڵح**



چاپخانە و ئۆفسێتی سەرکەوتن

سلێمانی ــ ٢٠٠١


# *Major E. W. C. Noel*

# *Note on the Kurdish Situation*


*Prepairing*

*Abdul Raqib Yousif*

*Translating*

*Sidiq Salih*



*Sulaimany 2001*

**Sarkawtn Offset Printing Press**

---

کۆمپانیای پلاستیکی میدیا / خاوەنی : عوسمان عەبدولکەریم

خەرجیی لەچاپدانی کێشاوە

( بە ٧ دینارە )

دانەی تایبەت بە عبدالرقیب
نادرێ بە کەس

## مێجەر نوئێل

# سەرنجدانێکی بارودۆخی کورد

هەواڵنامەی کتێب

ئامادەکردنی
عبدالرقیب یوسف

لە عەرەبییەوە وەرگێڕانی
سدیق سالّح

سلێمانی / ٢٠٠١

# پێڕست


ڕوونکردنەوە ل ٥

پێشەکی ٧

دەستنووسەکە ٩

ژیانی سیاسیی نۆئێل ١٥

نۆئێل بەیاننامەیەك لە ناوچە کوردنشینەکان دەبەشێتەوە ٢٤

سەرنجدانێکی بارودۆخی کورد

١- مێژوو ٣٧

٢- زمان ٣٨

٣- خەسڵەتە نەتەوەییە هەڵاواردەکان ٤٣

٤- پێوەندیی کورد بە ئەرمەنەوە ٤٤

٥- حەمیدی (سوارەی حەمیدی) ٥٠

٦-هەڵەی گشتیی تێگەیشتن لە کورد ٥١

٧- جیاوازیی نێوان تورك و کورد ٥٣

٨- سیاسەتی تورك دەرهەق بە کورد ٥٥

٩- خواستەکانی کورد ٥٦

١٠- سنووری بەپێی زنجیرەی نەتەوەیی دیاریکراوی ناوچەی کوردنشین ٥٧

١١- هۆیەکانی کەمە یارمەتیدانێکی گەلی کورد بۆ دانان بە ئاواتەکانیدا ٥٩

١٢- مەبەستەکانی ڕووسیا ٦١


هەواڵنامەی کتێب

# ڕوونـــکـــردنەوە

چـەند سـالێکه ئاگـادارم مامۆسـتا عـەبدولڕەقیب یووسـف ئـەم ڕاپۆرتـە بـە عـەرەبیکراوەی مێجـەر نۆئێلـی بـە ناونیشـانی (ملاحظـة في الوضعيـة الكرديـة) وە لەلایەو، خۆی سالی ١٩٧٥ ئامادەی کردووەو پێشەکییەکی چەند لاپـەڕەیی بۆ نووسیوەو چەند پەراوێزێکیشی لێـداوە. پێکهاتین بیکەمە کوردی تـا چاپو بلاوببێتـەوە. بـەلام لەبەر ئەوەی پاش خوێندنەوەی بۆم دەرکەوت عەرەبییەکەی زۆر ناقوڵاو بێ داروبارەو، لێرەو لەوێیش ڕستەو وشەی ناڕۆشنی تێدایە، دەستم بۆ نـەبرد، نـەبادا ئـەم ڕاپۆرتـە گرانبەهایە تووشی هەڵەو شێواندن ببێو نـەتوانم مەبەسـتی تـەواوی ڕاپۆرتنـووس بخەمە ڕوو.

بایەخی زۆری ڕاپۆرتەکە هانیدام بە نامە پێوەندی بە مامۆستایانی بەڕێز محەمەد ڕەسوول هاوارو ئەنوەری سولتانییەوە بکەم کە دانیشتووی (لەندەن)ن، ئەگەرچی پێشتر ئاشـنایەتیم لەگـەڵیاندا نـەبو، تـا هاوکـاریم بکـەنو فۆتۆکۆپیـی دەقـی ئینگلـیزیی ڕاپۆرتەکـەم دەست بخـەنو، منیش هـەرچۆنێك بێ هـەوڵی بـەراوردکردنیان بـدەمو، سەرەنجام دەقێکی پوختەی کوردییان لێ ئامـادە بکـەم. بـەلام بـەداخەوە بەدەنگـمەوە نـەهاتن. بۆیـە دواجـار ئـەو دەقـە عەرەبیـەم وەرگـێڕاو، ئـەو چـەند کـەمو کـوڕیو ناڕۆشنیەیشیم بە یاریدەی مامۆستا عـەبدولرەقیب ساخ کـردەوە. جگە لـەوە، بۆ پتر ڕوونو وردو ڕاستکردنەوەی هێندێك خاڵو شوێنی، چـەند پـەراوێزێکی پێویستم بۆ پێشـەکیەکەی مامۆسـتاو ڕاپۆرتەکـەیش کـردووەو، بـۆ جیاکردنـەوە لـە کۆتـاییی هەریەکەیاندا نیشانەی (س)م داناوە. مامۆستا خۆیشی لە دوو سێ جێی زۆر پێویستدا زانیاریی نوێی خستووەتە سەر پەراوێزەکانی خۆی.

# پێشـــەكـــی

سەرەتاكانی دەست بە نووسین كردنمو ساڵی ١٩٦١، كاتێك بەردەوام سەرقاڵی پێداچوونەوەی سەرچاوە مێژووییەكانی نێو كتێبخانەی مۆزەخانەی مووسڵ بووم، یەكێك كە پێی خۆش نییە ناوی بهێنم، ئاگاداری كردمەوە كە مامۆستا (ئەحمەد نیلە)ی ئەمینداری كتێبخانەی گشتیی مووسڵ دەستنووسێكی گرانبەهاو دەگمەنی (مێجەر نۆئێل)ی ئەفسەری ئینگلیزیی لەلایە لەسەر كێشەی كورد. بەڵام لەبەر ئەوەی ناوبراو دەستنووسەكەی بەلاوە خۆشەویست بوو و لەلای خۆی پاراستبووی، بەهۆی ئەو یەكەوە نەبوایە نەمدەتوانی بیبینمو سوودی لێ وەربگرم. ئەوەبوو بۆم تێكەوتو بۆ ماوەی تاقە ڕۆژێك دایمیێ و، گوتی ئەوەم لە نێو كۆمەڵێك كتێبی كۆندا دۆزیوەتەوە كە ئەم دواییە لە ئەستەمبووڵ بۆ كتێبخانەی گشتیم كڕیون. دەستنووسەكەم بردو هەمان ڕۆژ (٧ی ئەیلوولی ١٩٦١) ڕوونووسم كردەوەو، یەكەمین كەس بووم دانەیەكیم لێ دەست بكەوێ.

چەند ساڵێك لەوە بەدوا ڕێدرا كتێبخانەی مۆزەخانەیش بە تایپ دانە لەو دەستنووسە بۆخۆی بگرێتەوەو، ئەو یەكەیش دانەیەكی لێ دەستگیر بوو. پاشتر ((كۆڕی زانیاری كورد)) لە بەغدا دانەیەكی لەبەر ئەوەی مۆزەخانەدا

دانەی تایبەت بە عبدالرقیب
نادرێ بە کەس

مێجەر نوئێل

# سەرنجدانێکی بارودۆخی کورد

هەواڵنامەی کتێب

ئامادەکردنی
عبدالرقیب یوسف

لە عەرەبییەوە وەرگێڕانی
سدیق ساڵح

سلێمانی / ٢٠٠١

کۆمپانیای پلاستیکی میدیا / خاوەنی : عوسمان عەبدولکەریم
خەرجیی لەچاپدانی کێشاوە

ناوی کتێب : سەرنجدانێکی بارودۆخی کورد
ناوی دانەر : مێجەر نۆئێل
ئامادەکردنی : عبدالرقیب یوسف
لەعەرەبییەوە وەرگێڕانی : سدیق ساڵح
کۆمپیوتەر: ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك
چاپ : چاپخانەو ئۆفسێتی سەرکەوتن
تیراژ : ١٠٠٠ دانە

وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی ( ٢٦٠)ی ساڵی ٢٠٠١ ی داوەتێ

هەواڵنامەی کتێب

# پێڕست

ڕوونکردنەوە ل ٥
پێشەکی ٧
دەستنووسەکە ٩
ژیانی سیاسیی نۆئێل ١٥
نۆئێل بەیاننامەیەك لە ناوچە کوردنشینەکان دەبەشێتەوە ٢٤

سەرنجدانێکی بارودۆخی کورد
١- مێژوو ٣٧
٢- زمان ٣٨
٣- خەسڵەتە نەتەوەییە هەڵاواردەکان ٤٣
٤- پێوەندیی کورد بە ئەرمەنەوە ٤٤
٥- حەمیدی (سوارەی حەمیدی) ٥٠
٦-هەڵەی گشتیی تێگەیشتن لە کورد ٥١
٧- جیاوازیی نێوان تورك و کورد ٥٣
٨- سیاسەتی تورك دەرهەق بە کورد ٥٥
٩- خواستەکانی کورد ٥٦
١٠- سنووری بەپێی زنجیرەی نەتەوەیی دیاریکراوی ناوچەی کوردنشین ٥٧
١١- هۆیەکانی کەمە یارمەتیدانێکی گەلی کورد بۆ دانان بە ئاواتەکانیدا ٥٩
١٢- مەبەستەکانی ڕووسیا ٦١

هەواڵنامەی کتێب

١٣- ڕاپۆرتە ساختەکان و چەواشەکاریی ئەرمەن بۆ پشتگیریی داواکانیان ٦٢
١٤- سەرژمێریی هەردوو نەتەوەی کوردو ئەرمەن لەو ناوچە کوردنشینانەدا
که ئەرمەن لافی ئەوە لێدەدات پارچەیەکی ئەرمینیای گەورەن ٦٦
١٥- مەترسیی هاوکاریکردنی سیاسەتێك کە لە قازانجی کۆمسیۆنی
ئەمریکایی نێو کوردستاندایە ٧٠
١٦- کوردستانی عەجەم ٧٣
١٧- ئاشتیی پێشنیارکراو بۆ یەکخستنی خواستەکانی کوردو ئەرمەن ٧٦
١٨- سەرچاوەکان ٧٩

هەواڵنامەی کتێب

# ڕوونکردنەوە

چەند ساڵێکە ئاگادارم مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسف ئەم ڕاپۆرتە بە عەرەبیکراوەی مێجەر نۆئێلی بە ناونیشانی (ملاحظة في الوضعية الكردية) وە لەلایەو، خۆی ساڵی ١٩٧٥ ئامادەی کردووەو پێشەکییەکی چەند لاپەڕەیی بۆ نووسیوەو چەند پەراوێزێکیشی لێداوە. پێکهاتین بیکەمە کوردی تا چاپو بڵاوببێتەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی پاش خوێندنەوەی بۆم دەرکەوت عەرەبییەکەی زۆر ناقۆڵاو بێ داروبارەو، لێرەو لەوێیش ڕستەو وشەی نارۆشنی تێدایە، دەستم بۆ نەبرد، نەبادا ئەم ڕاپۆرتە گرانبەهایە تووشی هەڵەو شێواندن بێو نەتوانم مەبەستی تەواوی ڕاپۆرتنووس بخەمە ڕوو.

بایەخی زۆری ڕاپۆرتەکە هانیدام بە نامە پێوەندی بە مامۆستایانی بەڕێز محەمەد ڕەسووڵ هاوارو ئەنوەری سوڵتانییەوە بکەم کە دانیشتووی (لەندەن)ن، ئەگەرچی پێشتر ئاشنایەتیم لەگەڵیاندا نەبو، تا هاوکاریم بکەنو فۆتۆکۆپیی دەقی ئینگلیزیی ڕاپۆرتەکەم دەست بخەنو، منیش هەرچۆنێك بێ هەوڵی بەراوردکردنیان بدەمو، سەرەنجام دەقێکی پوختەی کوردییان لێ ئامادە بکەم. بەڵام بەداخەوە بەدەنگمەوە نەهاتن. بۆیە دواجار ئەو دەقە عەرەبییەم وەرگێڕاو، ئەو چەند کەمو کوڕیو نارۆشنیەیشیم بە یاریدەی مامۆستا عەبدولڕەقیب ساخ کردەوە. جگە لەوە، بۆ پتر ڕوونو وردو ڕاستکردنەوەی هێندێك خاڵو شوێنی، چەند پەراوێزێکی پێویستم بۆ پێشەکیەکەی مامۆستاو ڕاپۆرتەکەیش کردووەو، بۆ جیاکردنەوە لە کۆتاییی هەریەکەیاندا نیشانەی (س)م داناوە. مامۆستا خۆیشی لە دوو سێ جێی زۆر پێویستدا زانیاریی نوێی خستووەتە سەر پەراوێزەکانی خۆی.

ئەم ڕاپۆرتە کە ناونیشانی دەقی ئینگلیزیی (Note on the Kurdish Situation)ەو، لە بەڵگەنامەکانی ئینگلیزدا ژمارەی (F.O.371/4192)ی دراوەتێ ، گەلێك زانیاییی وردو گرنگی تێدایەو، وەك ((یادداشت))ـە چاپکراوەکەی نوئێل بایەخێکی مێژوویی هەیە. وێڕای ئەوە، دڵنیا نیم ئاخۆ وەرگێڕی عەرەبی تا چ ڕادەیەك بە ئەمانەتەوە دەقە ئینگلیزییەکەی وەرگێڕاوە؟ بەڵام تا ئەوڕۆژەی کە وەرگێڕانێکی کوردی تێدا لە ڕووی دەقە ئینگلیزیەکەیەوە دەکەوێتە بەرچاوی خوێندەواران، بە سوودی دەبینم ئەم وەرگێڕانە کوردییەی بخەمە نێو کتێبخانەی مێژووی کورد.

سدیق سالح

٢ی ئابی ١٩٩٩

هەواڵنامەی کتێب

# پێشـەکـــی

سەرەتاکانی دەست بە نووسین کردنمو ساڵی ١٩٦١، کاتێك بەردەوام سەرقاڵی پێداچوونەوەی سەرچاوە مێژووییەکانی نێو کتێبخانەی مۆزەخانەی مووسڵ بووم، یەکێك کە پێی خۆش نییە ناوی بهێنم، ئاگاداری کردمەوە کە مامۆستا (ئەحمەد نیلە)ی ئەمینداری کتێبخانەی گشتیی مووسڵ دەستنووسێکی گرانبەهاو دەگمەنی (مێجەر نۆئێل)ی ئەفسەری ئینگلیزیی لەلایە لەسەر کێشەی کورد. بەڵام لەبەر ئەوەی ناوبراو دەستنووسەکەی بەلاوە خۆشەویست بوو و لەلای خۆی پاراستبووی، بەهۆی ئەو یەکەوە نەبوایە نەمدەتوانی ببینم و سوودی لێ وەربگرم. ئەوەبوو بۆم تێکەوت و بۆ ماوەی تاقە ڕۆژێك دایمێ و، گوتی ئەوەم لە نێو کۆمەڵێك کتێبی کۆندا دۆزیوەتەوە کە ئەم دواییە لە ئەستەمبوولٚ بۆ کتێبخانەی گشتیم کڕیون. دەستنووسەکەم بردو هەمان ڕۆژ (٧ی ئەیلوولی ١٩٦١) ڕوونووسم کردەوەو، یەکەمین کەس بووم دانەیەکیم لێ دەست بکەوێ.

چەند ساڵێك لەوە بەدوا ڕێدرا کتێبخانەی مۆزەخانەیش بە تایپ دانە لەو دەستنووسە بۆخۆی بگرێتەوەو، ئەو یەکەیش دانەیەکی لێ دەستگیر بوو. پاشتر ((کۆڕی زانیاری کورد)) لە بەغدا دانەیەکی لەبەر ئەوەی مۆزەخانەدا

بە تایپ لێ گرتەوە[1]. پارێزگاری مووسڵ لە ١٩٧٧دا، وەك بە دڵنیاییەوە زانیم، ئەو دەستنووسەی لە کتێبخانەی گشتی دەرهێناوەو، لەو دەمەوە هیچ سۆراخێکی نییە؛ دیارە لەبەر ئەوەی کە سەبارەت بە مەسەلەی کورد بووە.

هەواڵنامەی کتێب

---

[1] هەمان دانەیە کە دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبووبەکر لە زنجیرە گوتاری عەرەبیی بە ناونیشان (كردستان في عهد السلام) ی بڵاوکراوەی خۆیدا لە گۆڤاری (الثقافة)ی بەغدادا بەکاری هێناوەو بەشێکی لێ بڵاوکردووەتەوە (بڕوانە: القسم السادس، العدد٥، مايس ١٩٨٠).

شایانی گوتنە، تاقە ئاماژەیەك کە پێشتر لای خۆمان بۆ ئەم سەرچاوە (ڕاپۆرت)ـە کرابێ، ئەم زانیارییە کەمەی خوارەوەیە کە لە کتێبە دەستخەتەکەی ڕەحمەتی (ئەحمەد فەخری ئەمین)ـەوە وەرگێڕاوەو گۆڤاری (ڕۆژی نوێ، ژ٥، سلێمانی، ئابی ١٩٦١) بڵاوی کردووەتەوە:

((کورد لای بێگانە/ کورد (لە ساڵی ١٩١٩دا)

ڕاپۆرتەکەی ١٨ ی تەمووزی ١٩١٩ی مێجەر نۆئێل کە لە ئەستەمبووڵ لەسەر کوردی نووسیوە بۆ لەندەن، باسی گەلێك ڕووی مەسەلەی کوردی بەپێی باوەڕو فەرمانبەریی خۆی کردووە. کورتەیەکی پێشکەش ئەکەین: کوردو زەینەفۆن، کوردو عوسمانی، بابانەکانو محەمەد پاشای ڕەواندزیو بەدرخانو شێخ عوبەیدوڵڵاو ڕاپەڕینی ١٩١٤ی بدلیس)).

هێندەی سۆراخم کردووە بۆم دەرنەکەوتووە ئەم کتێبە چییەو چیی لێ بەسەر هاتووە. (س)

## دەستنووسەکە:

دەستنووسەکە بە زمانی عەرەبیو بە ناوی (ملاحظة في الوضعية الكردية)وە بوو، واتە سەرنجدانێك لە بارودۆخی کورد، بە دەستخەتێکی خۆش لە دەفتەرێکی تا ڕادەیەك بچووکدا نووسرابووەوەو ، مەرەکەبێك لە نووسینیدا بەکارهاتبوو زۆر ڕەش نەبوو و؛ ئەگەرچی بەدیمەن وادیار بوو کۆنە، نەشێوێندرابوو و نەدڕابوو. ناوی دانەر و مێژووی دانانی (ڕۆژی ١٨ی تەمووزی ١٩١٩) لە ئەستەمبووڵ بەم شێوەیەی خوارەوە لە کۆتاییەکەیدا نووسرابوون:

MAJOR E . NOEL

استانبول ١٨ جولای ١٩١٩

بێگومان نۆئێل لەو مێژوەدا لەنووسینی بووەتەوە، چونکە ئەو سەروبەندە دوابەدوای دوایی پێهێنانی یەکەمین گەشتی بە کوردستانی باکووردا لە ئەستەمبووڵ بووە، وەك مس بێڵ لە (فصول من تأريخ العراق القريب، ص٢٠٨) دا گوتوویە: ئەرکی کاروباری کوردی لەو بەشەی کوردستاندا بەو سپێردرابوو و، لە (١ی نیسانی ١٩١٩) بەدواوە دەستی بەم گەشتەی کردبوو. توانیمان بەهۆی بیرەوەریەکانی نۆئێل خۆیەوە کە ساڵی ١٩١٩ بەناونیشانی ((Diary of Major Noel on Special Duty in Kurdistan)) [2]وە لە بەسرە چاپکراوە، پەردە لە ڕووی هەم ڕاستیی ئەم ڕاپۆرتەی نۆئێلو هەم

---

[2] برایان حسێن ئەحمەد جافو حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی ئەم بیرەوەریانەیان کردووە بە کوردیو بەم ناونیشانەوە بە کتێب چاپو بڵاویان کردووەتەوە:
یاداشتەکانی مەیجەر نۆئێل لە کوردستان، بەغدا، ١٩٨٤، ٢٧٤ل. (س)

هەواڵنامەی کتێب

هۆی لە ئەستەمبووڵ بوونی لەو مێژووە ناوبراوەدا هەڵبماڵین[٣]. برای بەڕێز کاک ئەمین شوانی کە ئەوکاتە کاروباری نووسینی بۆ ڕەحمەتی عەبدولڕەحمان بەهرامی کوردێکی فەیلیی دۆستی کوردپەروەرم ڕادەپەڕاند لە بەغدا، هەر شوێنێکی ئەو بیرەوەریانە کە مەبەستم بوو، بۆی کردمە کوردی، سوپاسی دەکەم.

نۆئێل لە پێشەکیی ئەو بیرەوەریانەدا گوتوویە: یەکەمین گەشت لە دیاربەکر بووەو، ١٤ی حوزەیران ڕوو بە حەڵەب بەجێی هێشتووەو، لەوێ چاوی بە (کۆڵۆنێڵ ویلسن)ی بریکاری حاکمی گشتیی بەریتانیا لە بەغدا کەوتووە کە ٢٦ی حوزەیران گەیشتووەتە ئەوێ. ویلسن لە ١٣ی ئەو مانگەدا پێشنیاری پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆی لە سایەی ئینگلیزدا خستبووە بەردەم حکوومەتی بەریتانیا وا کە بریتی بێ لە ویلایەتەکانی وان و بدلیس و دیاربەکرو مەعموورەت ئەلعەزیز (ئالازیگ)[٤].

---

[٣] نۆئێل لەو بیرەوەریانەیدا ئاماژەی بۆ دوو بیرەوەریی دیکەی خۆی کردووە: بیرەوەریی مانگی ئەیلوولی ١٩١٩و، هیی ٤-١٤ی حوزەیرانی ١٩١٩ کە بە ڕاپۆرت لە بارەی سەردانی ناوچەی دیاربەکرەوە نووسیویە. (مس گێرتروود بێڵ) یش لەو کتێبەیدا ناوی چەند ڕاپۆرتێکی ئەوی هێناوە کە لە کوردستانی باکوورەوە بۆ لایەنە بەرپرسەکانی بەریتانیای ناردوون و چەند بڕگەیەکیشی لێ وەرگرتوون، لەوانە ڕاپۆرتێك لە ویلایەتی (مەلاتیا)وە نووسیویە، واتە سەروبەندی دووەم گەشت و، ڕاپۆرتێکی یەکەم گەشتی لە کوردستانی باکوور (المس بیل، فصول من تأريخ العراق القريب، ط٢، ترجمة جعفر الخياط، بيروت، ١٩٧١، ص ٢٠٨،٢٠٩،٢١٦).

جێی باسە، دانەیەکی ئەو بیرەوەرییە ڕۆژانەیە (یومیات)ی نۆئێل بە چاپکراوی لەنێو کۆمەڵە کتێبەکانی (عباس العزاوی)دا بوون کە کەوتنە لای بەڕێوەبەرێتیی گشتیی شوێنەوار لە بەغدا. بەڕێز (سمیر الصراف)ی فەرمانبەری چالاکی بەشی بیانیی کتێبخانەی بەڕێوەبەرێتیی شوێنەوار کارێکی کرد بە ئاسانی بیبینم، لە کاتێکدا ئەو کتێبانە هێشتا ڕێك نەخرابوون. ئەوە بوو وێنەی بەشێکیم گرتەوە تا بۆ ئەم ڕاپۆرتە سوودی لێ وەربگرم.

[٤] ئەو پێشنیارە لە بروسکەی ژمارە (٦٦٦٦)دا هاتووە کە نۆئێل لە کۆتاییی ئەم ڕاپۆرتەدا بڕگەیەکی لێ هێناوەتەوە.

لە ئەنجامی وتووێژی نێوان ویلسن و (نۆئێل)دا، بڕیاردرا نۆئێل ڕووبەکاتە ئەستەمبووڵ و، لەوێ پێوەندیی بە پێشەوایانی بنەماڵەی بەدرخان و سەرانی دیکەی کوردەوە بکات تا لەگەڵیاندا بێتەوە بۆ کوردستان.

ئەوە بوو ٣ی تەمووز گەیشتە ئەستەمبووڵ. نۆئێل لێرەدا باسی ئەوەی نەکردووە کە کۆمیسەری باڵای بەریتانیا لە ئەستەمبووڵ بووە، وەك پاشتر دێینە سەری. بەڵام کاتێك هەوڵی داوە وەفدە کوردیەکە دەست نیشان بکات، ناوی نەهێناوە. هەرچی (مس بێڵ)ە گوتوویە: نۆئێل بە نوێنەرایەتیی حاکمی بەریتانیا لە بەغدا چووە ئەستەمبووڵ تا لەگەڵ کۆمیسەری باڵا (المندوب السامي) ی ئەوێدا لە بارودۆخی کوردستان بکۆڵنەوە[٥]. زیاتر پێدەچێ هۆی سەرەکیی سەردانەکە پێشنیاری ویلسن بووبێ بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی کوردی لەو پارچەیەی کوردستاندا کە لەژێر دەستی تورکدا مابووەوە. لەمەوە دەردەکەوێ نۆئێل ئەم کتێبەی لە شێوەی ڕاپۆرتێکدا لەسەر کێشەی کورد داناوە تا بە پلەی یەکەم بیخاتە بەردەستی کۆمیسەری باڵای بەریتانیا لە ئەستەمبووڵ.

نۆئێل هەر لە ئەستەمبووڵ مایەوە تا لە ٢٣ی تەمووزدا ڕوو بە حەڵەب بەجێی هێشت و، لەوێڕا بۆ بەغداو ئینجا بۆ حەڵەب گەڕایەوەو، لە ٢١ی ئابیشدا ڕووی کردە کوردستان تا بە یاوەریی وەفدێکی کوردی پێکهاتوو لە جەلادەت و کامەرانی جووتە کوڕی ئەمین عالی بەدرخان دەست بە دووەمین گەشتی بکاتەوە. وەفدەکە پاش چەندین گفتوگۆی نێوان نۆئێل و سەرانی کورد لە ئەستەمبووڵ و بە ڕەزامەندیی کۆمیسەری باڵای بەریتانیا هەڵبژێردرابوو.

---

[٥] بڕوانە: المس بيل، فصول من تأريخ العراق القريب، ص٢١٦.

ئەم کتێبە بریتییە لە ڕاپۆرتێکی مێجەر نۆئێلو، خۆیشی چەندەها جار بە ڕاپۆرت ناوی بردووە. بۆ نموونە، لە باسی داخوازیەکانی کورددا بە دەق گوتوویە: ((لەو نەخشەیەی پاشکۆی ئەم ڕاپۆرتەدا سنووری کوردستانم ڕوون کردووەتەوە)). لە باسی (بۆچی کەمە یارمەتییەکی گەلی کوردمان دا تا دان بە ئاواتەکانیدا بنرێت)دا گوتوویە: ((لەم ڕاپۆرتەوە ساخ دەبێتەوە کە داننان بە خواستەکانی ئەرمەندا... تد)). هەروەها لە باسی (ئاماری نەتەوەی کوردو ئەرمەن)دا هەر بە ڕاپۆرت ناوی بردووە. بەڵام چۆن ئەم ڕاپۆرتە بە زمانی عەرەبی نووسراوە؟ ئەوە زیاتر پێم وایە پاشتر یەکێک یا سیاسەتمەدارێکی کورد دەقە ئینگلزییەکەی نۆئێلی کردبێتە عەرەبیو، هیچ ئاماژەیەکم بەرچاو نەکەوتووە ناوبراو عەرەبیی زانیبێ. ناوی وەرگێڕو مێژوو و شوێنی وەرگێڕانیش لە دەستنووسەکەدا نینو، پتر ڕێی تێدەچێ دوابەدوای نووسینی ڕاپۆرتەکە لەلایەن نۆئێڵەوە، یان پێش دەستگرتنی کەمالیەکان بەسەر ئەستەمبووڵدا وەرگێڕدرابێ، چونکە کەمالیەکان پاشتر کەوتنە چەوساندنەوەی کوردو چالاکیی سیاسیی کوردیان قەدەغە کرد. لەوانەیە وەرگێڕەکەی یا خاوەنەکەی لەگەڵ شتی دیکەدا لە ئەستەمبووڵ بەجێی هیشتبێو لە دەست کەمالیەکان هەڵاتبێ یا پەتی سێدارەی خرابێتە مل.

ئەم ڕاپۆرتە سەرچاوەیەکی پڕ بایەخی تایبەت بە قۆناغێکی ناسکو ترسناکی بزاڤی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردە دوابەدوای یەکەم جەنگی جیهانی، لە کاتێکدا گەلی کورد خەباتێکی چەکدارو سیاسیی بۆ ڕزگاربوون لە چنگی بێگانە دەکرد. جەنگی جیهانیو سەرکەوتنی هاوپەیمانان زەمینەی بۆ دروستبوونی چەندین قەوارەی سیاسیو ڕزگاربوونی چەندین گەلی وەك گەلانی عەرەب خۆش کرد. کێشەی کوردیش لەو دەمەدا جێی مشتومڕی بەرپرسانی بەریتانیا بوو و، نۆئێلی ڕاپۆرتنووسیش شێلگیرانەو

بە ئینسافەوە لایەنگریی ئەم کێشەیەی دەکردو خوازیاری یەکخستنی پارچەکانی کوردستان بوو. بەپێچەوانەی ویلسن و مێجەر سۆن و ئەدمۆندزو مس بێڵەوە کە دژی گەلی کوردی ستەمدیو ڕاوەستان و هاوبەشیی لە گۆڕنانی ئاواتەکانیان کردو، هەڵوێستی هەموویشیان لە نووسینەکانیاندا ڕوون و ئاشکرایە.

ئەم ڕاپۆرتە گەلێك ڕاستیی لەسەر چەند لایەنێکی مەسەلەی کورد تێدایە، ئەفسەرێکی ئینگلیز نووسیویە سەروبەندی جەنگی جیهانی هاتووەتە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و لە ئیدارەی سیاسیی بەریتانیادا لە ئێران و عێراق و کوردستان کاری کردووەو، بە حوکمی ئیشەکەی شارەزای بارودۆخی ناوچەکەو بەتایبەت کوردستان بووەو، ماوەیەك بووەتە پسپۆڕی کاروباری کوردی. سەرباری ئەوە، ئەم ڕاپۆرتە ناوەڕۆکێکی فراوان و دەوڵەمەندی هەیەو زۆر لایەن و بابەتی گرتووەتەوە، وەك پوختەیەکی مێژوو و زمان و خەسڵەتە نەتەوەییەکان و داخوازیەکانی کوردو ژیانەوەی هەستی نەتەوەییی ئەم گەلەو شۆڕشەکانی لە سەدەی نۆزدەیەمەوە تا یەکەمین جەنگی جیهانی و سەرژمێریی کوردو سنووری نیشتمانیی کوردستان. هەروەها بە بایەخەوە کەوتووەتە چارەسەری پێوەندیی کورد _ ئەرمەن و، لیستی جیاجیای ئاماری ژمارەی دانیشتوانی هەردوو گەلی تێدایە؛ لە ڕۆژگارێکدا کەمەسەلەکە کێشەی ئەو سەروەختە بووەو هەردوکیان بۆ ئازادیی خۆیان تێکۆشاون و، ئەگەرچی لە دێرزەمانەوە زۆر تێکەڵ و دراوسێ خاك بوون، لەسەر دیاریکردنی زەوی وزاریان ناکۆك بوون. ئەرمەن لە دیاریکردنی ڕووبەری ڕاستەقینەی ئەرمینیادا پێیان لێ هەڵدەبڕی و داوای زۆر ناوچەی کوردنشینیان دەکرد. نۆئێل لەم ڕاپۆرتەدا بەرپەرچی ئەو لاف وگەزافانەی ئەرمەن دەداتەوەو، ساختەکاریی ئامارەکانیان بە بەڵگەی حاشا هەڵنەگر ڕوون دەکاتەوە.

ڕاپۆرتەکە ئاوڕیشی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی دەرهەق بەگەلی کورد داوەتەوە: واتە سیاسەتی تورکیاو بەریتانیاو ڕووسیاو ئێران‌و ئامانجی مسیۆنێر (مبشر)ە ئەمریکاییەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. چەند بابەتێکی دیکەیشی بەسەرکردووەتەوەو، تێکڕا حەڤدە بابەتی سەرەکین. نۆئێل لەم ڕاپۆرتەیدا سوودی لە گەلێك بەڵگەنامەو سەرچاوە وەرگرتووەو ئاماژەی بۆ کردوون، لەوانە ڕاپۆرتی ئینگلیزی‌و ڕووسی‌و فەڕەنسەیی‌و ئەرمەنی‌و تورکی‌و هیی مسیۆنێری ئەمریکایی‌و سەرچاوەی دیکەش.

ویستم بەوپەڕی پەرۆشییەوە دەستنووسەکە وەك خۆی بڵاوبکەمەوە، بەڵام چەند هەڵەیەکی ڕێزمانیی تێکەوتوون، بەباشم زانی ڕاستیان بکەمەوە. وشەی کۆنی (الملیة-میللەت)م بە (القومیة- نەتەوایەتی)و (الملة- میللەت)م بە (گەل یا نەتەوە)ی گۆڕی‌و، وشەی ڕەوانیشم خستە جێی چەند وشەیەکی دیکەی بەگری‌و گۆڵ، بەبێ ئەوەی لە مەبەستی ڕاپۆرتنووس دووربکەوێتەوە؛ چونکە ئەو عەرەبییەکە پێی نووسراوە تۆکمەو ڕەوان نییە (بەڵام ئێستا دەزانم ئەو جۆرە دەستکارییە، گەرچی کەمیش بوو، لە ڕووی ڕێبازی توێژینەوەی زانستانە_ منهج البحث العلمي_وە هەڵەیە).

هەرچی ئەو نەخشەیەیشە کە نۆئێل بۆ کوردستان کێشاویەو بە ڕاپۆرتەکەوەی لکاندووەو چەند جارێك ئاماژەی بۆ کردووە، لەگەڵ دەستنووسەکەدا نەبوو. پاشتر بە پێویستم زانی وێنەی یەکەم‌و دواهەمین لاپەڕەی دەستنووسی بنەڕەت لەبەر بایەخی مێژووییان بڵاوبکەمەوە. لەبەر ئەمە ساڵی ١٩٧٤ هەوڵی پەیداکردنیانم دا. بەڵام خاوەنەکەی گوتبووی ئێستا نازانێ دەستنووسەکە کەوتووەتە کوێ. هەرچۆنێك بێ هاوکاریی مامۆستا ئەحمەد نیلە جێی سوپاس‌و پێزانینمە.

## ژیانی سیاسیی نۆئێل

مێجەر نۆئێل E. W. NOEL[٦]. یەکێك بوو لەو ئەفسەرە سیاسیانە کە لە دەورانی یەکەمین جەنگی جیهاندا نێردرایە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و، وەك

---

[٦] ناوی تەواوی (ئەدوارد چارلز ولیام نۆئێل)ە، دەورانی یەکەم حکوومەتی شێخ مەحموودی حەفید لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩١٩ بەدواوە لە سلێمانییەوە روویکردە ڕەواندز تا ئەو ناوچانەیش بخاتە ژێر حکومدارییەکەی شێخ و، دوای چەند هەفتەیەکی کەم گەڕایەوە. وەختێکیش ئینگلیز لە هەوڵەکانی شێخ دڕدۆنگ بوو، بڕیاری دا نەخشەی سیاسەتی خۆی لە کوردستانی باشوور بگۆڕێ. ئەوەبوو پاش کۆبوونەوەی ((ویلسن))ی بریکاری حاکمی گشتی و نۆئێل و لیچمەن و سۆن و گۆردن و چەند کەسێکی دیکە، سۆن خرایە جێگای نۆئێلی دۆستی کورد. نۆئێل لە ١٩٢١دا ئامادەی کۆنفرانسی قاهیرە بوو و، لەو یاداشتنامەیەدا کە لەگەڵ ((یۆنگ))دا ئامادەیان کردبوو، داوایان کرد ناوچە کوردنشینەکان نەخرێنە سەر دەوڵەتی عەرەبیی میزۆپۆتامیا، بەڵکە بەریتانیا هەوڵی یەکخستنی کورد بدات و شێوە ڕێکخستنێکی ناوەندیی کوردی بە سەرپەرشتیی ئینگلیز دابمەزرێت. نۆئێل بەهاری ١٩٢٣ جارێکی دیکە ڕەوانەی هیندستان کرایەوە. پاش بڕانەوەی دووەم جەنگی جیهانیش گەڕایەوە بۆ بەریتانیا و خانەنشین بوو (بڕوانە: المس بیل، ص١٩١-١٩٢، و سر ارنلد تی. ویلسون، بلاد ما بين النهرين بين ولاءين، ترجمة فؤاد جميل، ج٢، بغداد، ١٩٩٢، ص٢١، ٢٤، و دافيد كورن، رجلان أقحما الأكراد بالعراق/ مناورات كوكس- ولسون، ترجمة حميد عبدالملك، الحلقة الأخيرة ((٤))، جريدة ((الإتحاد))، السليمانية، العدد ٣٢٦، ٩/٧/١٩٩٩).

شایانی باسە، ڕەفیق حیلمی لە (یادداشت، بەشی یەکەم/ ب١، هەولێر، ١٩٨٨، ل ٧٢-٧٧)دا نووسیویە گوایە مێجەر نۆئێل بۆ گەشتەکەی کوردستانی باکوور (تورکیا)ی خۆی ((فایەقی تاپۆ))ی لە شوباتی ١٩١٩دا بردووە و تا هاتنەوەی بۆ حەڵەب و ئەمجا ئەستەمبووڵ لەگەڵیدا بووە و، هەتا جەلادەت بەدرخان و دوو کوردی دیکەیشیان چووەتە پاڵ. بەڵام بیرەوەرییە چاپکراوەکانی نۆئێل سەبارەت بەو گەشتە، هیچ ئاماژەیەکی بۆ ناوی فایەقی تاپۆ تێدا نییە. لە کاتێکدا ناوی هاوکارانی دیکەی وەك جەلادەت و کامەرانی کوڕانی عالی بەدرخان و ئەکرەم جەمیل پاشای دیاربەکری و عەبدولڕەحیم ئەفەندی (زۆر ڕێی تێدەچێ مەبەستی عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری بێ کە ئەو سەردەمە چالاکییەکی کوردی شێلگیرانەی هەبوە) و عەلی بەگی بەدرخانی بە ڕوونی تێدا هێناوە (ل١٥، ٦٦). بۆیە زیاتر پێم وایە فایەقی تاپۆ یا بۆ سەردانەکەی لای ناوچەی ڕەواندز، یان بۆ گەشتەکەی ٤-١٤ی حوزەیرانی ١٩١٩ی ناوچەی دیاربەکر، وەك لە سەرەتای بیرەوەرییە چاپکراوەکانیدا باسی کردووە، لە تەکیدا چووە. ئەگەرچی بەپێی مێژووی سەرەتای

(ئەدمۆندز)ی هاوڕێی گوتوویە: مولازمی نێو سوپای هیندی بووەو، پاشان ئیشی نێو ئیدارەی سیاسیی دەرەوەی پێ سپێردراوە کە باشترین وەزیفەی کاتی داگیرکردنی هیندستان بووە لە لایەن بەریتانیاوە. ئەمجا گواستراوەتەوە بۆ (بووشەهر)ی باشووری ئێران و، سەرەتاکانی بەهاری ١٩١٥ لەگەڵ ئەدمۆندزدا لەوناوە بەشداریی تاقیبکردنی موخابەراتی ئەڵمانیای کردووە. لە (بووشەهر) بووەتە دووەم یاریدەدەری ئەفسەری سیاسیی بەریتانیا. دوایی براوەتە بەسرەو کراوە بە جێگری قونسلی عەرەبستان و ناوچەی بەختیاری تا پشتکۆو، دەسەڵاتێکی فراوانی هەبووەو وەزیفەکەی دەرفەتی داوەتێ زۆر هاتوچۆی نێوان بەسرەو تاران و پاشتر بەغدا– دوای داگیرکرانی– بکات. نۆئێل دەسەڵاتدارانی بەریتانیای ناچار کرد ڕەوانەی (تفلیس)ی بکەن تا هاوبەشیی گەلەکۆمەکەی ژەنەڕاڵ (دنستەرڤیل) ببێ. ئەوەبوو بۆڵشەویەکان لە گەڕانەوەیدا گرتیان و پێنج مانگ لە بەندیخانە مایەوەو پاش ئاگربەست بەریان دا. ئەدمۆندز لە کتێبەکەیدا (کردو ترك و عرب، ص٣٦)، وا ناساندوویە کە حەزی لە سەرچڵی و گەشتی ناوچە دوورەدەستەکان کردووەو، لە سەفەری خێرای نێو دەشتەکانی ڕووباری کاروون و دیجلە یا نێو چیاکانی ناوچەی بەختیاریی کوردستانی خۆرهەڵاتدا سوارچاکێکی بێ وێنە بووەو کەس نەبووە شان لە شانی بدات.

هەرچی (ویلسن)ە لە کتێبەکەیدا (بلاد مابين النهرين بين ولاءين، ص١٩٤) ئاماژەی بۆ زێدە هەڵکەوتوویی نۆئێل کردووەو گوتوویە: نۆئێل لەو کەسانە بوو کە سێ ساڵی سەختی ژیانی باشووری ئێران لێوەشاوەیی و چالاکیی لە ڕادەبەدەریان کەم نەکردەوە. سەرچڵیەکانی بەرگێکی قەبە پڕدەکەنەوە. ئومێدم وایە ئەم بەرگە پاشەڕۆژ ڕووناکی ببینێ. ئەو سەد

---

گەشتەکەیان (شوباتی ١٩١٩)و نێزیکیی لە سەرەتای سەفەرەکەی نۆئێل بۆ ڕەواندز، پتر پێدەچێ مەبەست هەر ئەو سەفەرە بووبێ. (س)

(ئەفسەری سیاسی)یە کە پێوەندییان بە هێزی ژەنەراڵ دنستەر ڤیلی پەلاماردەری خۆرهەڵاتی ئێرانەوە کردو پڕ بە پێستی مانای ڕاستەقینەی ئەفسەری سیاسی بوون، کەسی هەڵکەوتوویان لە نێودا بەلای عەرەبەوە لیچمەن‌و بەلای کوردەوە سۆن‌و بەلای فارسیشەوە نۆئێل بوو.

ئەمەو کاتێك ئینگلیزەکان لە ئاکامی پێوەندیی نێوان خۆیان‌و شێخ مەحموود دا دوای ئەوەی هێزەکانیان لە بەهاری ۱۹۱۸دا گەیشتنە ناوچەی کەرکووك، بەڵێنیان بە شێخ دا حوکمێکی کوردی بە سەرپەرشتیی بەریتانیا لە کوردستانی باشوور دابمەزرێنن؛ مێجەر نۆئێل ڕەوانەی سلێمانی کراو ناوەندی تشرینی دووەمی ۱۹۱۸ گەیشتە جێ‌و بەگەرمی پێشوازیی لێکراو، کۆبوونەوەیەکی گەورە بە ئامادەبوونی شێخ‌و ژمارەیەکی زۆری سەرۆك‌و پیاوماقووڵی کورد لە سلێمانی سازدراو، لەوێدا ڕایگەیاند شێخ مەحموود کراوە بە حوکمداری گشتیی ناوچەی سلێمانی‌و ناسناوی حوکمداری پێبەخشراوە[(٧)]. نۆئێل ئیدارەی ناوخۆی ناوەندەکانی وەك هەڵەبجەو چەمچەماڵ‌و ڕانیەی پێکهێناو، خۆیشی بووە ڕاوێژکاری سیاسیی شێخ مەحموود و، دەزگای پۆلیسی ڕێکخست‌و ژمارەیەك ئەفسەری بۆ مەشق پێکردنی هێزێکی عەسکەریی کوردی بەناوی (لیڤی)ی سلێمانییەوە

---

[(٧)] مێجەر نۆئێلی ڕاوێژکاری سیاسیی ئینگلیز، بەپێی برووسکەی خۆی بۆ بەغدا، ۱۹۱۸/۱۱/۱٦ گەیشتووەتە سلێمانی‌و، ڕۆژی دواییش (۱۱/۱۷)، وەك ئەحمەد خواجە گوتوویە، کۆبوونەوەیەکی گەورە لە بەردەرکی سەرای سلێمانی کراوەو، نۆئێل بە فارسی ڕایگەیاندووە: ئیدی شێخ مەحموود حوکمداری ناوچەی نێوان زێی گەورەو ڕووباری سیروانەو، خێڵاتی ئەوناوە بۆیان هەیە بێنە پاڵ حوکمداریەکەی. واتە (۱۱/۱۷) ڕۆژی ڕاگەیاندنی یەکەم حوکمداریی شێخی گەورەیە (بڕوانە: الدكتور احمد عثمان ابوبكر، كردستان في عهد السلام، القسم الثاني عشر، مجلة ((الثقافة)) البغدادية، العددان ۱۱-۱۲، تشرين الثاني- كانون الأول ۱۹۸۰و، احمد خواجە، چیم دی، ب۱، بەغدا، ۱۹٦۸، ل۲۰-۲۱).(س)

دامەزراند. ئەمەی خوارەوە لە نووسراوی دامەزراندنی (نۆئێل)دا بە حاکمی سیاسی لە سلێمانی هاتووە:

((لە ڕۆژی ١ی تشرینی دووەمەوە کراویتە حاکمی سیاسی لە ناوچەی کەرکووک (بە سلێمانیشەوە)و، ئەم ناوچەیە لە زێی بچووکەوە تا دیالەو سنووری تورکیا- ئێران لەلای باکووری خۆرهەڵاتەوە درێژ دەبێتەوەو بەشێکی ویلایەتی مووسڵ پێکدەهێنێ کە حاڵی حازر حکوومەتی خاوەنشکۆ (واتە پاشای بەریتانیا) دەڕوانێتە چارەسەری یەکجارەکیی گیروگرفتەکانی و؛ دەکرێت ئێستا وای دابنێین لە چوارچێوەی ئیدارەی ناوچە عەسکەریە داگیرکراوەکاندایە. دەبێ بەم پێیە دەست بە ئەرکەکانت بکەی و ، لەمامەڵەی سەرانی ناچەکەدا وای لەبەرچاوبگری کە دەسەڵاتدارانی عەسکەری ئازادن لەوەدا کە بەشێکی سوپا بەشێوەیەکی کاتی بنێرنە سلێمانی یا شوێنەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی هێڵی ئێستامان. دەبێ ئامانجت دانانی ڕێوشوێنی پێویست بێ لەگەڵ سەرۆکانی ناوچەکەدا بۆ گێڕانەوەو پاراستنی ئاسایش لە ناوچەکانی دەرەوەی سنووری داگیرکاریی عەسکەریی ئێمە؛ بۆ هەم دوورخستنەوەی نۆکەرانی دوژمن (واتە تورک) یا خۆبەدەستەوەدانیان و، هەم دابینکردنی ئەو پێداویستیانە کە سوپاکەمان شکیان نابات. تۆیش سەرپشکی چی بە پێویست بزانی بۆ ئەم مەبەستە خەرجیی بکێشی، بەمەرجێك لەکاتی سەرفکردنی بڕە پارەیەکی زۆردا هێندەی بەکردەوە شیاو بێ ڕەزامەندیی پێشوەختی بۆ وەربگیرێ. دەبێ سەرۆکەکان حاڵی بن و بەلایانەوە ڕوون و ئاشکرا بێ کە تۆ هەر ڕێوشوێنێك دابنێی کاتییەو، لە هەروەختێکدا بێ قابیلی چاوپێداخشانەوەیە. تۆ سەرپشکیشی شێخ مەحموود بکەیتە نوێنەری ئێمە لە سلێمانی، ئەگەر زانیت کەڵکی تێدایەو؛ چۆن بە گونجاوی دەبینی کەسانی دیکەیش بەم چەشنە لە چەمچەماڵ و

هەڵەبجەو شوێنەكانی دیكە دابمەزرێنە. ئەو سەرخێڵانە كە پێوەندییان لەگەڵدا دروست دەكەی، دەبێ بۆیان باس بكەی كە نیازمان نییە ئیدارەیەكیان بەسەردا بسەپێنین بە سروشتو ئارەزوویان نامۆ بێ. هەروەها دەبێ سەرخێڵەكان هان بدەی یەك بگرن تا كاروباری گشتییان بە ڕێنوێنیی حاكمە سیاسییەكانی ئینگلیز یەكلایی بكرێنەوە، داوایشیان لێ دەكەی بەردەوامو كاتی ناچاری چ باجێكیان لەسەرە بەپێی یاسا دەستكاریكراوەكانی توركیا بیدەن بۆ هەر مەبەستێكی پێوەندیدار بە پاراستنی ئاسایشو پێشخستنی وڵاتەكەیان))[8]. جێی باسە، لێرەدا (زێی بچووك) بەهەڵە لەبریی (زێی گەورە) نووسراوە[9].

---

[8] المس بیل، ص ١٨٧-١٨٨.

[9] ناوی زێی بچووك (الزاب الصغیر) لەم بەڵگەنامەیەی دامەزراندنی نۆئێلدا بە ڕاوێژكار لە ناوچەی (كەركووك)ی قەڵەمڕەوی حوكمداریی شێخ مەحموودی نەمردا، بە هەڵە لەباتیی زێی گەورە (الزاب الكبیر) نووسراوە. جا نازانین ئەم هەڵەیە وەرگێڕی عەرەبیی كتێبەكەی مس بێڵ كردوویە، یا لە چاپدا یان لەبەر هۆیەكی دیكە پەیدا بووە، چونكە بە ڕستەی ((تا سنووری توركیا- ئێران))دا دەردەكەوێ كە ناوچەكانی پشت زێی بچووكیش خراونە نێو سنووری ئەم ناوچەی كەركووكەو، مەبەستیش هەردوو ناوچەی هەولێرو ڕەواندزە. بەپێی نووسینەكانی نۆئێلو كەسانێكی دیكەیش بڕیار بووە ئەم دوو ناوچەیەیش بخرێنە سەر حوكمدارییەكەی شێخ مەحموود. (ویلسن)یش كە مانگی كانوونی یەكەمی ئەو ساڵە هاتە سلێمانی، لەوێ بەڵگەنامەیەكی ئیمزا كردووە ناوی زێی گەورەی وەك سنووری باكووری ئەم ناوچەیە تێدا هاتووە. ئەمە لە هەمان كتێبی مس بێڵدا (ل ١٩٠) نووسراوە.

ئینگلیز بۆ ئەم سنوورەی ناوچەی كەركووك كە لە ڕووباری دیالی (سیروان)وە تا زێی گەورە بووە، تا ڕادەیەك پێڕەوی سیستمی ئیداریی (ویلایەتی شارەزوور)ی دەوڵەتی عوسمانیی كردووەو، وەك ئەو كەركووكی كردووەتە ناوەندی كوردستانی باشوور، ئەگەرچی هەموو بەشەكانی لەنێو ئەو سنوورەدا نەبوون.

جێی گوتنە، دەوڵەتی عوسمانی كە سەدەی شازدەیەم (ساڵی ١٥٣٤) لە دەورانی سوڵتان سلێماندا كوردستانی باشوورو عێراقی داگیر كرد، كوردستانی باشووری، جگە لە (ئامێدی)، لە یەك یەكەی ئیداریدا بەناوی (ویلایەتی شارەزوور)ەوە كۆكردەوەو، شاری (كەركووك)ی كردە ناوەندی ویلایەتەكەو، (شنۆ) تا (قەڵای غازی)ی لە هەكاریو تا (چنگولە)، واتە تا باشووری

نۆئێل ماوەیەکی درێژخایان لە سلێمانی نەمایەوە، چونکە دەسەڵاتدارانی بەریتانیا ڕایانسپارد گەشتێك بکات بۆ ڕەواندز. ئەوە بوو ١ی کانوونی دووەم گەیشتە ئەوێ‌و، لەم ڕاپۆرتەیدا باسی ئەو سەردانەو وێرانیی ناوچەو شاری ڕەواندزی کردووە. نۆئێل هەوڵی دەدا حوکمێکی کوردی لە سلێمانی سەقامگیر بکات‌و پەلی پێ بهاوێژێ، تەنانەت ئەدمۆندز گوتوویە: ئەو لە چاوی سلێمانییەوە تەماشای مەسەلەکەی دەکرد. ئەدمۆندزیش مەبەستی بوو قەناعەت بە دانیشتوانی کەرکووك بکات بێنە پاڵ عێراق. ئەو جووتە کەوتنە مشتومڕو نۆئێل بە ڕایەکەی قایل نەبوو، چونکە لە چاوی سلێمانییەوە دەیڕوانییە کەرکووك[١٠]. ئەدمۆندز دانی بە ڕاستیی بۆچوونەکەی نۆئێلدانەناوە، ئەگەرچی دانیشتوانی کەرکووك سەرباری کۆششی ئەدمۆندزو کەسانێکی دیکە ڕازی نەبوون لە دوو دەنگداندا بۆ زانینی بیروڕای خەڵك (دەنگدانی ساڵی ١٩١٩و ساڵی ١٩٢١) بێنە پاڵ عێراق[١١].

بۆیە کاتێك نۆئێل سلێمانیی بەجێهێشت، ئینگلیزەکانی نەیاری شێخ مەحموودو بزاڤی کورد هەلیان بۆ هەڵکەوت بکەونە خۆ دەسەڵاتی شێخ کەم بکەنەوەو ژمارەیەك لە سەرانی کوردی لێ هان بدەن، وەك لە نووسینی چەند ئینگلیزێکی لە وێنەی (مس بێڵ)دا دەرکەوتووە کە گوتوویە: ((کە کۆتاییی

---

خۆرهەڵاتی ئوستانی کرمانشای ئێستای خستە نێو سنووری ویلایەتی شارەزوور (ایالە شهرزور). ئینگلیزیش، بەو پێیەی دەوڵەتی عوسمانی، کەرکووکی کردە ناوەندی کوردستانی باشوور (بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە ئەم گوتارەم: کەرکووك مەڵبەندی ویلایەتی شارەزوور، کە لەبەر گرنگی سێ جار بڵاوبووەتەوە، یەکەمجار لە ژمارە ((١))ی ساڵی ١٩٩٢ی گۆڤاری ((بابە گوڕگوڕ))دا).

[١٠] بڕوانە: سی. جی. ادموندز، کرد و ترك و عرب، ترجمە جرجیس فتح الله، بغداد، ١٩٧١، ص ٢٧٤.

[١١] بڕوانە: الدكتور فاضل حسين، مشكلة الموصل، ط٢، بغداد، ١٩٦٧، ص ٢٢، ٦٨.

کانوونی یەکەم هات، گەلێك گومان پەیدا بوون لەو بارەیەوە کە ئاخۆ کارێکی حەکیمانەیە ڕێ بدەین دەسەڵاتی شێخ مەحموود زیاد لە پێویست پەرە بسێنێ))[١٢]. نێزیکەی دوو مانگ بوو نۆئێل ڕۆیشتبوو کە مێجەر سۆنی دوژمنی خوێنەخۆی شێخی نەمری لەجێ دانراو، چەندین ڕاپۆرتی دژ بە شێخ بۆ لایەنە باڵاکانی بەریتانیا بەرزکردەوەو بە هەموو شێوەیەك هەوڵی دا دەسەڵاتی شێخ بەرتەسك و هێندێك کوردیشی لێ ڕاست بکاتەوە. بگرە دامەزراندنی لەجێی نۆئێل، واتە بە حاکمی سیاسی لە سلێمانی، هەر بۆ ئەم مەبەستە بوو. ئەوەتا مس بێڵ گوتوویە:

((سۆن کە هێندە شارەزای کوردستانی باشوور بوو کەس لە عۆدەی نەدەهات، لە ناوەندی مارتی ١٩١٩دا کرا بە حاکمی سیاسی لە سلێمانی بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی شێخ مەحموود. سەرەڕای ئەوە، حاڵ و بارەکە مایەی دڵنیایی تەواو نەبوو، چونکە تەماعە شەخسییەکانی شێخ مەحموود دنەیان دەدا کارێك بکات دەسەڵاتەکەی بە یەکجاری لەنێو نەچێ و، پێوەندیی بە گۆیانەوە هەبوو))[١٣].

---

[١٢] المس بیل، ص١٩٧.

[١٣] هەمان سەرچاوە، ل ١٩٩.

گۆیان هۆزێکی گەورەی کوردی بە ئازایەتی و بەجەرگی ناسراوەو، لە ناوچەیەکی شاخاویی سەختی خۆرهەڵاتی زنجیرە چیای (جوودی)ی کوردستانی باکوورو سەر سنووری قەزای زاخۆ دەژی. ئەم هۆزە بە سەرکردەییی ((حەسۆ دینۆ)) شەڕی هێزی ئینگلیزی کردو، کاپتن ((پێرسن))ی حاکمی سیاسیی ئینگلیز لە زاخۆ لەوانە بوو کە کوشتی. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ ((مەلا نوورەدین حەسەن بێشلکی))دا چاوم بە حەسۆ کەوت، میوانی ڕەئووفی مەلا جامی بوو لە شیرانێش. ئەوسا ئەم پیاوە ئازاو بەهێزە پیرو هەژار بوو بوو. باسی سەرچڵییەکانی خۆی بۆ کردین و گوتی: چوومە بەغدا تا پاداشتێکم بدەنێ بەرانبەر بە خزمەتەکانم دژی ئینگلیز، ژیانمی پێ دابین بکەم، بەڵام بە نائومێدی گەڕامەوە. گەلێك زانیاریم لەربارەی (حەسۆ دینۆ)وە کۆکردووەتەوە.

کاتێك شێخ مەحموود ڕاستیی سیاسەتی بەریتانیای بۆ دەرکەوت، شۆڕشێکی کوردی لە ٢٠ی ئایاردا بەرپاکردو، سەرەنجام ١٨ی حوزەیرانی ١٩١٩ بە بریندای لە شەڕی دەربەندی بازیاندا دیل کراو حوکمی ئیعدامی دراو، پاشان دوورخرایەوە بۆ هیندستان. ئینگلیزەکان هێزێکی گەورەیان بۆ خەفەکردنی ئاگری شۆڕشەکە بەکارهێنا[١٤].

دەسەڵاتدارانی باڵادەستی بەریتانیا بەهاری ساڵی ١٩١٩ (نۆئێل)یان ڕاسپارد گەشتێك بە کوردستانی باکووردا بکاتو، پاش ڕێکەوتن لەگەڵ ژەنەراڵ (ئەلنبی)ی سەرکردەی گەلەکۆمەی سەر میسر، لە ١ی نیساندا دەستی بە گەشتەکەی کردو ڕووی کردە نسێبینو ئەمجا دیاربەکر. نێردرایە ئەوێ تا پێوەندی بەکوردی ئەو ناوەوە بکاتو بەلای بەریتانیادا ڕایانبکێشێو بکەوێتە پڕۆپاگەندە کردن دژ بە تورك. ماوەیەك بەر لە گەشتەکەی، سێر مارك سایکس نێردرابووە ناوچەی ماردین تا لەوە بکۆڵێتەوە ئاخۆ کوردانی (توور عابدین) بەرەنگاریی ئینگلیزو پشتیوانیی تورك دەکەن یا نا. سەرنجی دا کوردی وا هەن حەز بە حوکمی بەریتانیا دەکەن؛ خێڵە کوردی وایشی لەوێ دی بە هاندانو فیتی (ئیحسان پاشا)ی ژەنەڕاڵی تورك کە هێزەکانی لە شاری جزیرە خڕکردبووەوەو چەکی بەسەر

---

ئەمەو شێخ مەحموود، بە گوتەی مس بێلْ (ل ١٩٩)، پێوەندیی بە عەبدولڕەحمان ئاغای شەڕناخی باکووری (جوودی)شەوە هەبوە لە بۆتان. ناوبراو نەیاری ئینگلیزو بە ((ئاغای سۆر))و نیشتمانپەروەر ناسراو بووە، تورکان پاش شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران گرتیانو ئیعدامیان کرد. بنەماڵەکەی تائێستا بە نیشتمانپەروەری ناسراوە. عەبدولڕەحمان هێزێکی گەورەی لە پیاوانی دلێری شەڕناخ پێکەوە نابوو، هۆزی گۆیان هاوپەیمانی بووو، بەشداری لەنێوبردنی مستەفا پاشای سەرخێڵی میرانو سەرکردەیەکی هێزی حەمیدی بوو. مستەفا پاشا لەو شەڕەی ئاغای سۆردا کوژرا کە بە شەڕی (زاخڕێ) بەناوبانگەو گۆرانیی لەسەر هەیە.

[١٤] بۆ درێژەی ئەو بەسەر هاتە بڕوانە: سی. جی. ادموندز،ص٣٤-٣٥، ٤٩-٥٣.

هۆزە کوردەکاندا دەبەشیەوە تا دژی ئینگلیز بەکاری بهێنن، دژی بێگانە بوون.

بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد پاش ئاگر بەست چالاکیی خۆی پەرەپێدا بوو و یانەی کورد لە دیاربەکرو ماردین، وەك لە ڕاپۆرتێکی پێشووی (نۆئێل)دا هاتووە، دژی ئینگلیز بوو؛ بەلام هەلوێستی خۆیی گۆڕیو وەفدێکی نارده لای نۆئێل تا پێی بلێت پێویستە ئینگلیز دەست وەربداتە ئەو ناوچەیە. ئەو یانەیە دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت تورك نیازی چییە، لێی دردۆنگ بوو و دوورکەوتەوە. تورك لە ٤ی حوزەیراندا بارەگای یانەکەی دیاربەکری داخستو چەند ئەندامێکیی گرت.

ئەمەو لە هەمان کاتدا تورك زیاتر پێوەندییان بە سەرانی کوردی گەلێك ناوچەی کوردستانی باکوورەوە دەکردو، پڕۆپاگەندەیان بلاودەکردەوە بۆ تەفرەدانی ڕەشەخەلکی کورد؛ جارێك بەناوی ئاینو یەکگرتنی ئیسلامیو پێبەخشینی ئۆتۆنۆمییەوە لەچوارچێوەی تورکیاداو، جارێکی تریش بەترساندنیان لە ئینگلیزو، دەیانویست کە مەندکێشیان بکەن تا هەول نەدەن لە حوکمی ئەوان قوتار بن. بەلام پێشەوا هۆشیارەکان ، وەك نۆئێل گوتوویەو ، لەوانە شێخ عەبدولقادری شەمزینیو بەدرخانیەکان لە کاریگەریی پڕۆپاگەندەی تورك دەترسانو هەولیان دەدا بەرەنگاری ببنەوەو؛ ئەگەرچی بەلای ئینگلیزدا دایاندەشکاند، بەلام – وەك مس بێل پشت بەستوو بە ڕاپۆرتێکی لە کوردستانی باکوورەوە نێردراوی نۆئێل گوتوویە – ڕەخنەیان لە هەلوێستیان دەگرت، چونکە پشتگیریی مافی کوردیان نەدەکرد[١٥].

هەرچی چارەنووسی ئەم پارچەیەی کوردستانە، لەبەر کشانەوەی ڕووسیا دوابەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری سالی ١٩١٧و دەست وەرنەدانی لە

---

[١٥]) المس بيل، ص٢٠٨-٢١٠.

کاروباری وڵاتانی ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانی؛ بە هەڵپەسێردراوی مایەوە؛ لە کاتێکدا کوردستانی باکوورو ئەرمینیا بەپێی ڕێککەوتنی سایکس – پیکۆ کە ساڵی ١٩١٦ سەبارەت دابەشکردنی ئیمپراتۆریی عوسمانی لەنێوان بەریتانیاو فەڕەنسەو ڕووسیادا بەسترا، بەر ڕووسیا کەوتن[١٦]. بۆیە بەریتانیا تا ئەم مێژووە چارەنووسیی بەلایەکدا نەخست، بەڵکە بەتەما بووو بیری لەوە دەکردەوە دەوڵەتێکی کوردی لە کوردستانی باکوور دابمەزرێنێ و لەژێر ڕکێفی خۆیدا بێ.

## نۆئێل بەیاننامەیەك لە ناوچە کوردنشینەکان دەبەشێتەوە

وەختێك نۆئێل زانیی کوردێکی زۆر لە بەریتانیا دڵنیا نین، چونکە ئینگلیز بە کوشتنی ئەرمەن و زەوتکردنی سامانیان تاوانباری دەکردن، وێڕای ئەوەی کە پێیان وابوو بەریتانیا بەرژەوەندەکانی ئەرمەنی لە هیی کورد پێ گرنگترە؛ کە نۆئێل لە کوردستانی باکوور بوو، بۆی ساخ بووەوە ئەمانە کۆسپی بەردەم لێکحاڵیبوونن لەگەڵ کورددا. بۆیە پێشنیاری کرد حکوومەتی بەریتانیا لێبوردنی گشتی بۆ گەلی کورد دەربکات. کۆمیسەری باڵای بەریتانیا لە ئەستەمبووڵ یەکەم ڕۆژی مایس سێ ڕێگای بۆ

---

(١٦) بەڵام کوردستانی باشوور (واتە ویلایەتی مووسڵ)و بەشی هەرە زۆری سووریاو بەشێکی باشووری ئەنادۆڵ (ڕەنگە بەشێکی کوردستانی باکووری گرتبێتەوە)) پشکی فەڕەنسە بوون. لە کاتێکدا ویلایەتەکانی بەغداو بەسرەو باشووری سووریا بەر بەریتانیا کەوتن کە دەیویست فەڕەنسە بخاتە نێوان خۆی و ڕووسیا. کاتێکیش ڕووسیا کشایەوە، بەریتانیا داوای دەستکاریی ڕێککەوتنەکەی کرد، چونکە مرخی لە نەوتی کەرکووك خۆش کردبوو. ئەوە بوو فەڕەنسە ویلایەتی مووسڵی تەسلیم کردو نەیدەزانی چ نرخێکی ئابووریی هەیەو، پاشتر پەشێمان بووەوە (بڕوانە: الدکتور فاضل حسین، مشکلة الموصل، ص ٨-٧ و محمد ظاهر العمري، تأريخ مقدرات العراق السياسية، ج٢،ص٨). پشت هێڵی مووش- سعرت- جزیرە بەپێی دووەم سەرچاوەیان بەر ڕووسیا نەکەوتبوو.

هێورکردنەوەی بارودۆخی خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ پێشنیار کردبوو، لەوانە هەوڵدان بۆ سوودوەرگرتن لە کورد. بریکاری حاکمی بەریتانیا بۆی دەرکەوت ئەم پێشنیار یا ڕێگایە باشترینیانە، لەبەر ئەوە لە ١٢ی مایسدا پێشنیاری کرد کورد بەتەواوی دڵنیا بکرێتەوە. ئەمجا پاش ڕەزامەندیی ژەنەراڵ ئەلنبی و سەرکردەی گشتی لە عێراق ئامۆژگاری نۆئێل کرا، بەپێی ئەو ڕێ و شوێنانە کە بۆ کوردی کوردستانی باشوور پێشنیار کرابوون لێبوردنی گشتی لە کورد ڕابگەیەنرێ. هەروەها نۆئێل بە برووسکە سەرپشك کرا بە دەمیش کورد دڵنیا بکاتەوە. (نۆئێل)یش لە حوزەیرانی ١٩١٩دا بەیاننامەیەکی لەناوچە کوردنشینەکانی ژێردەستیدا دەرکرد[17] و تێیدا گوتوویە:

((پاشەڕۆژی وڵاتانی بەئەرمینیا یا کوردستان ناسراو لەو کێشانەیە کەدەبێ لە کۆنگرەی ئاشتیدا یەکلایی بکرێتەوە. کەس بۆی نییە گومان بکات کۆنگرەی ئاشتی بڕیارەکانی لەبەر ڕۆشنیایی پرنسیپێکدا دەردەکات کە پێشتر زۆرجار ڕایگەیاندووەو، بریتییە لەوەی کەوا نەتەوەکان مافی دیاری کردنی جۆری حوکمی جێی ڕەزامەندیی خۆیانیان هەیە. حکوومەتی بەریتانیا پێشتر کوردی لەوە دڵنیا کردەوە کە بەرژەوەندەکانی لەو کۆنگرەیەدا ناکرێن بەژێر لێوەوە؛ ئەوکاتەی دەزانێ چ بڕیارێك لەوبارەیەوە دەردەچێ، گەلان و چینەکانی کوردستان لە بەرژەوەندیاندایە ئاشتی و ئاسایش بپارێزن. سەبارەت بە کوشتارەکانی ئەرمەنیش کە بە فەرمانی

---

[17] مس بێلْ لە کتێبی ناوبراویدا (ل٢١٤) گوتوویە: نۆئێل ٢٣ی حوزەیران بیاننامەکەی بڵاوکردووەتەوە. لە کاتێکدا بە پێشەکیی بیرەوەرییەکانی نۆئێلدا دەردەکەوێ: ١٤ی حوزەیران لە دیاربەکرەوە چووەتە حەڵەب و، ٢٦ی حوزەیران یا چەند ڕۆژێك پاشتر لەگەڵ کۆڵۆنێل ویلسندا کۆبووەتەوەو ٣ی تەمووز گەیشتووەتە ئەستەمبوول. پێم وایە پێش ٢٣ی حوزەیران و کاتێك لە ٤-١٤ی حوزەیران لە دیاربەکر بووە، ئەو بەیاننامەیەی بەشیوەتەوە.

حکوومەتی تورکیا کراون، ئەوە بڕیاری شارستانەتییە کە دەبێ بەرپرسانی دەرکردنی ئەم چەشنە فەرمانانە بە توندی سزابدرێن‌و، ئەرمەنەکانی بەرپرسی کوشتاری موسڵمانانیش هەمان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. پێویستە ژنان‌و کچانی ئەرمەن کە لە ماڵە موسڵمانەکاندا گل دراونەوە، بەربدرێن‌و زەوی‌وزارو ماڵی بەزۆر زەوتکراوی ئەرمەنیش بگێڕدرێنەوە بۆ خاوەنە ڕاستەقینەکانیان.

حکوومەتی بەریتانیا هێندەی مەسەلەکە پێوەندیی پێوە هەیە، نیازی نییە سیاسەتێکی تۆڵەسێنانە بەرامبەر بە کورد پێڕەو بکات لەسەر ئەو کارە دزێوانە کە لە سەروبەندی جەنگدا کراون‌و، ئامادەیە لێبوردنی گشتییان بداتێ. پێویستە ئەم جووتە گەلە کە لە هەمان وڵاتدا دەژین، هەڵەکانیان بۆ حکوومەت بەجێ بهێڵن‌و دەست لە ڕق‌و کینەو یەکدی تاوانبار کردن هەڵبگرن‌و ئامادە بن بە نەرم‌و نیانی‌و نیازپاکی پێکەوە گوزەران بکەن‌و، حکوومەتی بەریتانیا لەمە بەدەر هیچی ناوێ‌و سزای توندی بکەرانی هەموو کارێکی ناعادیلانەو هەر تاوانبارکردنێکی ئاوەژووی مایەی درێژەکێشانی دوژمنایەتی‌و پشێوی نانەوە دەدات))[١٨].

نۆئێل ناوەڕۆکی دڵنیاکردنەوەکانی دەسەڵاتدارانی ئینگلیزیی لە عێراقدا بۆ بەڕێز سەید تەها شەمزینی کە ئایاری ١٩١٩ سەری لە بەغدا دا، کردە بنەمای ئەم بەیاننامەیەی خۆی. ئەو دەسەڵاتدارانە پاشتر ناوەڕۆکی دڵنیاکردنەوەکانیان بەخێرایی نارد بۆ نۆئێل‌و، ئەویش کردیە بنچینەی

---

[١٨] مس بێل لە (ل٢١١، ٢١٤)ی کتێبەکەیدا گوتوویە: ٤ی مایس فەرمانی دەرکردنی لێبوردن درایە نۆئێل. ئەمەیش هەڵەیە، چونکە پێشنیاری لێبوردن- وەك گوتمان- لە ١٢ی مایسدا بووە. لەبەر ئەوە پێدەچێ ٤ی حوزەیران ڕاست بێ.

بەیاننامەکەی[19]. نۆئێل پاش ئەوەی ئەو بەیاننامە ناوبراوەی دەرکرد، ١٤ حوزەیران لە دیاربەکرەوە چووە حەڵەب و لەوێوە بۆ ئەستەمبووڵ، تا — وەك

---

[19] ئامانجی سەردانەکەی سەید تەهای شێخ محەمەد سدیقی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی بۆ بەغدا ئەوە بوو زۆر لە دەسەڵاتدارانی ئینگلیز بکات کوردستانی یەکگرتوو، بە بەشەکەی ئێرانیشەوە، لە سایەی بەریتانیادا پێك بهێنن. سەرچاوەکانی ئینگلیز جەخت لەسەر ئەو ئامانجەی دەکەن، لەوانە برووسکەی ژمارە ٥٣٥٤ ی ڕۆژی ١٢ی ئایاری ١٩١٩ی نوێنەری سیاسیی بەریتانیا لە عێراق بۆ سکرتێری وەزارەتی هندستان کە ئەمە دەقەکەیەتی:
((سەید تەها گەیشتە بەغداو ماوەیەکی درێژ پێکەوە دانیشتین.. گوتی مەبەستم لە هاتنە بەغدا داواکردنی کوردستانی یەکگرتووی ژێر سایەی بەریتانیایە بە هەموو کوردی ئێرانیشەوە. کە بۆم باس کرد سەبارەت بە کوردی ئێران چاوەڕوانی یارمەتیی ئێمە نەبێ، زۆر نائومێد بوو. لێبوردنی گشتی و خولقاندنی چەند ئیدارەیەکی کوردی خاوەن ئۆتۆنۆمی و دابینکردنی یارمەتیی ماددیی حکوومەتی بەریتانیا وەك چۆن لە عێراقدا هەیە، لە داواکانی بوون)) (بڕوانە دەقی برووسکەکە لە: جلال طالباني، كردستان و الحركة القومية الكردية، ط٢، بيروت، آذار ١٩٧١، ص٢٠٦، کە لە کتێبی ((کردستان و الحرکة القومیة الکردیة))ی ((صلاح الدین سعدالله))ی وەرگرتووە).
(مس بێڵ)یش لە (ل ٢١٣)دا دووپاتی کردووەتەوە: کاتێك سەید تەها لە کوردستانی ئێران نائومێد بوو، ئەم چوار خاڵەی داواکرد: لێبوردنی گشتی لە کوردو دانەنانی یەك سەرۆك لە کوردستان و ناچاریی گێڕانەوەی مەسیحیەکان بۆ وڵاتی خۆیان بەمەرجێك بەریتانیا گفت بدات کورد نەخاتە ژێر دەستی ئەرمەن و نەستووری و دەستی یارمەتی بۆ کورد درێژ بکات. ئینگلیز سەید تەهای لەو مەسەلانە دڵنیا کردەوە، چونکە ویستی لە شۆڕشی ڕوو لە تەقینەوەی کورد بە سەرکردایەتیی شێخ مەحموود دووری بخاتەوە. مس بێڵ لەم بارەیەوە گوتوویە: لەبەر ئەوەی شۆڕشی سلێمانی هەڕەشەی لە ئاشتیی سەرتاسەریی سنوورە کوردیەکان دەکرد، باشتر وا بوو سوود لە هەستی دۆستانەی سەید تەها وەربگرین. بریکاری حاکمی گشتیی ئینگلیز لە عێراق نووسراوێکی فارسی زمانی دایێ کە ئەمە کوردییەکەیەتی: ((حکوومەتی خاوەنشکۆ سەرپشکی کردووم دڵنیاتان بکەمەوە کە بەتەما نییە لەبەر کردەوەکانی سەروبەندی جەنگ پێڕەویی سیاسەتێکی تۆڵەسێنانە بکات بەرانبەر بە کورد. بەڵکە ئامادەیە لە هەموان خۆش ببێ. ئەمەیش ڕێ لە نوێنەرانی حکوومەتی بەریتانیا ناگرێ هەوڵی دۆستانەی خۆیان بدەن بۆ پێکەوە سازاندنی کاروباری شەخسیی ئەرمەن و کورد. هەوڵیش دەدەن کێشەی تایبەت بە زەوی و زاری هەردوولا بە شێوەیەکی دۆستانەو بەبێ پەنا بردنە بەر چەك یەکلایی بکەنەوە. حکوومەتی خاوەنشکۆ حەزیش دەکات دڵنیاتان بکەمەوە کە بەرژەوەندەکانی کورد لە کۆنگرەی ئاشتیدا چاویان لێ ناپۆشرێت (المس بیل، ص ٢١٣-٢١٤).

مس بێڵ گوتوویە- لەبریی ویلسنی بریکاری حاکمی بەریتانیا لە عێراق لەگەڵ کۆمیسەری بالای بەریتانیادا بکەوێتە گفتوگۆو پێوەندی بە سەرانی کوردی ئەوێوە بکات[٢٠]. نۆئێل وەك دەردەکەوێ ئەم ڕاپۆرتە جێی باسەی ئێمەی لە ئەستەمبووڵ پێشکەشی کۆمیسەری بالای بەریتانیا کردووە. نۆئێل لە پێشەکیی بیرەوەریەکانیدا، کە بیرەوەریی ڕۆژانەی لە ١٤ی حوزەیرانەوە کاتێك شاری دیاربەکری بەجێ هێشتووە تا ٢١ی ئەیلوول تێدا تۆمار کردووە، ئامانجی سەردانەکەیی بۆ ئەستەمبووڵ بەتایبەت لەسەر گەشتەکەی بە کوردستاندا بە یاوەریی جەلادەت و کامەرانی عالی بەدرخان باس کردووە؛ واتە گەشتەکەیان بە ویلایەتەکانی عێنتاب و مەلاتیەی کوردستانی باکووردا. بیرەوەریە بە ئینگلیزی چاپکراوەکانی نۆئێل بەم ناونیشانەیە: ((Diary of Major Noel on Special Duty in Kurdistan))

واتە: ((بیرەوەریی ڕۆژانەی مێجەر نۆئێل سەبارەت بە کارێکی تایبەت لە کوردستان)).

نۆئێل لە دیاربەکرەوە چووەتە حەڵەب و، ٢٦ی حوزەیران کۆلۆنێل ویلسنی لەوێ دیوە. ویلسن ١٣ی حوزەیران پێشنیاری پێکهێنانی کوردستانی سەربەخۆی کەم و زۆر لە ویلایەتەکانی وان و بدلیس و دیاربەکرو مەعموورەت ئەلعەزیز خستووەتە بەردەم حکوومەتی بەریتانیا. وەك بڕیاردرابوو، ٣ی تەمووز گەیشتووەتە ئەستەمبووڵ و سەرانی کوردی دیوەو پێکهاتوون جەلادەت و کامەرانی ئەمین عالی بەدرخان یاوەریی بکەن بۆ کوردستان. ٢٣ی تەمووز گەڕاوەتەوە حەڵەب و ئەمجا بەغداو، ١٩ی ئاب

---

[٢٠] المس بیل، ص٢١٦.

مس بێڵ گوتوویە: کۆمیسەری بالای بەریتانیا لە ئەستەمبووڵ ڕایسپارد نۆئێل لەگەڵ چەند کەسێکی بنەماڵە کوردەکاندا گەشتێك بکەن و کار بکەنە سەر هۆزەکانی کورد تا ئاسایش بەرقەرار بێ و مەسیحیەکان بپارێزن.

چووەتە حەڵەب. ٢١ی ئابیش لەگەڵ کامەران و جەلادەت و ئەکرەم جەمیل پاشادا[٢١] دەرچوون تا بە کوردستاندا بگەڕێن. ڕۆژی دوایی لە شاری عێنتاب[٢٢] بوون و، لەوێڕا چوونەتە نێو قوڵاییی ناوچەکانی خۆرهەڵات و باکووری خۆرهەڵات و پێیان ناوەتە بەشێکی ویلایەتی مەلاتیە. نۆئێل لەوێ گەلێك زانیاریی لەسەر کورد نووسیوە. چەندین ئاماریشی لەسەر دانیشتوانی قەزای (پازارچك)ی سەر بە ویلایەتی مەرعەش و ناوچەکانی کاختا و سامسات (حصن منصور ئادیەمان) و ئاقچەداخ کۆکردووەتەوە.

---

[٢١] ساڵی ١٩٧٢ چاوم بە ئەکرەم جەمیل پاشا کەوت لە حاجی ئۆمەران. تەمەنی ٨٠ یا ٨١ ساڵ بوو. پیرێکی ڕەندو ئەوپەڕی بێ هەواو فیز بوو. قاچی باش لە دووی نەدەهات و خۆی دابووە سەرشانی هاوڕێیەکی. هەواڵی ئەو گەشتەیم لەگەڵ نۆئێلدا لێ پرسی، کەمێك باسی کردو، بە فارسی قسەی لەگەڵدا دەکردم، گوتی: لە بەندیخانەی ((قەستەموونی))ی تورکیا فێری بووم، کاتێك دەسەڵاتدارانی کەمالی بۆ چەند ساڵێك زیندانیان کردم. پاشان پەنای بردووەتە بەر سووریاو لە ((راس العین)) نیشتەجێ بووە کە موڵکی بنەماڵەی جەمیل پاشا بووە. گوتی کتێبێکی گەورەی بە تورکی لەسەر مێژووی کورد داناوە، بەتەمایە لە بەیرووت چاپی بکات. عەرەبیی نەدەزانی.

[٢٢] عێنتاب: ناوی ویلایەتێکی کوردنشینی تورکیاو دراوسێی پارێزگای حەڵەبی سووریایە. شارێکی پێشکەوتووی ئەو بەشەی کوردستانەو، تورك بە (غازی عێنتاب) ناوی دەبەن. عێنتاب، کاتی میرنشینی جانپۆڵا (جانبلاط)یش لە (کلیس)، شارێکی ئەو میرنشینە کوردە بووە. دانیشتوانی ساڵی ١٩٦٥ دەگەیشتە ١٦٠ هەزار کەس. حەوت قەزای هەن، لەوانە کلیس لەسەر سنووری سووریایەو ئێستا (١٩٧٥) ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە دەوری ٣٠ هەزار کەس و، پێشتر ناوەندی میرنشینی کوردی جانپۆڵا بوو و، میرانی ئەو بنەماڵەیە بەناوی (جنبلاط)ـەوە هاتوونە سووریاو لوبنان. ((قەڵای عێنتاب))ی زەمانی بێزەنتی و ((قەڵای بەلقیس))ی خۆرهەڵاتی عێنتاب بە (٧٦کم) کە هیی سەدەی سێیەمی پێش زاینەو ((قەڵای ڕەوەند)) ی پێش ئیسلام و دێی ((دلوك))ی باکووری عێنتاب بە (١٠کم) کە هیی سەردەمی ڕۆمانە، لە شوێنەوارەکانی ئەم ویلایەتەن. ((العینی))ی مێژوونووسی ناودار لەم شارەدا پەروەردە بووە، واتە ((بدرالدین أبو محمد محمود بن أحمد بن موسی)) کە ساڵی ٨٥٥ی ك مردووەو خاوەنی مێژووی ((عقد الجمان))ـە لە بیست و پێنج بەرگداو دەیان کتێبی دیکەیشی هەن. ناوبراو کوردستانی بەجێ هێشت و ڕوویکردە میسرو، لەلای سوڵتان ((شیخ المحمودی)) زۆر پێشکەوت.

نۆئێل و هەڤاڵەکانی لە کاتێکدا درێژەیان بە گەشتەکەیان داوە لە ویلایەتی مەڵاتیە، مستەفا کەمال فەرمانی داوە بیانگرن و بیانخەنە نێو زیندان. بۆیە ناچار بوون بە ڕێگای (حەڵەب)دا بچنەوە ئەستەمبووڵ. مس بێڵ باسی ئەوەی کردووە کە کارەکەی نۆئێل بەچی گەیشتووە، لە کتێبەکەیدا (فصول من تأريخ العراق الحديث، ص٢١٧) گوتوویە: نۆئێل لەوێوە نووسیویە کورد لە (عێنتاب)ەوە تا مەڵاتیە ٧٠-٨٠ ٪ی دانیشتوان پێکدەهێنن و مێشکیان پڕ لە بیروباوەڕی نەتەوایەتیی کوردییەو، بە پێچەوانەی کوردی (دیاربەکرو ماردین)ەوە دژی تورکن. ئەوانە زۆربەیان شیعە بوون و، ئەوێ شتێکی بەناوی ئەرمەنەوە تێدا نەبوو، چونکە ژمارەی ئەرمەن بەردەوام کەم بووە. کۆمەڵەی بەرگریکردن لە تورک (بە پێشەوایەتیی مستەفا کەمال) بە مەسەلەکەی زانی و لێی ترسا، لەبەر ئەوەی پێی وا بوو مێجەر نۆئێل بە هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی کوردستانی ڕزگارکراو لە چنگی عوسمانیەکان پشێوی دەنێتەوە. حکوومەتی داماد فەرید پاشا (سەرۆوەزیری حکوومەتی عوسمانی لە ئەستەمبووڵ)یشیان تاوانبار کرد بە خیانەتکردن لە بەرژەوەندەکانی ئیمپڕاتۆری عوسمانی، چونکە ڕازی بوو بوو ئەو گەشتە بکرێت. بۆیە ئەحمەد جەودەتی سەرکردەی سوپای سیازدەیەم هەوڵی‌دا بەدرخانیەکان بگرێ و، بارودۆخەکە زۆر دژوار بوو. ئەوجا سەرکردەی گشتیی گەلەکۆمەی سەر میسر، مێجەر نۆئێلی لە مەڵاتیە کێشایەوە. بەڵام کۆمەڵەی نەتەوەییی کورد لە ئەستەمبووڵ ناڕەزاییی دژی کردەوەی تورک دەربڕی و ڕایگەیاند ڕووداوەکەی مەڵاتیە سووکایەتیکردنە بە شەرەف و هەستی نەتەوایەتیی کورد. لەوکاتەوە هەردوو حیزبی نیشتمانیی تورک و کورد زیاتر لەیەك دوور کەوتنەوە. ئەوە بوو پێڕەوانی مستەفا کەمال هەموو یانە کوردیەکانیان لە ویلایەتەکانیان داخست و، بەپێی ڕاپۆرتەکان گەلێك

ڕێ‌و شوێنی توندوتیژیان دژی هەموو کەسێکی ناسراو بە بڵاوکردنەوەی بیری سەربەخۆیی کورد دانا.

بەم پێیە کارەکەی مێجەر نۆئێل سەری نەگرت‌و، تا ساڵی ١٩٢٢ هەواڵیمان لێ دەبڕێ‌و، ئەوساڵە دەبینین لە بەغداوە بە یاوەریی شێخ مەحموودی پێشەوای کورد دێتەوە شاری سلێمانی. ئەمە پاش هێنانەوەی شێخی نەمر لە هیندستان‌و ڕزگار بوونی لە دیلی. پاشتر زانیاریمان لەسەر نۆئێل نامێنێ. (نۆئێلی مەزن خەباتێکی شۆڕشگێڕانەی لە پێناوی ڕزگاریی کوردو سەربەخۆیی کوردستاندا کردو دڵسۆزییەکی زۆری بۆ کورد نواند. بەڵام خەباتەکەی سەری نەگرت. دەبێ گەلی کورد جێگایەکی بەرزو شایان لە مێژووی خۆیدا بۆ نۆئێلی مرۆدۆست تەرخان بکات. نۆئێل لە مێژووی کورددا هەمیشە بە زیندوویی‌و نەمری دەمێنێتەوە، وەك چۆن لۆرەنس لە مێژووی عەرەبدا هەمیشە زیندووە).

عبدالرقیب یوسف

١٩٧٥

میجەر نوئێل

# سەرنجدانێکی بارودۆخی کورد



میجەر نۆئێل

### ١- مێژوو:

کورد نەوەی کۆنی کۆردۆنی (CORDOWNI)ن کە (Xengiran)[٢٣] یان لە کشانەوەیدا سەخڵەت کرد. سەرەتا نیشتەجێی هەرێمی نێوان هەردوو گۆلی ورمێ و وان و چیاکانی سەرچاوەی جووتە ڕووباری عێراق و چیای زاگرۆس (Zagros)یش بوون بەدرێژاییی باشووری ئەو هێڵە تا باکووری ناوچەی زێدی خێڵەکانی لوڕ (LURISH). کاتێك هێزی حکوومەتەکانی دەوروبەری ناوچەی کوردنشین نەماو لەنێوچوو، ئەو خەڵکە گیرۆدەی شەڕە ڕوو بە باکوورو خۆرئاوا کە بریتی بوون لە بایەزیدو ئەرزڕۆمو ئەرزنجان و چیاکانی خۆرهەڵات و باکووری حەڵەب، ئاخێزیان کردو تێیاندا نیشتەجێ بوون و تا ئێستا ماونەوە. کوردی ئەو ناوچەیە کە بە کوردستانی ناوەڕاست و دەوروبەری ناسراوە، باسکیان ئەستوور بووو سەرفراز بوون. گەلێك کەڵە شاعیر لە ناوەندی ئەم مێژوەماندا لە نێو زنجیرە چیاکانی (هەکاری)دا هەڵکەوتن.

تورك هەمیشە بۆ سەرکوتکردنی هێزی کورد ڕاست بوونەتەوە. بەڵام ناوچەی ڕەواندزی دوا ویلایەتی سەربەخۆی کورد هەر لە سەردەمی نوێدا تەسلیم بە دەسەڵاتی عوسمانی بوو. بەم پێیە ڕوون دەبێتەوە کە ژیانەوەی بیری سەربەخۆییی کورد، لەچاو مەسەلەی ئەرمەندا، لە ڕووی مێژوویییەوە دەرکەوتووترە. لە کاتێکدا دوا شوێنەواری مەملەکەتی ئەرمەنی لە دێرزەمانەوە، سەدەی چواردەیەم، سڕدراوەتەوە.

---

[٢٣] ئەم ناوە هەڵەیەو ڕاستیەکەی Exenophon (ئەگزینۆفۆن)ـە، سەرکردەی ئەو دە هەزار شەڕکەرە یۆنانیە بوو کە ساڵی (٤٠٠-٤٠١ی پ.ز) بە وڵاتی کاردۆخییەکاندا کشانەوەو لە ڕێگا تووشی بەرهەڵستییەکی توند بوون. ناوبراو ئەو بەسەرهاتەی لە کتێبێکی خۆیدا بەناوی ((ئاناباز Anabase))ەوە تۆمار کردووە. (س)

٢- زمان:

توێژینەوە ساخی کردووەتەوە کە کوردی زاراوەیەکی گونجاوە بۆ زمانێکی بەرفراوانو سەربەخۆی وەك تورکیو فارسی. زمانی کوردی نوێ لەبەر پەرشو بڵاویو دوورەپەرێزیی خێڵە کوردەکانو نەبوونی ئەدەبێکی کامڵی خاوەن کاریگەریی بەردەوام، دابەش بووە بۆ چەند شێوە زمانێك کە هەریەکەیان بنچینەیەکی تایبەتی خۆی هەیە؛ بەڵام کەمو زۆر وەك زمانێکی خاوەن یەك سەرچاوە هاوشێوەن.

تورك لە دەوڵەتی عوسمانیدا هەوڵێکی زۆریان دا کوردی وەك زمانی نووسین بڵاونەبێتەوەو، ڕێی چاپکردنو بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردییان گرت. ئەمە سەرەنجام کارێکی کرد ئەم زمانە نەبێتە زمانی نووسین. بێگومان ئەگەر زمانی کوردی هاندانێکی باشی بۆ پەیدا ببێو قوتابخانەی بۆ بکرێتەوە، دەتوانێ گەشە بکاتو ببێتە هۆیەکی لەباری پێخوێندن. ئەوەی جێی بایەخە، کوردی لەنێو کوردو ئەرمەنو نەستووریو سریانی هێندێك هەرێمدا وەك زمانێکی تێکەڵ LINGA FRANCA[٢٤] بەکار دەهێنرێت. لە ڕاستیدا ئەرمەنی وا لە چەند ناوچەیەکی کوردنشیندا هەن، هەر زمانی کوردی دەزانن.

---

[٢٤] ئەمە هەڵەیەو ڕاستییەکەی Lingua Franca یە، واتە زمانی هاوبەش. (س)

## ژیانەوەی هەستی نەتەوەیی کورد:

ئەمەی خوارەوە لە کتێبی (ژیانی سەرەتاییی نێو کورد) ەوە وەرگیراوە، کە ساڵی ١٨٧٠ لەلایەن میلینگن MILINGEN[٢٥] ـەوە بڵاوکراوەتەوە:

((سەیرو سەمەرە ئەوەیە کورد پاش تێپەڕینی ئەم هەموو سەردەمانەو، سەرەڕای هێرشی ئەو داگیرکەرانە کە ملیان پێ کەچ کردووەو وڵاتەکەیان ژێر پێ ناوە، توانیویە لە ڕابردوودا نیوچە سەربەخۆییەك دابین بکاتو بە هەموو دەوروبەردا بڵاوببێتەوەو خۆی بپارێزێ.

پێویستە وەکو دیاردەیەکی سەیرو مایەی سەرسامی بڕوانرێتە ئەوەی کە ئەم گەلە وەك بوڵگاریەکانی ئۆراڵ CRASH[٢٦] یا گەلانی دیکە نییە؛ نە پاشاو ئیمپڕاتۆرێكو نە تاجێکی لە تەنەکە یا ئاسن دروستکراوی هەبوە تا وەك نیشانەیەکی بەرچاوو خۆسەپێن شانازیی پێوە بکاتو، بەردەوامو وێڕای ئەوانەیش هەر بە کوردی ماونەوە. بەڵام زانایانی بنەچەناسو ئەوانی دیکە چی دەڵێن کاتێك دەبیستن کورد نەك هەر بەرەبابێکی شاهانەی تایبەت بە خۆیو هیچ شێوە دەستوورێکی سیاسیی شیاوی ئەوەی کە ببێتە بنچینەی نەتەوایەتی شك نەبردووە، بەڵکوو پێوەندییە کۆمەڵایەتیو سیاسییە بەتینەکانیشیان لە چەشنی ئاینو نەریتی مێژوویيو زانستی ئەدەبو خوێندنەوەو نووسیندا لەنێودا نەبوە؟ بگرە بۆیان ڕوون دەبێتەوە چۆن لەلایەکەوە هەستی نەتەوەیی کورد لە چەرخە دێرینەکانەوە سەری هەڵداوەو، لەلایەکی دیکەوە تەوژمی بەسەرهاتەکانی ڕۆژگار ئەم نەتەوەیەی نەسڕیوەتەوە. بەسوود دەبێ بەشێکی چکۆلەی مێژوویان لە سەرەتای ئەم

---

[٢٥] ڕاستیەکەی F. Millingen ی خاوەنی کتێبی ژیانی کێویی نێو کورد ((Wilde Life Among The Koords))ە کە ساڵی ١٨٧٠ لە لەندەن چاپ بووە. (س)

[٢٦] ئەگەر ئۆراڵ بێ CRASH هەڵەیەو، دەبێ Oural بێ کە زنجیرە چیایەکی نێوان ئەورووپاو ئاسیایە. (س)

سەدەیەوە[٢٧] بگێڕینەوە، تا بیسەلمێنین ئەم نەتەوەیە نەك هەر سستو کەم تەرخەم نەبوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە گەلێك بەڵگەی زیندوویێتیی خۆی خستووەتە ڕوو.

ئاواتە نەتەوەییەکانی کورد لەم سەدەیەدا سێ جار هانیدان دەسەڵاتی سوڵتان بەسەر خۆیانەوە نەهێڵنو سەربەخۆییان بەدەست بهێنن: یەکەمین جووڵانەوە ڕاپەڕینی ساڵی ١٨٣٤ی محەمەد پاشا MEHMETی ڕەواندزی بوو. ئەگەرچی نەخشەو پلانە سەرەتاییەکانی پاشا ژێربەژێرو نهێنی بوون، بەڵام گومانی تێدا نییە کە مەبەستی ڕزگارکردنی وڵاتەکەی بوو لە چنگی تورك. دووەم جووڵانەوە کە کورد مەبەستی پێ سەقامگیرکردنی سەربەخۆیی نەتەوەیی بوو، جووڵانەوەی ڕێکوپێکی ئەحمەد پاشای میری پشتاوپشتی سلێمانی بوو کە سوپایەکی ڕێکخراوی لە گەلێك ستوونی پیادەو تۆپخانەو سوارە پێکەوە ناو، هێزەکەی نارده بەرامبەر هێزی پاشای تورکی حاکمی بەغدا. ئەم ڕووداوە ساڵی ١٨٤٣ قەوما. سێیەم جووڵانەوەو هەرە گرنگترینیان لە ساڵی ١٨٤٧دا بوو، کاتێك (بەدرخان)ی سەرۆکی کورد سوپایەکی زەبەلاحی پێکهێناو، سەرەتا نەستوورییەکانی پێ خستە ژێر دەستی خۆیو، دوایی بە سەرکردەییی عومەر پاشا بەرەنگاریی سوپای تورکی پێ کرد[٢٨].

---

[٢٧] مەبەستی سەردەمی مێجەر میلینگن خۆیەتی کە سەدەی نۆزدەیەمە.

[٢٨] مامۆستا عەبدولڕەقیب لێرەدا سێ پەراوێزی درێژی بۆ سەروبەندی کۆتاییی میرنشینەکانی سۆرانو بابانو بەدرخان کردووە. بەڵام لەبەر ئەوەی بۆ ئەم کاتە تازە نەبوونو، مامۆستا خۆیشی ئەم ساڵانەی دوایی زۆر بەڵگەنامەی عوسمانیی گرنگی لەسەریان دەستکەوتووە کە زانیاریی نوێو نەبیستراویان تێدایەو چەندین هەڵەی باویان پێ ڕاست دەکرێتەوە، پێویست نەزانرا بکرێنە کوردیو لابران. جێی باسە میرنشینەکانی سۆران ساڵی ١٨٣٧و بابان ١٨٤٦و بەدرخان ١٨٤٧ بەهێزی دەوڵەتی عوسمانی ڕووخێنران. (س)

بابی عالی (واتە دەوڵەتی عوسمانی) ئەم ڕووداوانەی وا لێك دایەوە کە هەوڵ و تەقەلای ئاژاوەگێڕانەو یاخیبوونن و، هیچ هەست یا ئاواتێکی نەتەوەییان تێدا نەبوە. پێویستە وا بڕوانرێتە ئەم جووڵانەوەو ڕاپەڕینانەی کوردستان کە کۆمەڵە بەڵگەیەکی پڕ بایەخن و دەیسەلمێنن مەسەلەکە لە گەوهەردا بنەمایەکی لە مەبەستی ئاساییی چەتەیی و ڕێگری بالاتری لە دوو توێدا بووە. دەنا ڕاستیی بەرپابوونی سێ جووڵانەوەی ڕێکخراو و ڕێکوپێکی لەم چەشنە لە ماوەی کورتی پازدە ساڵدا، یەکەم لە باشوورو دووەم لەوپەڕی خۆرئاواو سێیەم لە بەشی باکووری کوردستان، چۆن لێکدەدرێتەوە؟ ئەو کاتانە وەك دەردەکەوێ جۆش و خرۆشی شۆڕشگێڕانە مێشکی سەرجەم جەماوەری پڕکردبوو.

من بەپێی ئەزموونی شەخسیی پشت بەستووم بە تێکەڵیی زۆر سەرۆکی بزاڤی کوردی وەك ئەحمەد پاشای سلێمانی و ڕەسووڵ پاشاو براو کوڕەکانیان، دەتوانم بەبێ ترس و زێدەڕۆیی جەخت بکەم کە هەستی نەتەوەیی و خۆشویستنی سەربەخۆیی بە قووڵی لە دڵی کورددا، وەك هەر میللەتێکی دیکە، ڕەگاژۆ بووە[29])).

ئەوەتی ئەمەی سەرەوە نووسراوە، چەندین جموجووڵی نەتەوەییی دیکە لە نێو کورددا پەیدا بوون و بوونەتە مایەی خوێنڕشتن: لەوانە هێرشی ساڵی ١٨٨٦ی عەبدوڵلا بۆ سەر عەجەم[30] و، ڕاپەڕینی ساڵی ١٨٩٥ی دژی

---

[29] میلینگین کاتی خۆی چاوی بە گەلێك سەرۆکی کورد کەوتووە، لەوانە ڕەسووڵ پاشای برای محەمەد پاشای ڕەواندزی و ئەحمەد پاشای بابان. کاتی گفتوگۆکردن هۆی بەپابوونی جووڵاوەکانی محەمەد پاشای ڕەواندزی و ئەحمەد پاشای بابان و بەدرخان پاشای لێ پرسیون و، بۆی دەرکەوتووە هەستی نەتەوەیی هاندەریان بووە.

[30] ئەو ساڵە هەڵەیەو ١٨٨٠-١٨٨١ ڕاستەو، مەبەستی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهرییە. مامۆستا عەبدولڕەقیب لێرەیشدا پەراوێزێکی درێژی بۆ کردووە. لەبەر هەمان هۆی پێشوو نەکرایە کوردی و لابرا. (س)

تورك[31] و ڕاپەڕینی سەرنەگرتووی ساڵی ١٩١٩ی بدلیس کە تورك بەوپەڕی توندو تیژییەوە ئاگرەکەی خەفە کرد[32].

---

[31] ئەم بیستووە ساڵی ١٨٩٥ جووڵانەوەیەکی کوردی سەری هەڵدابێ، لەوە بەدەر کە ڕەحمەتی ئەمین زەکی بەگ گوتوویە: ئەو ساڵە ڕووداوی خوێناوی لە ناوچەی هەکاری دژ بە حکوومەت قەوماون و، هیچی دیکەی لێ زیاد نەکردووە (بڕوانە: محمد أمین زكي، خلاصة تأريخ الكرد و كردستان، ج١، ط٢، ترجمة محمد علي عوني، بغداد، ١٩٦١، ص٢٥٥).

[32] ئەم شۆڕشە ڕاست ساڵی ١٩١٤ لە لایەن کوردانی بدلیس و بە تایبەت ناوچەی (هیزان)ـەوە بەرپا بوو، کوڕانی شێخ سیبغەتوڵڵای هیزانی: شێخ شەهابەدین و محەمەد شیرین و سەید عەلیی برازای سەرکردەی بوون. ئەوانە ڕێبەریی مورید و پێڕەوانی خۆیانیان کردو پەلاماری شاری ((بدلیس)) یان دا تا بیگرن. بەڵام هێزەکانی تورك شۆڕشەکەیان سەرکوت کردو هەرسێ سەرکردەکەیان ئیعدام کرد. هەرچی خەلیفە مەلا سەلیمی ماموٚستایشیان بوو، پەنای بردە بەر قونسڵخانەی ڕووس لە بدلیس و تا ساڵی دوایی لەوێ مایەوە. کاتێك یەکەم جەنگی جیهانی هەڵایسا، تورك لە قونسڵخانەکە هێنایانە دەرێ و لە ((گۆك مەیدان))ی لای مەدرەسەی شەرەفخانی بدلیسی ئیعدامیان کرد.

مەلا سەلیم بەشی هەرە زۆری بەرپرسیی سەرنەگرتنی شۆڕشەکەی لە ملدایە، چونکە بە هەڵەشەیی و بیرکۆڵی هەرسێکیانی ناچار کرد بە پەلە شۆڕش لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا ڕابگەیەنن، لە کاتێکدا ئەوانە پێیان وابوو کە دەبێ چوارچێوەی شۆڕش فراوان بێ و کوردی ناوچەکانی دیکەی ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانیش بەشداریی تێدا بکەن. لەبەر ئەوە پێوەندییان بە شێخ حسێنی کوڕی شێخ خالیدی زێباریی باسرەتیی گەورە شێخی بۆتانەوە کرد تا لەگەڵ کوردی بۆتاندا بەشداری شۆڕش بن، وەك بەهەشتی شێخ محەمەد شەفیقی کوڕی شێخ حسێن لە سووریا بۆی باس کردووم. بەڵام شێخ حسێن پێشوازیی لەو بیرە کردو پێی گوتن: پەلە نەکەن تا پێوەندی بە کوردی بادینانەوە دەکەن بێنە پاڵ شۆڕش. گوتبووی: ئەگەر کەم و زۆر هەموو کورد بەشدار نەبن، ناتوانین لەبەردەم هێرشی گەورەی حکوومەتدا خۆڕابگرین. کاتێك خەریکی ئەو کارە بوون، شۆڕش هەڵایساو سەرنەکەوت. ئەو سێ سەرکردەیە زۆر سەرگەورەی کوردیان ئاگادار کردەوە. بەڵام تەواو چاوەڕوان نەبوون تا هەوڵ و کۆششەکان تەواو یەکبخرێن. لە زۆر کەسی هاوزەمانی شۆڕشەکەم بیستووە: مەلا سەلیم پەلەی لێ کردوون. ماموٚستام و زانای گەورە مەلا محەمەدی زڤنگ شکاك لە بۆتان کە قوتابیی مەدرەسەی هیزان بووە، ئەوەی پێ گوتووم.

سەید عەلی وا ناسرابوو کە لە زۆر بواردا لێهاتووەو، بەرپرسی داراییی بنەماڵەی هیزان بوو. شێخ شەهابەدین برا گەورەو سەرقاڵی کاروباری ئاینی و موریدانی بوو. محەمەد شیرینی برا بچووك زۆربەی کاتی خۆی لە قوتابخانەی ئاینیدا لەگەڵ ماموٚستاو فەقێکاندا بەسەر دەبرد، لاوێکی بۆشناخی خاوەن ڕەوشتێکی بەرزو بێ هەواو فیزو بە سەبرو دڵفراوان بوو. جێی باسە، پاش ئەوەی ناوی بنەماڵەی شەمزینی کز بوو، پلەو پایەی ئاینیی بنەماڵەی هیزان لە کوردستان

### ٣- خەسڵەتە نەتەوەییە هەڵواردەکان:

کورد بۆ نەگبەتی لە ئەوروپا وەك کابرایەکی کێویی دڕندە تەماشای دەکرێت کە هەموو ئیشێکی لە ژیاندا ئەرمەن سەربڕینە. تێناگەین چۆن ئەم بیروڕا تەواو هەڵبەستراوە بڵاوبووەتەوە؛ لە کاتێکدا تێکڕای ئەو گەڕۆکە ئەوروپاییانە کە بۆ سەرنجدان و سۆراخکردن چوونەتە کوردستان، وەختێك گەڕاونەوە بۆچوونێکی زۆر باشیان لەسەر کورد هەبوە. وێڕای ئەوە، بیروڕایەکی گشتیی دژ بە کورد بەهۆی چالاکیی ڕۆژنامەگەلی مسیۆنێران و کۆمەڵەی زۆر بەهێزی ئەرمەنییەوە لە ئینگلتەرە داکەوتووە.

کورد وەك ساخ بووەتەوە باشترین کەسی بۆ کاری فەرمانبەری و پۆلیسی لە عیراقدا بۆ دابین کردووین و، ئەو تاقمە کرێکارانە کە لە دەورانی جەنگدا پێکهێنران، دەریانخست خستنەکاری کورد لە هیی عەرەب و عەجەم زیاتر ئەنجامی باشی بەدەستەوە داوە. کورد بە زیرەکییەکی بێ وێنەوە مەکینەی

---

بەرز بووەوە. شێخ سیبغەتوڵڵا (صبغه الله) کە لە لای کورد بە (غەوسێ هیزان) ناسراوەو تەریقەتی نەقشبەندیی لەسەر دەستی سەید تەهای گەورەی شەمزینیی خەلیفەی (مەولانا خالید) وەرگرتووەو بووە بە خەلیفە، خۆی لە بنەڕەتدا لە بنەماڵەی زانستپەروەری (ئارواس)ی ناوچەی (مکس)ی دراوسێی ناوچەی هیزانە کە لە خوار گۆلی (وان)ـە. ڕۆژی ١٩٧٧/٨/١٠ چوومە سەر گۆڕی هەرسێ شەهید لە گردی (غەیدا)ی خۆرهەلاتی دێی هیزان. مەدرەسەو تەکیەکەیشیان هەر لەوێن و، تا ئەو کاتە هەردوکیان مابوون.

بنەماڵەی هیزان بەهۆی پایەی بەرزی ئایینییەوە سامانێکی زۆری لەلا کۆبووەوە تا بووە دەوڵەمەندترین بنەماڵەی ئەو ناوە. گەلێك زانای دیارو قوتابی و فەقێ لە قوتابخانەکەیدا بوون و، بەوە بووە یەکێك لە گرنگترین قوتابخانەکانی کوردستان. لەو مامۆستا ناودارانە: (مەلا خالیدی ئولەکی) کە بوو بە قسەی سەر زاری خەڵکی ئەو ناوچانەو، زۆر سەرنج و تەعلیقی بەسەر کتێبانەوە هەن. شتێکی سەیری مێژووی ئەم قوتابخانەیە ئەوەیە: ڕۆژی دووشەممەی هەموو هەفتەیەك لەوێ وەك هەینی ڕۆژی پشوو بووەو دەرسگوتنەوەی تێدا ڕاگیراوەو کراوە بە ڕۆژی تایبەتی مشتومڕی زانستیی نێوان مامۆستایان و فەقێکان. زۆر هەواڵی ئەم قوتابخانەیەو بنەماڵەی هیزانم لە سەیدا مەلا محەمەدی زڤنگی بیستووە کە لە زەمانی ئەو سێ شەهیدەدا لەو قوتابخانەیە خوێندوویەو، بە پەژارەیەکی بێ ئەندازەوە بیرەوەرییەکانیی لە بارەیانەوە دەگێڕایەوە.

لە کانگاکانی گازی باشووری عەجەمستان ئیش پێکردووەو، ئێستا زۆربەیان پلەو پایەی خاوەن بەرپرسیی گرنگیان لە وەزیفەی سەربەخۆی نێو کانگاکانی ئاسندا هەیە.

ئەو ڕاستییە زۆر ئاشکرایە کە کۆچەرانی کورد لە ئەمریکاو ئەفریقیا ناوبانگێکی چاکیان لەو ناوەدا هەیەو، هێندەی نەخایاندووە خۆیانیان لەگەڵ هەلومەرجی شارستانەتیی نوێدا گونجاندووە.

ئەم نموونانە پێشانی دەدەن کە کورد تەواو قابیلی ئەوەیە بەشێوەیەکی نوێ پەروەردە بکرێت و پێش بکەوێ و، لەو ڕووەوە لە عەرەب و عەجەم باڵادەستترە. حوکمی لەبەرچاوگیراوی شارەزایان ئەوەیە کە کورد لە هەموو میللەتانی خۆرهەڵات زیاتر دەتوانێ پەی بە سوودو قازانجی دامەزراندنی جۆرە حکوومەتێکی پێشکەوتووو جێگیر لە مەملەکەتەکەیدا ببات.

## ٤- پێوەندیی کورد بە ئەرمەنەوە:

جیاوازییەکی لە بنەڕەتدا زۆر گەورە لە نێوان کوردو ئەرمەندا نییە، بەڵام ئەو سیاسەتە کە عەبدولحەمید[٣٣] دەستی پێکردو کۆمەڵەی (ئیتیحادو تەرەقی)ش درێژەی پێدا، بۆ بەدبەختی بووە هۆی خولقاندنی ڕق و کینەو بێ متمانەیی کە ئێستا تا ڕادەیەك زەحمەتە بسڕدرێنەوە.

کوردو ئەرمەن تا ساڵی ١٨٦٠- بە گەواهیی ئەرمەنەکان خۆیان- وا پێکهاتبوون لە هەلومەرجێکی پڕ دۆستایەتیدا پێکەوە بژین. هەرچی کوشتاری بەکۆمەڵی ساڵانی ١٨٦٥[٣٤] و ١٩١٥ی ئەرمەنەکانە؛ سەرلەبەر

---

[٣٣] مەبەست سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٤٢-١٩١٨)ە کە لە (١٨٧٦-١٩٠٩)دا لەسەر حوکم بووە. (س)

[٣٤] ئەوی زانراوە هیچ کۆمەڵکوژییەکی ئەرمەن لە ساڵی ١٨٦٥دا نەکراوە، بەڵکە ئەوە پاشترو دوابەدوای دامەزراندنی فەوجەکانی سوارەی حەمیدی بووە لە ١٨٩١دا. ئەو فەوجانە ساڵانی ١٨٩٣، ١٨٩٥، ١٨٦٩ زنجیرەیەك پەلاماریان بردە سەر ئەرمەنەکان. بۆیە ئەو ساڵی (١٨٦٥)ە هەڵەیەو زۆر ڕێی تێدەچێ (١٨٩٥) ڕاستتر بێ و، ئەو هەڵەیە لە چاپی دەقە ئینگلیزیەکەدا یا بە

لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە کراون. کاتێك لە دیاربەکر بووم، بەتایبەتی لە سەرۆکە بەرپرسەکانی تیرە مەسیحیە جیاجیاکانم پرسی: پێوەندییان بە کوردەوە چۆنە؟ بە دڵنیاییەوە وەڵامیان دامەوە کە ئەگەر کاری تێکدەرانەی تورك لە ئارادا نەبێ، ئیدی هیچ هۆیەك نابێتە بەربەست لەبەردەم پێکهاتنی دڵخوازانەی هەردوو نەتەوەدا تا پێکەوە بە ئاشتی ژیان بەسەر ببەن.

زۆر ڕووداو سەروبەندی جەنگ[٣٥] قەومان و، باش ئەو ڕاستییەیان سەلماند کە کورد بە ئەنقەست فەرمانەکانی تورکیان سەبارەت بە کۆمەڵکوژیی ئەرمەن جێبەجێ نەکردووەو گەلێك ئاوارەی ئەرمەنیان بە سەلامەتی گەیاندووەتە سنوورەکانی ڕووسیا. کوردانی (دێرسیم) نێزیکەی (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار ئەرمەنیان بەم شێوەیە ڕزگار کردووە. ڕاپۆرتی تایبەت بەم بەسەرهاتە لە ژمارە (١١٩)ی ڕۆژی ٢ی نیسانی ڕۆژنامەی ئەرمەنیی JAGADAMART[٣٦] دا بڵاو کراوەتەوە.

ماوەیەکی کورتی پێش ئاگربەست سەرم لە ناوچەکانی نێزیك بە (ڕەواندز)ی کوردستانی ناوەڕاست داو، لەوێ زۆر لەو ئاوارە مەسیحیانەم بینی کە دوو ساڵ یا پتر بوو کورد لە چیاکاندا داڵدەی دابوون و شاردبوونیەوە. ئەوانە بەم جۆرە لە دوورخرانەوەو مردنی چاوەڕوانکراو دەرباز بوو بوون. سەرباری ئەمە، کوردی ئەو ناوچەیە چەندین لیستی درێژی ناوی ئەو مەسیحیانەی دیکەیان دامێ کە نەیانتوانیبوو قوتاریان

---

دەستی وەرگێڕی عەرەبی کرابێ (بڕوانە: ڕۆبەرت ئۆڵسن، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٢٤-٣٤و، محمد امين زكي، خلاصة تأريخ الكرد و كردستان، ص ٢٥٥). (س)

[٣٥] مەبەستی یەکەمین جەنگی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨)یە.

[٣٦] ناوی دروستی ئەم ڕۆژنامەیە (ئازاتامارت)ـە (بڕوانە: جليلى جليل، نهضة الأكراد الثقافيةو القومية/ نهاية القرن التاسع عشر بدايه القرن العشرين، ترجمه باقى نازىو آخرون، ط١، بلا، ١٩٨٤، ص ٣٨). (س)

بکەن‌و، داوایان کرد بە پەلە بیانگەیەنینە ئەو ئۆردووگایە کە بۆ ئاوارەکان کرابووەوە لە عێراق‌و چارەڕەشی تووڕیدابوونە ئەویَ.

کوردستان وێڕای ئەرمەن، سریان[٣٧] و نەستوور[٣٨]یشی لێیەو، پێوەندیی نێوان کوردو ئەم دوو تیرەیە هەمیشەو بە گشتی دۆستانە بووە. بەڵام نەستووریەکان لەکاتی جەنگدا شان بەشانی ڕووس بەشداریی شەڕیان کرد. بەم پێیە پێوەندیی دۆستانەی لە مێژینەی نێوانیان پچڕا. لەگەڵ ئەوەیشدا نەستووری‌و کورد پێیان وایە دەکرێت دۆستایەتی جارانیان بەبێ هیچ چورتمێك دروست ببێتەوە.

مەسەلەی ئەوە کە ئایا نەستووریەکانی هەکاری کوردی نیشتمانپەروەرن یا کۆچەرە مەسیحیەکان لە توخمی ئارامیەکانن، تا ڕادەیەك جێی

---

(٣٧) سریان ئەمڕۆ ئەو مەسیحییانەن کە بە زمانی سریانی دەدوێن. تاقمێکیان دوا بەدوای گفتوگۆی لاهووتیی تایبەت بە سروشتی مەسیح، لە کڵێسەی ئەنتاکیە جیا بوونەوە. کڵێسەیەك (سەدەی شەشەم) لە سووریاو میزۆپۆتامیا بەهۆی (یعقوب البردعی)یەوە ڕێکخراو، پێڕەوەکانی بە یەعقوبیەکان ناسران. کڵێسەی مارۆنییان لە سەدەی پێنجەمدا لێ جیا بووەوە. سەدەی حەڤدەیش کڵێسەیەکی سریانی کاتۆلیکی پێکهات (بڕوانە: المنجد في الأعلام، ط٩، ص ٣٥٤). (س)

(٣٨) نەستووریەکان کوردانی مەسیحیی پێڕەوی (نەستوور)ی پەتریرکی قوستەنتەنییەی دانەری باوەڕی نەستوورین. ئەوانە لەبەر هۆیەکی سیاسی لێکهەڵبڕانی نێو کڵێسەی مەسیحییان قبووڵ کرد، مەسیحیانی خۆرهەڵات دایانە پاڵ بیروڕاکانی نەستوورو مەزهەبەکەی لە ڕەهاو نسێبینی کوردستان‌و لە خۆرهەڵاتیش بڵاوبووەوە. نەستووریانی وڵاتی فارس و ئەرمینیایش لەسەر مەزهەبی نەستووری مانەوەو، لەوانە ئاسووریەکان. مەزهەبی نەستووری پێی وایە مەسیح دوو بنەڕەت (أقنوم)ی هەن‌و، نابێ مریەم بە دایکی خوا ناوببرێت، بەڵکوو تەنیا دایکی مەسیحە. بنەڕەتی خوایەتیش لەباوکەوە هاتووەو سروشتی مرۆڤی دەدرێتە پاڵ‌و لە مریەم لەدایك بووەو، مریەمیش خوای لێ نەبوە، بەڵکە مرۆڤێکی خستووەتەوە. کۆڕی ئەفسس ساڵی ٤٣١ کۆبووەوەو نەفرەتی لە نەستوور کردو باوەڕی بە مەسیح هێنا. مەسیحیە نەستووریەکان سەدەی نۆزدەیەم لە عێراق و کوردستانی باشوور وازیان لە مەزهەبی کاتۆلیکی هێناو خۆیان بە کلدانی ناوبرد. بەڵام ئاشووریەکان تا ئێستا لەسەر مەزهەبی نەستووری ماون.

لێوردبوونەوەو مشتومڕە[٣٩]. کوردە خوێندەوارەکان جەخت دەکەن کە کورد پێش هاتنی ئیسلام باوەڕیان بە ئاینی مەسیحی هەبوەو، هۆیەکەیشی ڕوون دەکەنەوە. ڕاستییەکی دیکەش ئەوەیە: ئەوانە بە کوردی دەدوێن و ڕێکخستنی کەم و زۆر خێڵەکیی وەك هیی خێڵە کوردەکانیان هەیە. پەندێکی کوردی بەناوبانگ هەیە، دەڵێت: ((تەنیا تاڵە موویەك لە نێوانماندا (واتە نێوان کوردو نەستووری) هەیە، بەڵام چیایەك وا لەنێوان ئێمەو ئەرمەندا))[٤٠].

---

[٣٩] شایانی باسە، واتەوات و دەنگۆیەك پاش ساڵی (١٩٢٠) کەوتەوەو نووسرا گوایە ناوی (آثوري- ئاسووری) نوێیەو، دوای داگیرکردنی عێراق و کوردستانی باشوور لەلایەن ئینگلیزەوە هاتووەتە گۆڕێ. ئەمە ڕاست نییە، چونکە شەرەفخان سەدەی شازدەیەم ناوی ئەم مەسیحیانەی لە (شەرەفنامە)دا بە (ئاسووری) هێناوەتەوەو، بەڵگەی ئەوەیە ئەم ناوە کۆنە. (تۆما)ی قەشەی مێرگی (توما اسقف المرج)یش، واتە قەشەی ناوچەی ئاکرێ، سەدەی نۆیەمی زاین ئەم مەسیحیانەی (جیلو)ی ناوچەی هەکاریی لە کورد جیاکردووەتەوە (بڕوانە: ل ٢٣٣ی کتێبەکەی ((کتاب الرؤساء))کە توێژەرەوەی لێهاتوو ((البیرت البیر أبونا)) کردوویە بە عەرەبی). تۆما نووسیویە: (شلمان)ی برای (ماڕنرسی) کە خەڵکی گوندی (زاران) بوو، واتە گوندی (زارانی)ی ئێستای (بنێ مایێ) کە دەوری (٧٠کم) لە باکووری خۆرهەڵاتی (ئامێدی)یەوە دوورە، چەکی دژ بە کوردانی دەوروبەری هەڵگرت و تاقمێکی پێکەوەناو زۆری لە کوردان کوشت. ئەو کوردانە کاری تێکدان و ڕاوڕووتیان دەکرد.

تۆما ئەگەر چی نەیگووتوە بنەچەی ئەم مەسیحیانەی زارنی چییە، بەڵام لە کوردی جیا کردوونەتەوە. من پشتگریی ئەو کەسانە ناکەم کە پێ لەسەر بە ئەسڵ کورد بوونی ئاسووری (آشوری)دادەگرن و هاوڕایان نیم، بەڵکە ئاشووری لە ئێمە زیاتر ئەسڵی خۆیان ئەزانن. هیچ دوورنییە هیندێك لە ئاشووریەکان، کاتێك میدیەکان (نەینەوا)ی پێتەختی دەوڵەتەکەیان داگیرکردووە، هەڵاتبنە چیا سەختەکانی هەکاری و تا ئێستا خۆیان تێدا پاراستبێ، لە کاتێکدا ئەو ناوچەیە لەژێر دەستی دەوڵەتی ئاشووریدا بووە. سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی (پێش ئیسلام) لەنێو کورددا، بڕوانە گوتارێکمان لە: (گۆڤاری دهۆك، ژ٤، ١٩٩٨)دا.

[٤٠] ئەم پەندە لە ((یاداشتەکانی مێجەر نۆئێل،ل١٨٥))دا وا هاتووە: ((ناڤ بەینامەو دا مویەکە، ناڤ بەینامەو فەلا چیایەکە)). مامۆستا عەبدولڕەقیب پێی وایە دەبێ دەقە ڕاستەقینەکەی وابێ: ((ناڤ بەینامەو فەڵها (واتە تیاری- نەستووری)) موویەکە، ناڤ بەینا مەو ئەرمەنیان چیایەکە)). (س)

ئەو ڕاستییە کە تەواو زانراو نییە لەلای ئەوروپاییەکان، ئەوەیە: ئەرمەن‌و میللەتە مەسیحیەکانی دیکە، کاتێك ڕووس لە سێ ساڵی یەکەمی جەنگدا ویلایەتەکانی خۆرهەڵاتی تورکیای داگیرکرد، لە سایەی هێزەکانی ڕووسدا چەندەها کوشتاری بە کۆمەڵیان لە نەتەوەی محەمەد[٤١] کرد. ئەگەر لە هەر ڕووداوێکدا بارتەقای ئەو کوشتارە نەبووبێ کە ساڵی ١٩١٥ لە ئەرمەن کرا، ئەوا هەمان شێوە دڕندایەتی‌و زەبرو زەنگی تێدا بەکارهێنراوە. ئەم زستانە کە سەرم لە ناوچەی ڕەواندز دا، سەیرم کرد شارۆچکەی (ڕەواندن) بە دەستی نەك ڕووس، بەڵکە سوپای تۆڵەسێنی مەسیحیەکان کە لەگەڵیدا هاتبوو، بەتەواوی تێکوپێك دراوەو؛ دوو یا سێ گوند نەبێ، هەر ١٠٠ سەد گوندە دڵگیرەکەی خێڵی باڵخ (BALIKKH)[٤٢] سەرجەم سووتێنراون‌و

---

[٤١] واتە موسڵمان.

[٤٢] مەبەستی هۆزی باڵەکی (باڵەك)یە کە نیشتەجێی خۆرهەڵاتی ڕەواندزە تا سەر سنووری ئێران. ئەم هۆزە یەکەم نیوەی سەدەی هەشتەمی کۆچی (چواردەیەمی زاین) ناوی لە کتێبی (مسالك الابصار)ی قازی (شەهابەددین)ی ناسراو بە (ابن فضل الله العمري)دا هاتووە، وەك قەلقەشەندی لە (صبح الأعشى، ج٤، ص٣٧٦) دا لێی وەرگرتووە. لەم سەرچاوەیەدا گوتراوە: تاقمێکی بچووکی کورد بەناوی دێیەکەیانەوە (باڵەکان) ناونراون‌و ژمارەی پیاوەکانیان (٣٠٠) کەسەو، لە شوێنێکدان بەسەر پلە شاخەکانی حان (خان/ خانێ ڕاستە کە ئێستا شارەو لە ناوچەی مامەشی کوردستانی خۆرهەڵاتە/ ع.ی)دا دەڕوانێ‌و باجی هاتوچۆ وەردەگرن. ئەو کوردە باڵەکیانە سەر بە هۆزی گەورەی زرزاریەی ناوچەی شنۆن. هۆزی کوردی زرزاریەیش کە پێنج هەزار پیاوی هەن، لە مازکردو رستاق‌و (مرت)و چیای (خنجرین)ی لای شنۆ نیشتەجێن. سێ بەردی بەرزی سەر چیاکەیان نووسینی کۆنیان لەسەرە (مەبەستی میلی کێلە شینە کە هی سەردەمی حکوومەتی خالدی- ئۆرارتۆیەو شا ئیشپۆئینی سەدەی هەشتەمی پێش زاین بۆ سەرکەوتنی خۆی بەسەر هێزەکانی ئاشووریداو دەستگرتنی بەسەر ناوچەکەدا دروستی کرد. نووسینەکە بە زمانانی ئۆرارتی‌و ئاشوورییەو، ئێستا یەك بەردە نەك سێ. ئێران ساڵانی جەنگی عێراق - ئێران ئەم بەردەی کێلە شینی گواستەوەو، ١٩٩١ لە حەوشەی مۆزەخانەی شاری ورمێدا بینیم. ئەو قسەیەی (ابن فضل الله العمري)ش کە لە نێوان سەدەی سیازدەیەم‌و چواردەیەمدا ژیاوە، گرنگە، چونکە هیچ دوور نییە سێ بەردی لەسەر نووسراو لەو شاخە هەبووبن‌و دوانیان لەناوچووبن).

تەخت کراون[٤٣]. جگە لەوە، ٣٠ سی گوندی بەشی ڕاوندۆك Rawandokی ناوچەی (برادۆست) هیچ پیاو و ژن و منداڵێکیان نەما بوو[٤٤].

دکتۆر USHARی مسیۆنێری ئەمریکایی لە (وان) کە لە یەکەم نیوەی جەنگدا لەوێ مابووەوە، دەیگێڕێتەوە: کاتێك تورکەکان ناوچەکەیان چۆڵ کردو نەخۆشخانەیەکی خۆیانیان لەوێ بەجێ هێشت، کوڕێکی پازدە ساڵانەی ئەرمەن توانیی پێش گەیشتنی ڕووسەکان سەری نەخۆش و پەککەوتە ڕاکشاوەکانی سەر قەرەوێڵەکان پان بکاتەوە. هەر یەکێك شارەزاییەکی گشتیی لەم وڵاتەدا هەبێ، بە ڕوونی دەرك بەوە دەکات کە ئەگەر ئەرمەن ماوەیان بدرێت لە کورد زیاتر نەبێ، ئەوا بەوێنەی ئەوان دڕندایەتی و خوێنڕێژی دەکەن.

---

میرانی زرزاری نامە گۆڕکێیان لەگەڵ سوڵتانەکانی میسردا هەبوە، لەوانە حوسامەدین شێر و نەجمەددین باشاك و بەهائەددین و حەنەش (یا حەسەن) کوڕی ئیسماعیل. ئەم هۆزە وەك دەرکەوتووە سەدەی چواردەیەمی زاین قەوارەیەکی خۆیی هەبوەو، ڕێگای ستراتیژیی ڕەواندز – خانێی لە ژێر دەستدا بووە کە بە پلە شاخەکانی حاجی هۆمەراندا تێپەڕ بووە.

[٤٣] هێزەکانی ڕووس ١٩١٦/٥/٧ بە سەرکردەییی ژەنەراڵ (چێرنازۆبۆف) لە ڕایاتەوە هێرشیان هێناو ٥/١٣ ڕەواندزیان گرت. ئەو هێزانە بریتی بوون لە بەتالیۆنێکی سوارەو دوو تۆپ لە دەربەندی (کێلە شین)ەوە بۆ سیدەکان ڕوو بە ڕەواندز هاتن. ڕەتلێکی پێکهاتوو لە لیوایەکی پیادەی چوار فەوجی و سریەیەکی ڕەشاش و بەتالیۆنێکی سوارەو دوو بەتاریەی تۆپ و دوو فەوجی خۆبەخشانی ئەرمەن، هێزی سەرەکیی دەستوەشاندن بوو. ڕووسەکان لە ١٩١٦/٧/٢٧دا لە ڕەواندزو دەوروبەری وەدەرنران (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (العميد الركن شكري محمود نديم، الجيش الروسي في حرب العراق ١٩١٤-١٩١٧، ط٢، بغداد، ١٩٧٤، ص ١٥، ٤٤، ٧١). (س)

[٤٤] دەبلیو. ئار. های لە کتێبەکەیدا باسی وێرانیی شاری ڕەواندزو ناوچەکانی دەوروپشتی کردووە (سنتان في كردستان، ج١، ترجمة فؤاد جميل، بغداد، ١٩٧٣، ص٢٣٤). ئەی. ئێم. هاملتن لە کتێبی (طريق في كردستان، ترجمة جرجيس فتح الله، بغداد، ١٩٧٣)داو کەسانی دیکەیش لەو بارەیەوە نووسیویانە. جێی باسە، کارخانەی تۆپەکانی محەمەد پاشا لە ڕەواندز بە ساغی مابوو، تا ڕووس لەکاتی گرتنی شارەکەدا وێرانی کرد.

٥- حەمیدی (سوارەی حەمیدی):

ناوبانگی چاکی کورد لە ئەوروپا بە پێکهێنانی سوارەی حەمیدی لەلایەن عەبدولحەمیدەوە[٤٥] لەکەدار بوو. ئەوروپاییەکان بە گشتی پێیان وایە سوارەی حەمیدی بێ چەندوچۆن بۆ ئازاردانی مەسیحیەکان پێکهاتووە. بەڵام ڕاستی ئەوەیە: سوارەی حەمیدی بەرهەمی سیاسەتی حکوومەت بوو، بەتایبەت بۆ تێکشاندنی هێزی کوردو سوودوەرگرتن لە ناکۆکیی نێوانیان‌و، بۆ هێنانە گۆڕێی بارودۆخێك كە خێڵەکانی تێدا زۆر بە ئەستەم بتوانن دژ بە حکوومەت یەکبگرن. بەم شێوەیە ئیمتیازی بوون بە سوارەی حەمیدی بە گشتی درایە خێڵە بچووکەکان تا بەهێز بکرێن‌و هیچ دەرفەتێك بۆ ڕێککەوتنی خێڵەکان نەهێڵرێتەوە. درێژەی کاری ئەم پرنسیپە بە باشی لە لاپەرە (٤٣)ی چوارەم بەرگی ڕاپۆرتی عەسکەریی MAIMSELLی قایمقامدا سەبارەت بە خۆرهەڵاتی تورکیا لە ئاسیا ڕوون کراوەتەوە.

مەسەلەی ڕاستەقینە ئەوەیە: سوارەی حەمیدی وەك چۆن ئازاری مەسیحیەکانی داوە، ئاوایش ئازاری بە موسڵمانان گەیاندووە. ئەو ڕاستییە

---

[٤٥] فەوجەکانی سوارەی غەیرە نیزامیی چەك سووکەڵەی حەمیدی ساڵی ١٨٩١ بە پێشنیاری موشیر زەکی پاشای فەرماندەی فەیلەقی چوارەم دامەزران، لەترسی ئەوەی نەبادا کوردو ئەرمەن دژی تورك یەکبگرن. ئەم فەوجانە نەخشی بەرچاویان لە چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەندی‌و هێنانەکایەی هاوسەنگیی نوێی هێزو بەری ڕووس گرتندا هەبووو، خرانە دوو بەرەی شەڕی: نێوان ئەرزڕۆم‌و وان بەرامبەر بە ڕووس‌و نێوان ناوچەی ماردین- ئوورفە بەرامبەر بە ئینگلیز. ئەفسەرانی هەر فەوجێك دەنێردرانە (قوتابخانەی سوارەی حەمیدی). ژمارەی ئەم فەوجانە ساڵی ١٨٩٥ گەیشتە ٥٧ فەوج، واتە ٢٩١٨٤- ٧٥٧٤٦ کەس. پاش لێخرانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمیش، تورکانی لاو ناوی (فەوجە خێڵەکیەکان)یان لێ ناو، سێ فەوجیان لە ناوچەی وێرانشارو ئوورفە بەشداری شەڕەکانی باڵکان بوون. لە یەکەم جەنگی جیهانیشدا برانە بەرەی خۆرهەڵات‌و خرانە ژێر دەسەڵاتی فەیلەفی سێیەم (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ڕۆبەرت ئۆڵسن، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، ل٢٤-٣٤). (س)

شوێنی واق ورمان نییه كه ژمارەیەكی زۆر لـه ئەندامانی خێڵه به سروشت كێویەكان دەسەڵاتی تەواویان دراوەتێ كەمو زۆر چییان دەوێ بیكەن.

لەشـكرەكانی حـەمیدی كـە لـە (مـیران) پێكـهێنران و (مسـتـەفا پاشـا) سەركردەیان بوو، دەستدرێژی و زەوتكارییان دەرهەق به خەڵكی موسڵمان گـەلێ لێ بـێزارو پـڕ كـردن، بـە ڕادەیـەك سـاڵی ١٩٠٨ كـاتی ڕاگـەیاندنی دەستوور[٤٦] خەڵكی (ئوورفە) ئەو پەیكەرەیان تێكشكاند كه عەبدولحەمید بۆ یادگاری خۆیی كردبوو.

### ٦- هەڵەی گشتیی تێگەیشتن لە كورد:

كابرایەكی ئەرمەنی ناوەندگر (معتدل) پێی خۆشه كورد به مەسیحیكوژو تاڵانكەرێكی دڕندەی وا له قەڵەم بدەین كه نەشێت تەنانەت به زمانیش بیر لـه ڕزگـاركردنی بكرێتـەوە. كـوردی وەك دەركـەوتووە نـاوێكی شـایانی زمـانێكی لێكدابـڕاو و پـەرش و بـڵاوە. پێنـاچێ كـورد بكـوژی سروشـتیی ئەرمەن بێ، چونكه زۆر جار له چنگی تورك پاراستوونی. كورد لەبەر دەست تێوەردانـی ئەرمـەن بـۆی نـەلواوە ئابوورییـەكی چـاكی هـەبێ؛ وەك چـۆن سكۆتلەندیەكان (ئسقووجی) وەختێك هەمان حاڵ و باری ئەمڕۆی كوردیان هەبو، ئەوەیان بۆ نەدەكرا.

دەڵێن كورد ناتوانێ له ڕووی ئابوورییەوە بەبێ ئەرمەن بژی، لە كاتێكدا خـەڵكانێكی تـا ڕادەیـەكی زۆری كـورد هـەن لـە باشـووری خۆرهـەڵاتی كوردسـتان ژیـانی ئـابووریی توێژەكانیـان بـەبێ هیـچ ئاسـتەنگێك پێـش دەكەوێ و بازرگان و پارەگۆڕەوەو سنعاتكارو دووكاندارییان سەرپاك كوردن.

---

[٤٦] مەبەست لەوە ڕاگەیاندنی مەشرووتییەتە لە ٢٣ی تەمموزی ١٩٠٨دا بە هاتنە سەركاری ((توركانی لاو)) كـە سـوڵتان عەبدولحـەمیدیان ناچـار كـرد دەسـتوور ڕابگەیـەنێ و ئەنجومـەنی مەبعووسان پێك بهێنێ. (س)

جا بۆ ئەوەی خەڵکانی غەیرە ئەرمەن وا پێشان بدرێن بە ڕواڵەت هاوشێوە نین، کورد بەم چەشنەی خوارەوە ڕیز بەند دەکرێن:

١- نیشتەجێکان، ٢- کۆچەران، ٣- قزڵباش، ٤- زازا.

ئـەم دابەشـکردنانە لەبـەر هـەموو مەبەسـتێکی عەمـەلی بایـەخێکی ڕاستەقینەیان نییە، چونکە ئەوان گشتیان بە کوردی قسەدەکەن و بەرگی کوردی دەپۆشن و بەرژەوەندی گشتییان هەیـەو لـە زۆربـەی مەسـەلەکاندا بەشێکی خێڵی کورد پێکدەهێنن. فیدراسۆنی خێڵاتی کوردی بەناوبانگی (مللی) کـە ئیبراهیم پاشا سـەرۆکیانە، ئـەم هـەموو بەشـە دیاریکراوانـەی سەرەوەی لەگەڵ ئێزدیدا تێدان.

ووردکردنەوەی بۆچوونەکانی سێر مارك سایکس MARK SAYKE لەسەر خێڵە کوردەکان کە بریتییە لە پاشکۆیەکی کتێبی THE CALIJISH SLAST HERILAGE (دوا میراتی خەلیفەکان)[٤٧] ، زۆر بە ڕوونی دەریدەخات ئـەم دابەشکردنانە دەستکردن.

### ٧- جیاوازیی نێوان تورك و کورد:

ئەگەر تێبگەین بۆچی نکوولی لە مافی ئۆتۆنۆمیی کوردی ئـەو ناوچانـە دەکرێت کە پێش جەنگ کوردیان تێدا فرەژمارەو باڵا دەست بووە، بۆمان دەردەکەوێت هۆی نەسەلماندنی ئەم مافە سەرچاوەکەی ئەو بیرە نادروستە باوەیـە کـە گوایە کـوردو تـورك لـە بنچینـەدا یـەکن. مـرۆڤ کـاتێك بـە کوردستاندا دەگەڕێت، بۆی ساخ دەبێتەوە کورد لە ئایندا نەبێ، لـە هـەموو

---

[٤٧] ناوو ناونیشانەکە هەڵە لە ڕێنووسیاندا هەیەو ڕاستیەکەیان ئەمەیە:
Mark Sykes, The Caliphs Last Heritage, A Short History of the Turkish Empire, London, 1915 .(س)

ڕوویەکی دیکەوە زۆر لە تورك و مەسیحی جیاوازە. ئەوی ڕاستی بێ گەلێك ئەرمەنی چیانشین و کورد هەردوو لە یەك توخمی زۆر لەیەکچوون.

وێڕای ئەوە، کورد دەتوانێ وەك تورکی سووکایەتی پێکراو دەرك بە هەمان بەشی سووکایەتیی ئەخلاقی بکات. بۆیە ئارەزوو دەکات ئەو مافە بنچینەییانە ڕەت بکاتەوە کە بە ئاسانی بە گەلانی دیکەمان بەخشیون. پێشتریش دەرکەوت هیچ شتێك لە سروشتی کورددا نییە دژ بە پاراستنی پێوەندیی ڕێکوپێکی خۆی بێ لەگەڵ مەسیحیەکاندا. کورد لە زۆر مەسەلەیشدا بۆ پاراستنی خۆی و مەسیحیەکان لە تورك، تووشی سەرلێشێوان بووە.

پێویستە هەمیشە مرۆڤ بیری بێتەوە کە کورد لە توخمی ئارییە، لەبەر ئەوە بەتەواوی لە تورك جیاوازە. سەرباری ئەوە، کورد جگە لەم جیاوازییە گشتیانە، خەسڵەتە نەتەوەییەکانی خۆیی پاراستووەو، ڕازی نییە پێڕەویی هیچ نەریتێکی هاوچەشنی ئەوەی تورك بکات. ڕەنگە ئەمە یەکەمجار هەروەك قسە بێتە بەرگوێ. بەلام وەختێك مرۆڤ بە نێو کورددا دەسووڕێتەوە لەو ناوچانەدا کە هەم فەرمانبەرانی تورك زات ناکەن تێیاندا دەربکەون و هەموو شتێکی پێوەند بە تورکیان تێدا دزێوو سووکایەتی پێکراوەو هەم هیچ دامودەزگایەکی تورکی و دائیرەیەکی حکوومەتییان لێ نییە، تەنانەت تاکە وشەیەکی تورکییان تێدا نابیسترێت و سەرۆکە ئاینیەکان حوکمی خەڵکەکە دەکەن و ژیانیان ڕێکدەخەن؛ ئەوکاتە بۆی ئاشکرا دەبێ کە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئەم دوو گەلە تەواو جیایەدا هەیە.

کورد لە سەروەختی جەنگدا قایل نەبوو شان بەشانی تورك دژ بە ئێمە شەڕ بکات. لە ڕاستیدا یارمەتییەکی شایستەی باسیان داین، ئەویش بەوەی شەڕیان بۆ تورك نەکردو یاریدەیان نەدا. هەیانە ئێستایش لەنێو

سوپای ناوچەیی (لیڤی) ی ئێمەدایە. سوپای عوسمانی بەشێکی کەمی لە خەڵکی کوردستان بە سەرباز گرت‌و، لەشکرەکانی حەمیدیش لە مانگەکانی سەرەتای جەنگدا لە شەڕگەکان کشانەوە. تورکیش دەستبەجێ کوردیان بە میللەتێکی خیانەتکار دانــاو، بـۆ ئـەو ڕۆژە دەگـەڕان کـە وەك ئـەرکێکی پێویستی جـەنگ سـزایان بـدەن. دەکرێـت پێوەندیـی ڕاسـتەقینەی نێـوان کوردو تورك ڕوونتر لەو ماددانەی خوارەوەی ئەو یاسایەدا بدۆزرێتـەوە کە حکوومەتی تورکیا سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ کۆچ پێکراوانی کورددا بڵاوی کردووەتەوە:

هەشتەم ماددە: مادامێکی کۆچ پێکراوانی کورد لە هیچ حاڵ‌و بارێکدا، تەنانەت دوای جەنگیش، بۆیان نییە بچنـەوە بـۆ وڵاتـی خۆیـان، بۆیـە لـە ناوچـە دیاریکراوەکـانی مـاددەی ژمـارە (٩) نـۆدا دەمێننـەوەو لـە دائـیرە ناوچەییەکانی تۆمارکردندا ناونووس دەکرێن‌و بە هیچ بەهانەیەك یارمەتی نادرێن جێ‌وڕێی خۆیان بگۆڕن.

دوازدەیـەم مـاددە: کـۆچ پێکراوانـی کـورد دەکرێــن بـە چـەند بەشـێکی پچووکەوە کە هەریەکەیان لە (٣٠٠) سێسەد کەس پتر نەبێ. هەروەها دەبێ چەکدار نەبن. هەموو ئەندامانی خێڵەکان دەکرێنە چەند کۆمەڵێکی پچووك، هەر کۆمەڵێکیان ڕەوانەی ناوچەیەکی جیاواز دەکرێت بە مـەرجێك لە ٥٪ی سەرجەم دانیشتوانی ئەوێ زیاتر نەبێ.

سێیەم ماددە: سەرخێڵەکان و شێخ‌و زاناکان‌و کەسانی دیکەی دەسترۆ لە ئەندامانی خێڵەکانیان جوێ دەکرێنـەوەو، بـە چـەند هـەرێمێکی چەپـەکی دوور لـە خێڵـەکانیاندا بڵاودەکرێنـەوە، بـە جۆرێکـی وا نـەتوانن پاشــتر تێکەڵیان ببنـەوە. وا پەسندە لـە شارۆچکەکاندا بهێڵرێنـەوە تـا حکوومـەت چاودێرییان بکات.

## ٨- سیاسەتی تورك دەرهەق بە كورد:

تورك لەبەر ئەوەی ئیدارەی ناوەندییان لەدەستدا بووە، هەمیشە ڕازی نەبوون دان بە بوونی گەلی كورددا بنێن و، لە هەموو ڕاپۆرتێكی ڕەسمیدا خۆیان لە ناوهێنانی وشەی (كورد) لاداوەو وشەی (موسڵمان)یان لەجێ داناوە. كتێب چاپكردن بە زمانی كوردی قەدەغە كراوەو، یانە كوردیەكان داخراون و، نێوەنێودەرانی كوردیش لە زیندان پەستراون.

گەلێك نیشتمانپەروەری كورد لە ڕابردوودا بە پەنامەكی و، كاتێك كۆچپێكراوانی كورد چوونەتەوە نێو ویلایەتەكانی خۆرئاوا، ئیعدام كراون. حكوومەت ساڵی ١٩١٥ چەند ڕێنوێنییەكی دەركردو، بەو پێیە دەبوو یاریدەی كورد نەدرێت لە شێوەی دەستەو تاقمدا خۆكۆبكەنەوەو بكرێن بە چەند كۆمەڵێكی چكۆلەو بەنێو خەڵكی توركدا پەروەزە بكرێن.

مەبەست ئەوە بوو كورد بكەن بە عوسمانی (واتە بە تورك). دیارە كورد بە زەبری چاوترساندنی عەسكەریی پێویست و بە بیانووی هێندێك مەسەلەوە بەزۆر لە وڵاتی ئەسڵیی خۆی وەدەرنراوە. حیزبی عوسمانی ماوەیەكی كورتی پاش ئاگربەست لە حكوومەتدا كەوتەخۆ تا بەڵێنی بەخشینی سەربەخۆیی بە كورد لە سایەی دەسەڵاتی عوسمانیدا جێبەجێ بكات. لەگەڵ ئەوەیشدا، هۆشیارانی كورد چونكە شارەزای ڕەوشت و تەبیعەتی تورك بوون، زانییان ئەمەیان لەچییەو ئەم جۆرە گفتە تەنیا نیشانەیەكی فریودانە. لەوە دەچێ دەست لەو پرۆژەیە هەڵگیرابێ، لەبەر ئەوەی تورك پاش مەسەلەی (ئزمیر) ئەو قەناعەتەیان لەلا پەیدا بوو كە باشترین كارێك قازانجی خۆیانی تێدا بێ ئیشكردنیانە بۆ یەكخستنی موسڵمانان و، ڕوویان لە پێشەوا مونەووەرەكانی كورد وەرگێڕاو، مەبەستی ئێستایشیان ڕاكێشانی خێڵە كوردەكانە بە بەكارهێنانی گیانی دوژمنایەتیكردنی ئەرمەن. پیاوماقووڵانی كوردی وەك بەدرخانیەكان و عەبدولقادر لە

ئەستمبووڵ ئینگلیزیان خۆش دەویٚ و حەزدەکەن بەرەنگاری ئەم تەرزە پڕۆپاگەندەیەی تورك ببنەوە، چونکە دڵنیان لەوانەیە لە نێو کوردە نەزانەکاندا برەوی هەبیٚ و، وا چاوەڕوان دەکرێت بکێشێتەوە بۆ چەندین ڕووداو و بەسەرهات کە بەلای ئەوروپاوە زیانبەخشن بۆ مەسەلەی کورد. ئەوانە لەوە بێزارن کە کۆششی زۆریان لەم ڕووەوە تائێستا هیچ هاندانێکی ئێمەی پیٚ نەبڕاوەو، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئێمە بە ڕواڵەت دان بە خواستەکانی ئەرمەندا دەنێین و ڕازی نین دان بە خواستەکانی کورددا بنێین، ئەگەرچی مەسەلەی سەربەخۆیی کورد لە مەسەلەی ئەرمەن بەهێزترە.

٩- خواستەکانی کورد:

کورد داوای پێکهێنانی حکوومەتێکی سەربەخۆ دەکەن لەو ناوچانەدا کە کوردیان تێدا زۆربەیەو، ئەوەیش پێشکەوتن و گەشەکردنیان بەپێی پلانێکی نەتەوەیی بۆ مسۆگەر دەکات.

سنووری دیاریکراوی کوردستانم لە نەخشەی پاشکۆی ئەم ڕاپۆرتەدا بە هێڵێکی ئاوی بەپێی زنجیرەی نەتەوەیی ڕوون کردووەتەوە. ناوچەی ئاوی ئەو شوێنانەن کە خەڵکی کوردیان تێدا زۆرینەیەو حاڵی حازر کورد داوایان دەکات و، لەو هێڵە قاوەیی (سوور)انە جیاکراونەتەوە کە ناوچەی کوردنشینن و ئێستا بە عێراقەوە لکێنراون. ئەو بەشە کە بە هێڵی ئاسۆیی داپۆشراوە، ناوچە کوردنشینەکانی ئێرانەو زۆربەیان کوردن. بەشە دیارەکەی نەخشەیش هەرێمی فراوانی نێوان ئەرمینیاو عێراقە، وەك لەلایەن ئەرمەنەوە دانراوە (سنوورەکانی بە ڕەنگی سوور دەستنیشانکراون). دانیشتوانی ئەم هەرێمە زۆربەی هەرە زۆریان کوردن و، تەنانەت ئەرمەن هیچ بۆیان نییە داوای بکەن، ئەگەر بڕێکیش لە داواکانی ئەرمەن قبووڵ بکرێن، زەحمەتە ئەم بەشە جیاوازو تەواوەی کوردستان لەژێر دەستی حکوومەتی

تورکیدا بهێڵرێتەوە. بۆیە دەبێ یا بە عێراقەوە بلکێنرێت، یان سەربەخۆیی بدرێتێ. ئەم دوو ڕێگە چارەیەیش جێی مشتومڕن.

زۆر فراوانکردنی سنووری عێراق پەسند نییە، لە کاتێکدا سەپاندنی حکوومەتێکی سەربەخۆ بەسەر ناوچەیەکی کوردنشینی لە هەرسێلاوە (واتە ئەرمینیاو عێراقو ئێران) فراوان، ئەگەر نیشانەی ڕێ و شوێنێکی جێگیر نەبێ، دژوارە.

١٠- سنووری بە پێی زنجیرەی نەتەوەیی دیاریکراوی ناوچەی کوردنشین:

سنووری لای باشوور:

هێڵی حالی حازر دامەزراوی شەمەندەفەری بەغدا کە لە (فورات)ەوە تا مووسڵ درێژ بووەتەوە، کەمو زۆر سنووری لای باشوورو لەمپەری نەتەوەیی نێوان کوردو عەرەب دیاری دەکاتو، لە (مووسڵ)ەوە تا باشووری خانەقین نێزیك بە بناری چیاکان درێژ دەبێتەوەو لە دەشتاییەکاندا دەمێنێتەوە.

سنووری لای خۆرهەلات:

سنوورەکە لە ئێران بە تەواوی درێژ دەبێتەوە تا سەحنە _ سەقز دەگرێتەوەو، لەوێوە بە ڕووباری جاغەتان (Jagdtae) [٤٨]دا بۆ بەری ورمێو سنووری ڕووسیا نێزیك بە ئارارت دەپەڕێتەوە.

---

[٤٨] مەبەست (جەغەتوو)ە کە ئاوێکە بە درێژایی ٢٤٠کم لە کێوی چل چەشمەوە هەڵدەقوڵێو لە باشوورەوە بەرەو باکوور، لەلای ژوورووی چۆمی خورخورەی پێ دەگوترێت. گرنگترین لقەکانی لەلای چەپی چەمی سەقز کە لە کێوەکانی بەردەسیرەوە دێتو مەڵبەندی سەقز پاراو دەکاتو، لەو شوێنەدا کە دەرژێتە جەغەتوو پان دەبێ. جەغەتوو لەو جێگایەوە لقێکی گرنگی نییە، بەڵام لەلای ڕاستەوە هەموو ئاوەکانی چیای کانی خولا و سارۆی دەرژێنە ناو. لقی دیکەیش بەناوی لەیلانو ساروقەوە لە دامێنی سەهەندو خاکی هەوشارەوە دێنو نزیك بە (مەحلەب) تێکەڵی دەبن (بڕوانە: عەلی ئەصغەری شەمیمی هەمەدانی، جوگرافیای کوردستانی

سنووری لای باکوورو خۆرئاوا:

هەلی ئەوەم بۆ نەڕەخساوە بە وردی لەم دوو لایەی سنوورەکە بکۆڵمەوە. بەلام زانیاریی پشت پێ بەستراو دەریدەخەن هەردوکیان کەمو زۆر هاوجووتی هێڵە تەریبەکانی پانیو درێژین بە پلەی (۳۹).

نەخشەی خۆرهەلاتی تورکیا لە ئاسیای بچووک کە بە زنجیرە دیاری کراوەو، لەلایەن دائیرە جەنگییەکانەوە بە ژمارە (۲۹۰۱) بلاوکراوەتەوەو، کۆمەڵەی شاهانەی جوگرافیا چاپی کردووە، زۆر بە ڕاستیو دروستی ئەو هەرێمانە دەست نیشان دەکات کە پێش جەنگ کوردیان تێدا زۆربەو بالادەست بووە.

دانیشتوان:

تا ئێستا ئامارێکی بێ کەمو کوڕی نییە پشتی پێ ببەسترێ. ڕاپۆرتی جەنگی لەبارەی خۆرهەلاتی تورکیاوە، لە چوارەم بەرگیدا لیستی خێڵەکان بە تەواویو بێ ئەملاو ئەولا بەردەست دەخاتو کۆیان بە (۱۳۰۰۰۰۰) ملیۆنێكو سێسەد هەزار کەس دادەنێت. سەرەڕای ئەوە، ئەمە ئەو کوردە نیشتەجێیانەی حسێب نەکردووە کە بەیەکجاری وازیان لە نەریتی کۆچەری هێناوەو بوون بە شارنشین.

ئێمە ژمارەی دانیشتوانی کورد لە پێش جەنگدا بەم شێوەیەی خوارەوە مەزەندە دەکەینو دەقرسێنین:

| | |
|---|---|
| کوردستانی تورکیا | ۳,۵ ملیۆن |
| کوردستانی عەجەم | ۱,۵ ملیۆن |
| کۆ | ۵ ملیۆن |

---

ئێران، عبدالرحمن محمد امین زەبیحی لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی، بەغدا، ۱۹۸۰، ل١٤).
(س)

ئەستەمە بتوانین بڵێین چەند لەو خەڵکە پاش ئەو کوشتارانە کە دوابەدوای داگیرکرانی ناوچەکە لەلایەن ڕووسەوە بە دەستی ئەرمەن کران، لە ژیاندا ماونەوە. بۆ نموونە ناوچەی (باش قەلعە) کە وەك ناوچەکانی دیکە پێبەپێ دووچاری ئەو کوشتارە بوو، ئێستا لە کۆی (١٨٠) سەدو هەشتا گوندی پێش جەنگ تەنیا حەوت گوندی ئاوەدانی ماون.

**١١- هۆیەکانی کەمە یارمەتیدانێکی گەلی کورد بۆ داننان بە ئاواتەکانیدا:**

حاڵی حازر دوو بیری ڕەسەن لە کوردستان بڵاون:

**١- یەکگرتنی ئیسلامی**

**٢- بیری نەتەوەیی**

ئێمە لەبەر چەند هۆیەکی دیار قازانجمان لەوەدایە هۆشیاریی نەتەوەیی لە مەسەلەی یەککگرتنی ئیسلامی زیاتر بڵاوببێتەوە. تورك بە پێچەوانەوە حەز بە گەشەسەندنی برازی ئیسلامی دەکەن و، لەبەر ئەو هۆیە بە ئەرکی خۆیان زانیوە لە کێشەی (ئزمیر)دا پڕۆپاگەندە بکەن. کوردیان وا تێگەیاندووە کە ئیئتیلافییەکان[٤٩] ، وەك مەسەلەی یۆنان لە ئزمیر، دەکەونە گێڕانەوەی ئەرمەنەکان و دەیانکەنە سەرگەورەی کورد. وەك پێشتر ڕوونم کردەوە، کورد باش دەزانێ ئەگەر ئەرمەن دەرەتانی ببێ سەری دەبڕێ. ئەم ترسە لە هاوپەیمانان و بوغراییی ڕەگەزپەرستانەو ڕقی زۆری کورد لە ئەرمەن، وای لێ دەکەن لە بریی خۆتەسلیم کردن شەڕی ئەرمەن بکات.

کورد بە شێوەیەکی گشتی، تاك و تەرا نەبێ، موسڵمانێکی زۆر دەمارگیر نییە. لەلایەکی ترەوە ئیسلامەتی تا ڕادەیەك بەسەریدا زاڵە. پێدەچێ

---

[٤٩] مەبەست هاوپەیمانانە.

نەبوونی هەستی بەتینی دەمارگیری زیاتر بەوە ڕوون بکرێتەوە بڵێین: ئەگەر کورد کاری پێخوێندنی بە ڕێگەیەکی ڕاست بۆ ئاسان بکرێت، جێی هیوایە بە خێرایی ببێتە موسڵمانی نەرمو نیان. گەلێك بنچینەی باشی لەم چەشنە هەن بۆ دڵنیا بوون لەوەی کە پەروەردەکردن لە کوردستاندا لەگەڵ یەکگرتنی ئیسلامیدا بە شێوەیەکی ئاسایی تەبا نییە، مەگەر ئێمە بە سیاسەتی چەوتی پشتگرتنی ئەرمەن کارێك بکەین بیری یەکگرتنی ئیسلامی سەقامگیر ببێ. بەم پێیە دەبێ بە وردی ئاماژەی پێ بدەین کە کورد کاتێك دەستیان بەسەر (ورمێ)دا گرت، لەوە بوو شەڕی هێزێکی ئیسلامی بکەن تا پشتیوانیی ئامانجە نەتەوەییەکانیان بکرێت. کورد بە بڵاوبوونەوەی خوێندەواریو دامەزراندنی حکوومەتێکی بەهێز و بە ئامادەییو گوێڕایەڵبوون لێی، چاوەڕوان دەکرێت خۆی پێش بخاتو بە چەشنێکی جێگیر ببێتە لەمپەری نێوان عێراقو قۆقازییە سیاسییەکان.

لەم بەشەی دواییی ئەم ڕاپۆرتەدا ئاشکرا دەبێ کە داننان بە خواستەکانی ئەرمەندا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە یەك ئەرمەن دەسەڵاتی بەسەر ١٠ دە کورددا هەبێ. ئەگەر مەسەلەکە بە پێچەوانەوە بوایە، واتە یەك کورد حوکمی ١٠ دە ئەرمەنی بکردبایە، بە کردەوە ئاسانتر دەبوو، چونکە کورد بە شایەتیی هەموو گەڕۆکێکی ئینگلیزی لە ڕووی خاسیەتی پیاوانەوە چاکترین پیاوە، هەر لە فێڵو دەهۆو دەسەڵاتی ئابووریدا هێندەی ئەرمەنی پێ ناکرێت. ئومێد وایە ئەمە لەباتیی هاندانی ئەرمەن بۆ گەشەپێدانی بیری تەسکی ناوچەگەری، بە ژمارەیش بێ گشت بەڵگەیەکی بەهێز لە هەموو ڕوویەکەوە بەردەست بخات.

١٢- مەبەستەكانی ڕووسیا:

تازەبوونـەوەی ڕووسـیاو دامـەزراندنی ئیمـپراتۆریی ڕووسـیا لـەو كـارە شیاوانەن كە پێویستە لەبیرمان نەچنەوە. سیاسەتی ڕووسیا لە ڕابردوودا بە توندی هاندەری جووڵانەوەی كورد بووە. ئەو ڕاپۆرتانە كە ساڵی ١٩١٧ لە ئەركانی جەنگی ڕووسیاوە لە (تفلیس) چنگم كەوتن، ئەو بیرەیان لەلا گەڵاڵە كردم كە مەبەست پێیان بەكارهێنانی كورد بووە بەرامبەر بە ئەرمەن، نەك ئەرمەن بەڵێنی وەرگرتبێ ئەو ناوچانەی ئەرمینیای بدرێتێ كە خۆی داوای كردبوون و زۆری دانیشتوانیان كوردن (ئەو بەشە لە نەخشەكەدا بە ڕەنگی ئاوی دیاری كراوە).

ڕووسیا هـەركاتێك بـۆی لـوا ئـاوا ئیـش بكـات، سـەرەداوی سیاسـەتە كۆنەكەی دەپێچێتـەوە. نوێنـەرانی (قولچاق)، وەك لـە (پـاریس) گوتـراوە، داوای ئینتیدابیان بۆ ئەرمینیا كردووە. وادیارە لەبەر ئاسانیی پێوەندییەكان لە نێوان عێراق و كوردستانداو زۆریی كوردی نێو ئیدارەكەمان لە عێراق، زۆر پێویستە بە جۆرێك چارەسەری مەسەلەكە بكەین كە ڕووسیا ناوچەی ئیشكردنی لەوێ بۆ دەست نیشان بكرێت و ڕێی كوردستانی لێ بگرین.

١٣- ڕاپۆرتە ساختەكان و چەواشەكاریی ئەرمەن بۆ پشتگیریی داواكانیان:

ساڵانێكی دوورو درێـژە خواسـتەكانی ئەرمـەن بـە تونـدی پێـش چـاوی خەڵك خراون. لەكاتێكدا یەكێك نییە تێڕوانینی كورد بخاتە ڕوو، یـا ئـەو درۆو دەلەسانە پووچەڵ بكاتـەوە كە ئەرمـەن ناچاربوون بۆ باسـی نـەداریی دەورانی پێش جەنگی خەڵكی خۆیان بەكاریان بهێنن.

لە لاپەڕەی (١٤)ی نامیلکەیەکی پچووکدا کە بەناونیشانی (مەسەلەی ئەرمەن لەبەردەم کۆنگرەی ئاشتیدا)وە لەلایەن (بۆغۆس نۆبار)ەوە بڵاوکراوەتەوە، گوتراوە: ((حکوومەتی تورکیا هەمیشە بە ئەنقەست ساختەی لە ئامارەکاندا کردووە تا وای پیشان بدات کە ئەرمەن کەمایەتییەکی بێ بایەخە)). هەرکەسێك لەو خاڵە بکۆڵێتەوە، دەمو دەست بۆی دەردەکەوێ ئەم گەزافەی ئەرمەن درۆیە. ئامارە تورکییەکان هیی نێو چەند دەفتەرێکی ئامادەکراوی پێش جەنگن، کاتێك هیچ بەهانەیەك لە ئارادا نەبوو بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی خەڵکە مەسیحیەکە. بەپێچەوانەوە ئاماری تورکی ڕاستە، چونکە بنچینەی دانانی باج بووە لەسەر مەسیحیەکان کە گرنگترین سەرچاوەی داهاتیان پێکدەهێنا. مەبەستم خاوەی بەرامبەر بە نەبوونیانە بە سەرباز. لەبەر ئەم هۆیە، تورك زۆر بەدەست سەرژمێریی میللەتە مەسیحیەکانەوە ماندوو بوون تا ئەوەندەی بتوانن وای لێ بکەن تەواو بێ. وردکردنەوەی ژمارەکانی ئاماری تورکی دەریدەخات دانیشتوانی موسڵمان لەبەر چەند هۆیەکی ئاشکرا لە مەسیحیەکان پتر بە ناتەواوی سەرژمێر کراون، چونکە مەسیحیەکان بەتایبەت لە شارەکاندا دادەنیشتن کە سەرژمێرییان تێدا لە گوندەکانی نێو چیاکان و دوور لە ڕێگاوبان ئاسانترە[٥٠]. هەرچی کوردە کۆچەرەکانیشن[٥١] تورك هەرگیز سەرژمێریان نەکردوون، بۆیە لە سەرژمێریی ڕاستەقینەدا نەخراونە نێو ژمارەی لیستەکان.

---

[٥٠] واتە گوندە کوردنشینەکان.

[٥١] واتە ئەو خێڵە کوردانە کە گەرمێن و کوێستان ئەکەن و ڕەوەندن.

بۆم دەرکەوتووە ژمارەکانی ئاماری تورکی سەبارەت بە ژمارەی هەموو کورد، بە ڕادەی ٢٠-٤٠٪ لە ژمارەی ڕاستەقینەی کۆی کورد کەمترن‌و، ڕێژەی سەدیی کەمکردنەوەی ژمارەی کوردیش زۆر لە هیی ئەرمەن گەورەترە. دانیشتوانی بەشی سەرووی ویلایەتی (دیاربەکر)یش بەپێی لیستی ژمارە (١)ی تایبەت بە مەسەلەی ئەرمەن بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

٤٥٠٠٠ تورك

٥٥٠٠٠ تورك

١٠٥٠٠٠ ئەرمەن

٦٠٠٠٠ یەعقووبییەکان [٥٢]

٤٠٠٠ ئێزدی

سەرلەبەری ئەم ڕاپۆرتە هەر درۆیەکە وەستایانە هەڵبەستراوەو، دانیشتوانی غەیرە ئەرمەن بە کوردو تورك‌و قزڵباش‌و ئێزدی بەرچاوخراون. لە کاتێکدا ڕاست‌و دروست ئەو ناوە هیچ تورکێکی لێ نییەو، هەرچی قزڵباش‌و ئێزدیشن کوردی ڕەسەنن، بەتایبەتیش ئاماژە بۆ (سێر مارك سایکس) دەکەم کە حەوت هەزارو پێنجسەد میلی لەنێو کوردستاندا بڕیوەو گەڕاوە (بڕوانە: دوا میراتی خەلیفەکان، پاشکۆی خێڵە کوردەکان).

ئەرمەن ژمارەی کوردو تورك‌و قزڵباش‌و ئێزدییان کردووە بە (١٣١٠٠٠) کەس. ئەو لێکۆڵینەوە وردو پەسندانە کە کردوومن لە لایەکەوەو، ئاماری پشت بەستوو بە بەڵگەهێنانەوەی سەربەخۆ لەلایەکی دیکەوە، پێش جەنگ ژمارەی لانی کەم (٤٠٠٠٠٠) بەردەست دەخەن. ئەم ڕاپۆرتە بە شێوەیەکی

---

[٥٢] هەر دوا بەدوای ئەم ئامارە، دانیشتوانی غەیرە ئەرمەن بە کوردو تورك‌و قزڵباش‌و ئێزدی دانراون. بۆیە دەبێ (یەعقووبییەکان) هەڵەی چاپی دەقی ئەسڵی یا هیی وەرگێڕی عەرەبی یان مامۆستا عەبدولڕەقیب خۆی بێ‌و، ئەوە (قزڵباش) بێ. (س)

سەیر هاوجووتی ئەو ئامارەیە کە ساڵی ١٨٨٠ پاش پەیمانی بەرلین لەلایەن جان بیکەر (Gan Baker)و خوالێخۆشبوو سەعید پاشاو میناس ئەفەندیی یەکێك لە بڕوا پێکراوانی ئەرمەنەوە کراوە.

ئامارە ئەرمەنیەکان سەبارەت بە میللەتە مەسیحیەکان (واتە ئەرمەن‌و یەعقووبیەکان)[٥٣] زۆر ڕاست نین. ئەرمەن لیستێکی تەواویان ئامادەکردووە، ژمارەو دابەشبوونی ئەرمەن لە پێش جەنگدا پێشان دەدات‌و، ژمارەیان لەو ناوچە جێی باسەدا بە (١٧٨٠٠) ماڵ دادەنێت. ئەگەر ڕێ‌و شوێنی گشتی ڕەچاو بکەین‌و گریمان هەر ماڵێك پێنج کەسە، ئەوا کۆی میللەتی ئەرمەن دەبێتە (٨٩٠٠٠) کەس. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ژمارانە کە مەترانی سریان خستوونیە ڕوو، (٣٥٠٠) ماڵی یەعقووبی لەوێ هەبوون‌و، ژمارەی دانیشتوانیان (١٧٥٠٠) کەس بووە، نەك (٦٠٠٠٠) وەك بۆغۆس نۆبار گوتوویە. ڕاپۆرتی ڕۆژی ٢٣ی نیسانی ساڵی ١٩١٩ی ئەرکانی جەنگ لە (تفلیس) لەبارەی مەسەلەی سەربەخۆیی ئەرمەنەوە گوتوویە: (٣٠٠٠٠٠) ئەرمەن لە قۆقاز هەن چاوەڕوانن بگەڕێنەوە بۆ

---

[٥٣] بە دەرکەوتنی (یعقوب البردعي)ی پەتریرکی ڕەها (الرها- ئوورفە)، سریانیەکانی خۆرئاوا (دانیشتوانی سووریاو فەلەستین)و میسرییەکان زیاتر باوەڕیان بە یەك سروشت هێنا، باوەڕەکە بەم پێیە بەناوی ئەوەوە ناونراو پێڕەوانیشی ناونران (یەعقووبی). ئەم باوەڕە بە هاتنی سەدەی شەشەمی زاین لەنێوان ئەرمەنی وڵاتی ئەرمەنساتان قیبتییەکانی میسرو حەبەشیەکانی وڵاتی حەبەشەدا بڵاوبووەوە. ئەرمەن پەتریرکێکیان بۆ خۆیان دانا، بەڵام سریانیەکانی خۆرئاوا ئەنتاکیەیان کردە کورسیی پەتریرکی خۆیان. پاشان لە سەرەتای سەدەی یازدەیەمدا گواستیانەوە بۆ دیاربەکرو ئەمجا (دیر الزعفران)ی نێزیك بە ماردین. بەم جۆرە سەرپاکی سریان لە کڵێسەی کاتۆلیکی هەڵبڕان‌و بوون بە دوو بەش: بەشی سریانی خۆرئاواو بەشی نەستووری کە کورسیی پەتریرکەکەیان لە مەدائین بوو. یەعقووبیەکان باوەڕیان بەو پەتریرکەی سریانە کە دانیشتووی (دیر الزعفران)ـەو ناسناوی پەتریرکی ئەنتاکیەیە. گەلێك لە یەعقووبیەکان لە نزیکی ماردین دادەنیشن.

ئەرمینیای تورکیا. پێدەچێ ئەم ژمارەیە لە سەرچاوەیەکی ئەرمەنییەوە وەرگیرابێ.

کۆمسیۆنی ئەمریکایی بۆ فریاکەوتنی خۆرهەڵاتی نزیک AMERICAN COMMISSION OF REBILF TO THE NEAR EAST[٥٤] لە ئەستەمبووڵ هەموو نووسراوە پارێزراوەکانی لە (٢٢) بیست و دوو (بەرگ؟)دا خستە بەردەستم. گشت ئەو ڕاپۆرتانە کە لە لقەکانی فریاکەوتنی ئەمریکاییەوە لە قۆقاز هاتبوون، بە مێژوویانەوە وردم کردنەوەو سێ ڕاپۆرتم سەبارەت بە ژمارەی ئەرمەنەکانی تورکیا کە لە قۆقازن و بەتەمان بێنەوە، لە هەموویاندا بینی. ژمارەکان بەم شێوەیە بوون: (٢٦٣٠٠٠)، (١٢٠٠٠٠)، (١٠٠٠٠٠). ئەمەیش ژمارەیەکی ناوەندیی (١٦١٠٠٠)کەسی* یا نێزیکەی نیوەی ئەو ژمارەیە کە ئەرمەنەکان خۆیان لافیان پێوە لێدەدا ، بەردەست دەخات. ڕاپۆرتێکی دیکەیش هەیە دەریدەخات چۆن ئەرمەن خەرجیی (٦٠٠٠٠) کۆچەری خۆیانیان لە (ویلادی ویستۆق) دەکێشا. کاتێك تاقمێکی فریاکەوتنی ئەمریکایی نێردرایە لایان، بۆی ڕوون بووەوە ئەوانە کە دەبوو بگەڕێنەوە تەنیا (١٢٠٠) کەس بوون. ئەم زانیاریانە لەبەر ناڕاستیی ئامارە ئەرمەنیەکان، گەلێك نموونەی ڕاستترو دروستتر پێشان دەدەن.

---

(٥٤) مادامێکی کۆمسیۆنەکە بۆ فریاکەوتنە، دەبێ ئەو وشەیەی (REBILF) هەڵەی یا دەقی ئەسڵی یا وەرگێڕی عەرەبی یا مامۆستا عەبدولڕەقیب خۆی بێ و ڕاستیەکەی (RELIFE)بێ کە ئەو مانایەی هەیە. (س)

* یەکێکی کۆمسیۆنی لۆرد Mayer کە تا مارتی ١٩١٨ لە قۆقاز بووە، گوتوویە: تێکڕا ٢٠٠ هەزار ئاوارەی ئەرمەنی تورکیا لەو ناوە بوون و ژمارەیەکی زۆریان لێ مردووە.

**١٤- سەرژمێریی هەردوو نەتەوەی کوردو ئەرمەن لەو ناوچە کوردنشینانەدا کە ئەرمەن لافی ئەوە لێدەدات پارچەیەکی ئەرمینیای گەورەن:**

ئەم ناوچە جێی باسە لە نەخشەی پاشکۆی ئەم ڕاپۆرتەدا بە ڕەنگی ئاوی دەرخراوەو، کەمو زۆر لە ویلایەتەکانی دیاربەکر (نیوەی باکوور)و مەعمورەت ئەلعەزیزو بدلیسو وان پێکهاتووەو، نزیکەی ٨٠٪ی ناوچەکە دەگرێتەوە.

تا ئێستا دەرفەتم نەبوە سەر لە سێ ویلایەتەکەی دوایییان بدەم. زانیاریەکانی سەرەوەو هەمان لێکۆڵینەوەی وردو درێژ کە لەسەر ویلایەتی (دیاربەکر) کردوومەو دەرمخستووە ژمارە بەرچاوخراوەکان کە لە مەسەلەی دیاربەکردا ساختەن، بنچینەیەکی باشن بۆ گومان پەیداکردن لەوە کە ئەرمەن ڕاستیەکانیان لە مەسەلەی ئەم سێ ویلایەتەی دواییدا بە ئەنقەستو تەواو گۆڕیوە.

ئەم خشتەیەی خوارەوە لە چەند سەرچاوەیەکی جیاجیاوە وەرگیراوەو، ژمارەی دانیشتوانی ویلایەتی (وان) بەدەستەوە دەدات:

| | ئاماری تورکی | مەزەندەی ئەرمەن | ئاماری فەرەنسەیی | Cuinet Sfigure [(٥٥)] | ڕادەی ناوەند |
|---|---|---|---|---|---|
| تورك | ١٩٠٥ | ٤٧٠٠٠ | ١٨٩٧ | | |
| کورد | ١٧٠٠٠٠ | ٥٥٠٠٠ | ٤١٠٠٠ | ٢٤٧٠٠٠ | ١٩٦٠٠٠ |
| ئەرمەن | ٦٨٠٠٠ | ١٨٠٠٠ | ٨٠٠٠٠ | ٨٠٠٠٠ | ١٠٣٠٠٠ |
| میللەتانی دیکە | ١٢٠٠٠ | ٤٦٠٠٠ | ١٠٩٠٠٠ | ٩٨٠٠٠ | ٦٦٠٠٠ |
| کۆ | ٢٥٠٠٠٠ | ١٦٦٠٠٠ | ٢٠٣٠٠٠ | ٢٢٥٠٠٠ | ٣٦٥٠٠٠ |

(٥٥) ئەمە ڕێنووسەکەی هەڵەیەو دەبێ (Cuinets Figure) بێ کە مەبەست پێی ژمارەکەی (Cuinet)ە. (س)

ڕادەی ناوەندی هەرچوار سەرچاوە جیاوازەکان لە پێنجەم ستووندا دراوەو، دەکرێت وەك نێزیکترین ڕێگا بۆ گەیشتن بە ڕاستی سەرنجی بدەین، لە کاتێکدا گەلێك بەڵگەی ڕاستەقینەو سوودبەخشی تێدا هەن.

(١٩٦٠٠٠) کوردو تورکی (مەعموورەت ئەلعەزیزو بدلیس و وان)یش کەمو زۆر (١٨٠٠٠٠)یان کوردن. ئەم ژمارەیە پشتی بەو بەڵگانە بەستووە کە ئەرکانی گشتیی جەنگیی ڕووسیا لە (تفلیس) ئامادەی کردوون. وەختێك هەمان ڕێو شوێن بۆ هەردوو ویلایەتی بدلیس و مەعموورەت ئەلعەزیز پێڕەو دەکەین، ئەم ئەنجامانەی خوارەوەمان دەست دەکەوێ:

| | ئاماری تورکی | مەزەندەی ئەرمەن | ئاماری ڕەسمیی فەڕەنسەیی | Cuinet Sstatsioal Record[٥٦] | ڕادەی ناوەند |
|---|---|---|---|---|---|
| تورك | ٣١٠٠٠٠ | ٤٠٠٠٠ | ٢٥٤٠٠٠ | ٢٥٧٠٠٠ | ٢٣٨٠٠٠ |
| کورد | | ١٣٢٠٠٠ | | | |
| ئەرمەن | ١١٩٠٠٠ | ١٨٠٠٠٠ | ١٣١٠٠٠ | ١٣٤٠٠٠ | ١٤١٠٠٠ |
| میللەتانی دیکە | ٨٠٠٠ | ٣٠٠٠٠ | ١٣٠٠٠ | ٩٠٠٠ | ١٥٠٠٠ |
| کۆ | ٤٣٧٠٠٠ | ٣٨٢٠٠٠ | ٣٩٨٠٠٠ | ٤٠٠٠٠٠ | ٢٩٤٠٠٠ |

پشت ئەستوور بە بەڵگە ئامادەکراوەکان لەلایەن ئەرکانی گشتیی جەنگی ڕووسیاوە، لەو (٢٣٨٠٠٠) تورك و کوردە (٢٣٠٠٠٠)یان کوردن.

ویلایەتی مەعموورەت ئەلعەزیز:

---

[٥٦] هەڵەیەو دەبێ (Cuinets Statistical Record)بێ کە تۆماری ئاماری Cuinetدەگەیەنێ. (س)

| | ئاماری تورکی | مەزندەی ئەرمەن | ئاماری ڕەسمیی فەرەنسەیی | Cuinet[٥٧] SBAAK | ڕادەی ناوەند |
|---|---|---|---|---|---|
| تورك | ١٠٢٠٠٠ | ٤٤٦٠٠٠ | | | |
| کورد | | ١٧٥٠٠٠ | ٥٠٥٠٠٠ | ٥٠٤٠٠٠ | ٤٣٣٠٠٠ |
| ئەرمەن | ٨٨٠٠٠ | ١٦٨٠٠٠ | ٧٠٠٠٠ | ٦٩٠٠٠ | ٩٩٠٠٠ |
| میللەتانی دیکە | ٤٠٠٠ | ٥٠٠٠ | ١٠٠٠ | ٤٧٠٠٠ | ٣٠٠٠ |
| کۆ | ٥٢٨٠٠٠ | ٤٥٠٠٠٠ | ٥٧٦٠٠٠ | ٦٢٠٠٠٠ | ٥٣٥٠٠٠ |

ئەستەمە بزانین ژمارەی کورد لەچاو تورکدا چەندە. بەڵام دەکرێت وای دابنێین تورك لە شارۆچکەکانی بەشی خۆرئاوای ویلایەتدایە. هەرچۆنێك بێ لەوانە نییە لە کۆی (٤٣٣٠٠٠) کەسدا زیاتر لە (١٠٠٠٠٠) تورك هەبێ.

ویلایەتەکانی بدلیس و وان و دیاربەکرو مەعموورەت ئەلعەزیز نزیکەی ٨٠٪ی ئەو ناوچانە دەگرنەوە کە میللەتی کوردیان تێدا زۆربەیەو، ئەرمەن لافی ئەوە لێدەدات بەشێکی ئەرمینیای گەورەن. ئەگەر کۆنگرەی ئاشتی خواستەکانی ئەرمەن بەجێ بهێنێ، مانای وایە (١١٤٣٠٠٠) کورد ملکەچی (٤٣٠٠٠) ئەرمەن دەکات.

ئەوی ڕاستی بێ ئەم ژمارانە پێش جەنگ دانراون و نەتەوەی سەربەخۆی ئەرمەن تەنانەت کاتی گەڕانەوەی ئاوارەکانیش بە دەگمەن دەگاتە (١٠٠٠٠) کەس. ئەرمەن داوادەکەن دنیا گوێی لە دەنگی زیندووو مردووی ئەوان بێ. ئەمە دوژمنایەتییەکی قووڵی تورکانی سەبەبکاری بنەڕەتی کوشتارەکانە. وێڕای ئەوە، ئەم بەڵگەیە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە بەرانبەر بە کورد هێزو پێزی نامێنێ:

---

(٥٧) هەڵەیەو، دەبێ بەشی یەکەمی Cuinets بێ و، (BAAK)یش دەبێ (BAKER)بێ کە پێشتر ئاماژە بۆ ئامارەکەی کراوە. (س)

٤- کردەوەی توندڕەوانەی ئەرمەن دژ بە نەتەوەی کورد لە سێبەری مۆسکۆدا، ئاکامەکەی لەدەستدانی ژیانی خەڵکێکی زۆر بوو. بەو هۆیەوە بگرە میللەتی کوردیش بە گشتی تووشی زیانێکی قورس بوو زەحمەتە نکوولی لەمە بکرێت. من هەموو ئەو ناوچانەم بەچاوی خۆم دیوە کە خەڵکە کوردەکەیان لەنێو برابوون.

٢- ناکرێت بەرپرسیی کوشتارەکان یان جێبەجێکردنیان بخرێتە ملی کورد، بەڵکە تورك بەتایبەت بەدەستڕۆیی و تەنگەتاوکردن توانیویە تەنیا لە هێندێك مەسەلەدا کار لە کورد بکات و لە خشتەی ببات. وەختێکیش دەنووکی کەس بەسەر کوردەوە نەبوو، لەجیاتیی ئەوەی بیێتە بکوژی مەسیحیەکان، بووە هاوڕێیان. ئەرمەن خۆیان دان بەوەدا دەنێن. حکوومەتی پاشای خاوەنشکۆ[٥٨] بە ڕاگەیاندنی لێبوردنی گشتی لە کورد کارێکی جیاوازی کردووە[٥٩].

## ١٥-مەترسیی هاوکاریکردنی سیاسەتێك کە لە قازانجی کۆمسیۆنی ئەمریکاییی نێو کوردستاندایە:

ئێستا ژمارەیەکی کەمی ئەفسەرانی بەریتانیا لە ناوچەکەدا زانیاریی حازر بە دەستیان لەسەر کەسانی (خۆ بە نەتەوەیی؟) پێشانداو هەیە. بۆیە ئارەزوویەکی ئاسایی و سەرەتایی شك دەبەن تا بە دەستی خۆیان سیاسەتێك دابڕێژن.

دکتۆر USHER بەر لەمە پرۆژەیەکی لە (وان)ـەوە بڵاوکردەوە سەبارەت بە هێنانەوەی ئاوارەکان کە پێناچێ زۆر ئەنجامی سیاسیی هەبن. ناوبراو

---

[٥٨] واتە حکوومەتی بەریتانیا.

[٥٩] مامۆستا عەبدولڕەقیب لێرەوە لە پەراوێزدا سەرژمێری خێڵە کوردەکانی ویلایەتەکانی مەعموورەت ئەلعەزیزو دیاربەکرو وان و بدلیسی لە بیرەوەریەکاتی خۆی- بە ئینگلیزی چاپکراوەکەی نۆئێل وەرگرتووەو پێشانی داوە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو ئامارانە لە ((یادداشتەکانیمەیجەر نۆئێل لە کوردستان)) دا بڵاوبوونەتەوە، پێویست نەزانرا بنووسرێتەوە. (س)

سەری لە (پاریس) داوەو، بیروڕاکانیی- بە کەمێك سەرکەوتنەوە- خستووەتە بەردەم کۆنگرەی ئاشتی. خاڵێکی گرنگی پلانەکەی دکتۆر USHER دامەزراندنی چەند فەرمانبەرێکی ئینگلیزە بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی بەرنامەکەی. بەم پێیە داواکراوە حکوومەتی پاشای خاوەنشکۆ بەشداریی سیاسەتێکی ئەمریکایی بکات. سەرباری ئەوە، ئێمە پشتبەستوو بە بەرژەوەندەکانمان لە خۆرهەڵاتی نزیکدا زۆر بە دووری دەزانین هاوبەشیی تێدا بکەین، چونکە ڕوون و ئاشکرا ناشێت لە ئاستی چۆنێتیی چارەسەرکردنی مەسەلەی ئەرمەن- کورددا بێلایەن بین، بەتایبەتی بەرامبەر بەچارەسەرێك کە بەرژەوەندی کۆمسیۆنەکە هەرچۆنێك بووبێ کاری تێکردووە. ڕەنگە ڕێگە چارەیەکی باش نەبێ کە کۆمسیۆنەکان دژایەتیی شێوەی بنچینەیی حوکمکردنی بەریتانیا لە مەملەکەتە ئیسلامیەکاندا دەکەن. نووسراوە خوێندراوەکانی یەکەمین کۆنگرەی ساڵی ۱۹۰٦ی کۆمسیۆن لە قاهیرە کە دەستەی کۆمەڵایەتیی محەمەدی خەرجیی کێشاوە، بەم چەند بڕگەیە زۆر بە باشی هەڵوێستیان لەم مەسەلەیەدا دەخاتە ڕوو:

ئیسلام لە ئێران:

لە لایەن[٦٠] Rew. Ue.ST. DAIR TISDALL

((حاڵی حازر ئارەزوویەك بۆ ئیسلامەتی لە گۆڕێدایەو، سەرپێچییەکی ئاشکراو زیاتری مەزەبە نامەسیحیەکانی دیکە دەکرێت. ئەوە لەنێو خەڵکی ئینگلتەرەدا بەرچاو دەکەوێ و یارمەتیی ئیش وکارمان نادات لە ئێران)).

---

[٦٠] (Rew) دەبێ هەڵەبێ و ڕاستتر کورتکراوەی ئینگلیزیی (.Res) بێ کە دەکاتە (Researcher)واتە توێژەرەوە. هەرچی ناوە ئینگلیزیەکانی ئەم بەشەیشە، لێرە بەدواوە وەکوو خۆیان ڕوونووسکراونەتەوەو لە ڕاستییان دڵنیا نیم. (س)

ئیسلام لە بلووجستان:

لەلایەن Rew. A. DIUN CAN DIREY

((ئەوی ڕاستی بێ حکوومەت لە مەسەلەی ئایندا بێلایەنە، بەڵام جاروبار وا پێدەچێ نوێنەرەکان (فەرمانبەران) بە دەستگیرۆییی ئەو قوتابخانانە کە قورئانیان تێدا دەخوێنرێت، پشتی ئیسلام بگرن)).

ئیسلام لە سۆمەترە:

لەلایەن Rew. V.H. SLMAN

((دەتوانین ئەوە بە ڕوونی لە ئیشوکاری کۆمسیۆندا ببینین تا بۆ حکوومەتە کۆلۆنیالیستەکانی ئاشکرا بکەین کە موسڵمانان بڕای بڕ نابنە دەستو پێوەندی ملکەچی حکوومەتە مەسیحیەکان. هەستی خۆ بە موسڵمان زانین وەك هێزێکی شارستانی لە ئارادایەو، بە هیچ شێوەیەك لەبن نایێت. وادیارە دەسەڵاتدارانیش بۆیان ساخ نەبووبێتەوە کە ئەوان مارنو لە ملیان ئاڵاون)).

ئیسلام لە میسر:

لەلایەن Rew. ANDRE VE VEASIAN

((من لەوە ناپرینگێمەوە بڵێم: داگیرکاریی بەریتانیا لەبریی ئەوەی ئیسلام بێهێز بکات، بەهێزی کردووە. ڕاستیەکەی نوێنەری حکوومەتی بەریتانیا دەسەڵاتی باڵایە، بەڵام بەزۆری وا دێتە بەرچاوی دەرەوە کە ئەو بە تایبەتی بەتەنگ بەرژەوەندی موسڵمانانەوەیە)).

ئیسلام لە ئاسیا:

لە لایەن Rew. S.M. RJWEMER

((بارو دۆخی حکوومەت لە (عەدەن) یاریدەدەری کۆمسیۆنە مەسیحیەکان نییە)).

ئەم بڕگانە ئاشکرا جیاوازیی نێوان هەم هەڵوێستی ئینگلیز بەرامبەر بەرژەوەندەکانی ئیسلامو مەسیحیەکانو، هەم تێڕوانینی کۆمسیۆنەکانو ئەو جۆرە هەڵوێستە کە گەرەکیانە، ڕوون دەکەنەوە. دکتۆر USHER هاوسۆزییەکی زۆر بەتینی دەرهەق بە ئەرمەن هەیەو، پێی وایە لەبەر ئەوەی ئەرمەن مەسیحییە، بە هەموو شێوەیەك لە کوردی موسڵمان باڵادەستترە. لە کاتێکدا زۆرینەی گەڕیدە ئینگلیزەکان زۆر لە مەسەلەی ئاینەوە دوورن.

کورد وەك سەرنج دەدەین مرۆڤێکی لە ئەرمەن چاکترە. ناوبراو لەبەر هەمان هۆ بیر لە پێویستیی برەوپێدانی پەروەردەی ئەرمەنیو هاندانی دەرکەوتە نەتەوەییەکانی کورد دەکاتەوە. ئەوەتا بە ڕاشکاوی دەڵێت: دەشێت کورد بکرێتە مەسیحی، بەمەرجێك بەشێك لە حکوومەتی ئەرمینیا پێك بهێنن.

من بەرچاوی دەخەم کە بەشداریی حکوومەتی پاشای خاوەنشکۆ لەم چەشنە سیاسەتەدا، بە هەر شێوەیەك بێ، بۆی دەبێتە هەڵەیەکی کوشندە.

### ١٦- کوردستانی عەجەم:

ئەو پارچە خاکەی سەر سنووری خۆرئاوای ئێران کە درێژیی نزیکەی (٣٠٠) میلو پانیی (٥٠-١٠٠) میلە، زۆربەی دانیشتوانی کوردە. ژمارەی دانیشتووی ئەو بەشە بە جیاجیا بە ملیۆنێك تا دوو ملیۆن مەزەندە کراوە. نیوەی باکووری سوننیو باشووریشی شیعەی تێدا نیشتەجێیە. سوننیەکان لەو شیعانە پتر کە ڕادەیەکی زۆری ڕەوشتو نەریتی هاوئاینە ئێرانیەکانیان وەرگرتووە، پێوەندییان بە کوردی دیکەوە هەیە. ئێرانیەکان وەك ئەوروپاییەکانن، پێوەندییەکی لە هیی تورك چاکتریان لەگەڵ کورددا هەیە. ئەگەر دان بە ئاواتە نەتەوەییەکانی کورددا نەنرێت، لەوانەیە ئەم

سالآنەی دوایی له ڕووی سیاسییەوە ڕووبکەنە عەجەمو ببنە لایەنگرێکی شێلگیری ئەوان.

جووڵانەوەیەکی بەهێزی جۆش سەندنی هەستی نەتەوەیی، پاش ئاگر بەستو لە ئەنجامی بووژانەوەی هەستی نەتەوەییدا، لە کوردستانی عەجەمدا سەری هەڵداو، گەلێك کورد بۆ وەرگرتنی دەرسی (فیدراسیۆنی کورد) سلێمانی‌یان بە جێهێشتو چوونە عەجەمستان. کورد لە بەهاردا هێرشیان بردە سەر حاکمی گشتیی ئێران له (سەحنە). لەگەڵ ئەوەیشدا، ڕەنگە ئەم جووڵانەوەیە زیاتر ئاژاوەگێڕانە بووبێ نەك نەتەوەیی. (سمکۆ)ی سەرۆکی ناوداری (شوکاك) لای باکوور (ورمێ)ی داگیرکردو حاکمە ئێرانیەکەی دەرپەڕاند. سەید تەهای نەوەی ئەو عوبەیدوڵڵایە بەناوبانگە کە ساڵی ١٨٨٦ سەرکردەیی هەزاران کوردی کردووە و پەلاماری عەجەمی داوە[٦١] ، مانگی مایس لە بەغدا سەری لە حاکمی گشتیی شاهانە داو، دنەی دا بۆ یەکخستنی کوردستان بەمەرجێك سەرجەم کوردی ئێستای عەجەمستانی تێدا جێ بکرێتەوەو، پێی گوت: پێویستە سەروبەندی ڕووداوە ئاساییەکان لە عەجەم جوێ ببنەوە، تەنانەت ئەگەر ئێوەش بەرهەڵستیی‌ئەوە بکەن. مانگی تەمووز ئاگاداری کردینەوە کە پێدەچێ کوردی ناوچەکانی باکووری ڕەواندز بڕیاریان دابێ بچنە پاڵ (ورمێ). دەریشکەوتووە هەر کۆششێکی ئێمە بۆ یارمەتیدانی حکوومەتی ئێران، کارێکی خراپ دەکاتە سەر پێوەندیمان لەگەڵ کورددا بە درێژاییی بەشی باکووری عێراق. جووڵانەوەی ئێستای یەکبوونی نەتەوەیی لە بەشی

---

[٦١] ئەو ساڵە هەڵەیەو شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ساڵی ١٨٨٠ پەلاماری ئێرانی داوە (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دوکتۆر جەلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠، وەرگێڕ لە ڕووسی‌یەوە دوکتۆر کاوس قەفتان، بەغدا، ١٩٨٧). (س)

باکووری کوردستانی عەجەمدا بزاوتێکی خۆکردو لەسەر بناغەیەکی پتەوی ئابووریو نەتەوەیی دامەزراوە.

بە پێچەوانەیشەوە، دەسەڵاتی ئێران لەسەر چەند بناغەیەکی نائاسایی ڕۆنراوەو، دەبێ هەوڵی کۆمەککردنی نەدەین. بۆ ئەوەی هەوڵێکی ئاوایش کاریگەر بێ، دەبێ هەمیشەیی بێو دەری بخات کە ئێمە پێ لەسەر پێوەندیی دۆستانەمان لەگەڵ کورددا بە گشتیی دادەگرین.

حاکمی گشتیی شاهانە لە بەغدا لە برووسکەی ژمارە (٦٦٦٦)ی ڕۆژی ١٣ی حوزەیرانی ١٩١٩یدا پێشنیار دەکات ناوچەکانی زاخۆو هەولێرو ئاکرێو کۆیسنجەقو سلێمانی بخرێنە سەر عێراق[٦٢]، سا یا لەبەر بایەخی جەنگیو ئابوورییان بۆ عێراق، یان چونکە خەڵکەکەیان قایل نین بچنە پاڵ حکوومەتێکی کوردی. کورد دەڵێن ئەو ناوچە ناوبراوانە زۆربەی

---

[٦٢] (ویلسن)ی حاکمی بەریتانیا لە بەغدا کە دوژمنی خوێنەخۆی کوردو هەرە بەرهەڵستترین کەسی دژ بە دامەزراندنی دەوڵەتی کورد بووە، ئەو برووسکە ناوبراوەی بۆ سکرتێری وەزارەتی هیندستان لە لەندەن ناردووە (بەناونیشانی کوردستانەوە)و پێشنیاری کردووە: کوردستانی باشوور بە عێراقەوە بلکێنرێت. لەو برووسکەیەدا هاتووە: ((پێویستە سنوورەکانی تورکیا-ئێران لەبەر چەند هۆیەکی ئابووریو ستراتیژی زیاتر سنووری خۆرهەڵاتی ئەو ناوچانە بن کە بە خاوەنی زۆرینەیەکی کوردزمان دادەنرێن. جا بۆ ئەوەی ناوچەیەکی شاخاویی بسوود بۆ عێراق دابین بکرێتو پڕ دارستانو شیاوی پەرەپێدان بێ، وا باشترە سلێمانیو ڕانیەو کۆیسنجەق بخرێنە نێو ئیدارەی میزۆپۆتامیا. هەولێریش لەسەر خاڵێکی دامەزراندنی هێڵی ئاسنە بۆ مووسڵ، بۆیە پێویستە وەك ئاکرێ لە کوردستان بهێنرێتە دەرێ. هەروەها دەبێ ،هۆكو زاخۆ، نەك ئامێدی، بخرێنە سەر میزۆپۆتامیا. من بیردەکەمەوە دەبێ سنووری جوگرافییئەو ناوچەیە کە زۆربەی دانیشتوانی کوردە لە باکوری جزیرەو کەمێك باکووری نسێبینو باشووری ماردینو باکووری (رأس العین) بێ بەنێو هێڵی پانیی (٣٧)دا بۆ پیرەجكو فورات. ئەمجا ـێ بە پێی سنووری ویلایەتەکانی خەرپووت (مەعمورەت ئەلعەزیز)و بدلیس- وان بڕواتو، بەم شێوەیە ئەرزنجانو ئەرزڕۆم ڕیزپەڕ بکرێن)) (بڕوانە: جلال طالبانی، کردستان و الحرکة القومة الکردیة، ص٢٠٨) کە لە کتێبی (کردستان و الحرکة الوطنیة الکردیة)ی سەلاحەددین سەعدوڵڵای وەرگرتووە.

دانیشتوانیان کوردەو، بەپیتترین و دەوڵەمەندترین بەشی کوردستانن. ناوچەکانی دیکەی وەك - بۆ نموونە- طورعەبدین Turabdin توخمێکی زۆری غەیرە کوردیان تێدایەو یاقووبین، بەڵام کەمتر دەوڵەمەندن و لە ڕووی ئابوورییەوە بەکەڵکی عێراق نایێن و بە حکوومەتی کوردییەوە دەلکێنرێن. وێڕای ئەوە، ڕەنگە پێیان وابێ پێکهێنانی حکوومەتێکی جێگیر لە عێراقداو خۆتێکەڵکردنیان و سوودی ئابووریی دیکە کە پێویستە ئەم وڵاتە بەردەوام بەدەستی بهێنێ، تێکڕا کارێك دەکەن خەڵکی ئەو ناوچە پڕ بەروبوومانە کە زۆربەیان کوردن و پێشنیار کراوە کوردستانیان لێ بێبەش بکرێت، پلەو پایەیەکی جێگیریان پێ ببڕێت. قبووڵکردنی ئەم جۆرە سیاسەتە، دەریدەخات کارێکی پڕ کێشەو پەسند نەکراوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، دەکرێت ئەم ناوچانە بنکەیەکیان بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی جەنگی و ئابووری بۆ عێراق تێدا بدۆزرێتەوە، بەبێ ئەوەی هەرگیزاو هەرگیز دەرگا لەسەر ئاواتە ڕەواکانی کورد دابخرێت.

### ١٧- ئاشتیی پێشنیارکراو بۆ یەکخستنی خواستەکانی کوردو ئەرمەن:

ئەوی ڕاستی بێ گیروگرفتی بنچینەیی لەم کێشە بەرچاوخراوەدا ئەوەیە کە خواستەکانی ئەرمەن لەلایەن ئەورووپاو بەتایبەت ئینگلتەرەو ئەمریکاوە بەدەنگەوەهاتن و پێملبوون (التزام)ێکیان بە نسیب بووە، بە ڕادەیەك زۆر بوونەتە مایەی پێکەوە سازاندنی ڕاستییە مەنتیقیە نەگۆڕەکان و بە کردەوە تەسلیم بوون بەم خواستانە. بە واتایەکی دیکە، ڕێگەچارەکەی مستەر لۆرد Caca a press, Leryce[٦٣] چەسپاندنی حوکمکردنی ١٠ دە کوردە لە لایەن یەك ئەرمەنەوە.

---

[٦٣] لە ڕاستیی ئەم ناوە بە گومانم و بۆم ساغ نەکرایەوە. (س)

چارەسەری پێشنیارکراوی ئێستا وەك پێکهاتن (سولْحکردن) وایە. ئێمە لە ڕووی پرنسیپەوە دان بە خواستەکانی ئەرمەندا دەنێین، وەك چۆن دان بە خواستەکانی کوردیشدا دەنێین، بەلاّم بە فەرامۆشکردنی زاراوەی (ئەرمینیای گەورە)و خستنە بریی زاراوەی گونجاوی ویلایەتەکانی خۆرهەلاّت یا ئەرمینیاو کوردستان بەبێ دیاریکردنی سنووری هەریەکەیان هەتا دوا دەرفەت دەستنیشانکردنی پێوەندیی جوگرافیی نێوان کوردستان و ئەرمینیا بەپێی چەند بنچینەیەك بهێلْینەوە. ئەگەر بڕوانینە پەڕاگەندەییی خەلْك و وێرانیی مەملەکەتەکە، بۆمان دەردەکەوێ حالْ و باری ئێستای ئەرمەنستان و کوردستان جێگیر نییە. بەو پێیە دەبێ چەندین سالْ تێپەڕ بن، تاکوو ئەم دوو میللەتە جیاوازە نیشتەجێ بن و خۆ ڕێك بخەن و دۆخێکی نەگۆڕ بۆ خۆیان دابمەزرێنن بۆ ئەوەی زەمینە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی هەمیشەیی خۆش بکات.

جا بۆ ئەوەی بە ئاسانی یارمەتیی دامەزراندنی ئەم پڕۆژەیە بدەین و سەرلەنوێ و بە خێرایی ئەو دۆخە بگێڕینەوە، دەبێ هەر شەش ویلایەتەکانی خۆرهەلاّت بخرێنە بەر سایەی یەك ئینتیداب. پێویستە بۆ ئامادەکردنی ناوەندەکانی پەروەردەکردن و بواری پەرەپێدانی تەماعی پارەپەیداکردن و کارئاسانکردن بۆ میللەتە جیاجیاکان تا خۆ ڕێك بخەن، ئەوناوە لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە دابەش بکرێت و ببێتە سێ ویلایەت یا ناوچە: ناوچەی باشوور زۆربەی کوردەو، کەم و زۆر شوێنی کاری کۆمسیۆنەکە دەگرێتەوەو، لە نەخشەی پاشکۆی ئەم ڕاپۆرتەدا ئامازەی بۆ کراوە. ناوچەی ناوەڕاست وا پێویستە هەموو ئەو شوێنانە بگرێتەوە کە پێش جەنگ خەلْکانێکی هەمەجۆریان تێدا نیشتەجێ بوو بوو. ناوچەی باکوور دەبێ ئەو جێگایانە بگرێتەوە کە کوردیان تێدا نییە.

دەبێ هەر ناوچەیەك ئیدارەیەكی خۆجێیی و حكوومەتێكی سەربەخۆی هەبن و ملكەچی ناوەندێكی سەربەخۆ بێ كە لەوانەیە لە دەرەوەی ئەو شەش ویلایەتەدا بێ، ئەگەر نەتوانرا ئەوە لە چەند شوێنێكی ناوچەی ناوەڕاستدا جێبەجێ بكرێت. دەبێ بنچینەكانی ئیدارەی گشتیی بۆ هەرسێ ویلایەتەكە تێكڕا هاوبەش و ڕێكخراو بن، مەگەر وا پێویست بكات بۆ گونجاندنیان لەگەڵ خوو و ڕەوشتی نەتەوەییدا گۆڕانكارییان تێدا بكرێت. هەرچی هێڵی زێڕینی حكوومەتە، دەبێ بە شێوەیەكی كاتی دوابخرێت.

لەبەر ئەوەی داوو دەزگای جێگیریش لە ناوچەی ناوەڕاستدا هەن، پێویستە هەردوو زمانی ئەرمەنی و كوردی لە قوتابخانەكاندا بخوێندرێن و كارمەندی پێویست بۆ جەندرمە و خزمەتی مەدەنی بەپێی ژمارەی كورد و ئەرمەن وەربگیرێن. وا چاوەڕوان دەكرێت ئەم ڕێوشوێنانە تا بیست یا سێ ساڵی دیكە مەملەكەتەكە پێش بخەن و بنچینەی تەواو بەردەست بخەن بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر بارودۆخی سیاسیی داهاتووی میللەتە جیاجیاكانی ئەوێ بدرێت.

سەرەڕای ئەوە، دەبێ لەبیرمان نەچێ كە ئەم بەرنامەیە یەك ئینتیدابی گەرەكە، سوپایەكی داگیركەری لەپشت بێ. ئەگەر ئەم چارەسەرە سەری نەگرت، ئەوا دەبێ یەكێك لەو دوو ڕێگەچارەیە پەسند بكرێت كە كۆلۆنێل ویلسن لە برووسكەی ژمارە (٦٦٦٦)ی ڕۆژی ١٣ی حوزەیراندا پێشنیاری كردوون و بۆ سكرتێری حكوومەتی هیندستانی ڕەوانە كردووە. بەو بۆنەیەوە كە ئەمە بابەتەكەمانە، وا لە خوارەوە كورتەی ئەم دوو پێشنیارە پێشان دەدەین:

((وا پەسندە هەردوو ویلایەتی تەرابزوون و ئەرزڕۆم یەك حكوومەتی ئەرمەنییان لە سایەی ئەمریكادا لێ پێك بێت و، هەرچوار ویلایەتەكەی دیكەیش حكوومەتێكی كوردییان لە سایەی بەریتانیادا لێ پێك بێت. تاكە

ڕێگەچارەیش گێڕانەوەی دەسەڵاتی تورکیایە بۆ ئەو شەش ویلایەتە، لە سایەی هەر شێوە چاودێریکردنێکی ئەوروپادا بێ)).

ئەستەمبووڵ – ١٨ی جووڵای (تەمووز)ی ١٩١٩

**Major**

**E. Noel**

## سەرچاوەکان:

(ئەو سەرچاوانە کە بۆ ئامادەکردنی پەراوێزەکان بەکارهێنراون)

### ئـ/ کوردیەکان:


١- احمد خواجه، چیم دی،ب١، بەغدا، ١٩٦٨.

٢- دوکتۆر جەلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠، وەرگێڕ لە ڕووسی‌یەوە دوکتۆر کاوس قەفتان، بەغدا، ١٩٨٧.

٣- رفیق حلمی، یادداشت، بەشی یەکەم، ب١، چ٢ هەولێر، ١٩٨٨.

٤- ڕۆبەرت ئۆڵسن، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، ١٩٩٩.

٥- عبدالرقیب یوسف، کەرکووك مەڵبەندی ویلایەتی شارەزوور، گۆڤاری ((بابەگوڕگوڕ))، ژ١، ١٩٩٢.

٦- عبدالرەقیب یوسف، ئاینێ مەسیحی ل کوردستانێ، گۆڤاری ((دهـۆك))، دهۆك، ژ٤، ١٩٩٨.

٧- عەلی ئەصغەری شەمیمی هەمەدانی، جوگرافیای کوردستانی ئێران، وەرگێڕانی لە فارسییەوە عبدالرحمن محمد أمین زەبیحی، بەغدا، ١٩٨٠.

٨- یادداشتەکانی مەیجەر نۆئێل، وەرگێڕانی حسێن احمد جاف و حسێن نێرگسەجاڕی، بەغدا، ١٩٨٤.

٩- کورد لای بێگانە، گۆڤاری ((ڕۆژی نوێ))، سلێمانی، ژ ٥، ئابی ١٩٦١.


### ب/ عەرەبییەکان:


١- الدکتور أحمد عثمان أبوبکر، کردستان في عهد السلام، القسم ١٢، مجلة (الثقافة) البغدادية، العددان ١١-١٢، تشرين الثاني- كانون الأول ١٩٨٠.

٢- سر أرنلد تي. ويلسون، بلاد ما بين النهرين بين ولاءين، ج٢، ترجمة فؤاد جميل، بغداد، ١٩٩٢.

٣- أي. أم. هاملتون، طريق في كردستان، ترجمة جرجيس فتح الله، بغداد، ١٩٧٣.

٤- المس بيل، فصول من تأريخ العراق القريب، ط٢، ترجمة جعفر الخياط، بيروت، ١٩٧١.
٥- توما أسقف المرج، كتاب الرؤساء، ترجمه من السريانية البيرت البير أبونا، الموصل، ١٩٦٦.
٦- جلال طالباني، كردستان و الحركة القومية الكردية، ط٢، بيروت، آذار ١٩٧١.
٧- جليلي جليل، نهضة الأكراد الثقافية و القومية/ نهاية القرن التاسع عشر بداية القرن العشرين، ط١، بلا، ١٩٨٤.
٨- دافيد كورن، رجلان أقحما الأكراد بالعراق/ مناورات كوكس- ولسون، ترجمة حميد عبدالملك، الحلقة ((٤))، جريدة ((الاتحاد))، السليمانية،العدد ٣٢٦، ١٩٩٩/٧/٩.
٩- سي. جي. أدموندز، كرد و ترك و عرب، ترجمة جرجيس فتح الله، بغداد، ١٩٧١.
١٠- شكري محمود نديم، الجيش الروسي في حرب العراق ١٩١٤-١٩١٧، ط٣، بغداد، ١٩٧٤.
١١- الدكتور فاضل حسين، مشكلة الموصل، ط٢، بغداد، ١٩٦٧.
١٢- قلقشندي، صبح الأعشى، ج٢.
١٣- محمد أمين ذكي، خلاصة التأريخ الكرد و كردستان،ج١، ط٢، بغداد، ١٩٦١.
١٤- محمد ظاهر العمري، تأريخ مقدرات العراق السياسية، ج٢.
١٥- دبليو. آر. هي، سنتان في كردستان، ج١، ترجمة فؤاد جميل، بغداد، ١٩٧٣.
١٦- المنجد في الأعلام، ط٩.